www.pertwk.com

# سێ شانۆ نامە

نووسینی
جان کۆکتۆ
ئۆین ج. ئارنۆ
میشێل دی. ئۆنامۆنۆ

وەرگێڕانی
هەورامان قانع

www.pertwk.com

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی رۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان**

www.roshnbiri.org
khanaywargeran@yahoo.com

- ناوی کتێب: سێ شانۆ نامە
- نووسینی: جان کوکتۆ / ئۆین ج. ئارنۆ/ مێشێل دی. ئۆنامۆنۆ
- وەرگێڕانی : هەورامان قانع
- نەخشەسازیی بەرگ: نازەنین ساڵح
- نەخشەسازیی کۆمپیوتەر: جیهان مەحەمەد
- چاپ: چاپخانەی تیشک
- زنجیرە: 34
- تیراژ: 1000 دانە
- ژمارەی سپاردنی ( 33 )ی ساڵی( 2004 )ی وەزارەتی رۆشنبیریی پێدراوە

www.pertwk.com

# شانۆنامەی
# بازە دوو سەرەکە

نوسینی: جان کۆکتۆ

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
هەورامان وریا قانیع

2004

**کەسێتیەکانی شانۆنامەکە**

**شاژن**: تەمەنی بیست و نۆ ساڵە

**ئەدیس**: (قەرەواشەی–وصیفة– شاژنە) تەمەنی بیست و پێنج ساڵە

**ستانیسلاس**: (شاعیر) تەمەنی بیست و سێ ساڵە

**دۆق ولینستاین**: (ئێشککگری شاژن) تەمەنی سی و شەش ساڵە

**بارۆن فۆهن**: (سەرۆکی پۆلیس) تەمەنی چل ساڵە

**تۆنی**: (نۆکەری شاژنە– قولێکی کەڕ و لاڵە) تەمەنی پەنجا ساڵە

ئەو تراژیدیایەی لە قەڵای کرانتزدا ڕویدا, تا هەتاهەتایە وەک نهێنییەکی بێچارەسەر دەمێنێتەوە. بکوژەکە چۆن گەشتە ژووری شاژن؟.. ئەم بکوژە چ هەڕەشەیەکی بەکارهێنا تاکو توانی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەگەڵ شاژندا بمێنێتەوە؟

شاژن بە کەوتوویی لەسەرەوەی ئەو پلیکانەیەی کە دەچێتە نێو بەلەکۆنەکەوە دەدۆزرێتەوە و خەنجەرێکیش چەقیوەتە پشتی, جلوبەرگی سواربونی ئەسپی لەبەردایە و خەریک بووە بچێتە نێو بەلەکۆنەکەوە تاکو سەلامێک لە پاسەوانەکانی بکات, ئەمەش یەکەم جار بووە کە ڕوخساری شاژن بە "سفوری" و بەبێ لەچک دەرکەوێت, بکوژەکەش لە خوارەوەی پلیکانەکەدا درێژ بووە و دەرمانخوارد کراوە.

ئەم تراژیدیایە دەکرێ بە ڕێگای جۆراوجۆر لێکبدرێتەوە.. دەکرێ لە رووی مێژویی, یاخود سیاسی, یان شیعری, یاخود سۆزەوە, تەنانەت دەکرێ لە رووی زانستیشەوە لێکبدرێتەوە, لێکدانەوەکانیش لە هەموو حاڵەتەکاندا راست و درووستە.



## بەشی یەکەم

ژوری نوستنی شاژن لە قەڵاکەیدا. واتە لە ژورێ لە ژورە بێشومارەکانی نوستنی و لە قەڵایەك لە قەڵاکانیدا, لەبەر ئەوەی شاژن لە قەڵایەکەوە دەچێتە قەڵایەکی دیکە, بۆیە لە هیچ شوێنێکی نوستنیدا دوو شەو لەسەر یەك ناخەوێت, بەڵام ئەم ژوری نوستنەی لە قەڵای کرانتزە و ژورێکی قەبەیە و لەناوەڕاستەکەیدا شوێنێکی نوستنی لێیە. لەلای ڕاستی شوێنی نوستنەکەوە پەنجەرەیەکی گەورە هەیە کە لێیەوە درەختەکانی نێو باخچەکە دەردەکەون. ئاوێنەکان بە پارچە قوماشێکی ڕەش داپۆشراون. لەلای چەپی شوێنی نوستنەکەوە وێنەیەکی گەورەی پاشا بە قەبارەیەکی ئاسایی هەیە و لەلای چەپی ئەم وێنەیەوە ئاگردانێك هەیە کە ئاگری تێداکراوەتەوە و سێبەری ئاگرەکە لەنێو ژورەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. لەلای ڕاستیشەوە دەرگایەکی دوو ڕویی هەیە.

کات شەوە. ژورەکە بە مۆم ڕوناککراوەتەوە. نزیك ئاگردانەکە مێزێکی بچکۆلانەی لێیە کە ئامادەکراوە بۆ ئێوارە خوانێکی دووکەسی. لەسەر مێزەکە پەردەیەکی سپی ڕاخراوە, مۆمدانێکی زیوی, پەرداخی خواردنەوە, شوشەیەك شەراب کە لە نێو سوراحییەکی سەهۆڵدایە لەسەر مێزەکە دانراون, "دەسەسڕێك" پێچراوە بەدەمی شوشە شەرابەکەوە. تاقە خواردنێك کە لەسەر مێزەکەیە بریتییە لە قاپێ هەنگوین و نانێکی جۆ و, پەنیر و, هێشوێك ترێی ڕەش. وێنەیەکی پاشا بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە, ئەم وێنەیە دەرگایەکی نهێنی داپۆشیوە کە لە دیوارەکەدایەو شاژن بۆ هاتنە نێو ژورەکەیەوە بەکاریدەهێنێت.

کاتێ پەردە هەڵدەدرێتەوە, دەنگی هەورەگرمەیەك کە لە دوورەوە دێت, دەبیسترێ. ئەدیس دی برج خەریکی دانانی مۆمدانێکی دیکەیە

www.pertwk.com

لەسەر مێزەکە و تەماشای فیلکس "دۆق ولینستاین" دەکات, کە سەرقاڵی ئامادەکردنی ئاگری نێو ئاگردانەکەیە, ئەدیس کراسێکی جوانی ئاهەنگی شەوانەی لەبەردایە, فیلکس لە جلوبەرگی ڕەسمیدایە و, کۆتەرە دار دەخاتە نێو ئاگردانەکەوە, یەکێك لە کۆتەرە دارەکانی لێبەردەبێتەوەو دەکەوێتە دەرەوەی ئاگردانەکە.

**ئەدیس**: تۆ تەنانەت ناتوانی ئاگری نێو ئاگردانەکەش خۆشکەیت. ئۆو, من ڕقم لەم شوێنەیە. ئێرە زیاتر لە قەبر دەچێت و, زۆریش ساردە.

**فیلکس**: گەر بەدەست من بوایە, هەموو پەنجەرەکانم دادەخست و ئاگرەکەشم دەکوژانەوە. جێهێشتنی پەنجەرەکان بە کراوەیی مێش و مەگەز و شەمشەمەکوێرەکان دەهێنن بۆلای ئاگردانەکە.

**ئەدیس**: شاژن مێش و مەگەز و شەمشەمەکوێرەکانی خۆشدەوێ. فیلکس پێم بڵێ.. ئایا شاژنت خۆشدەوێ؟

**فیلکس**: (ڕادەوەستێ و ڕوویتێدەکات) چی؟

**ئەدیس**: لێم پرسیت.. ئایا شاژنت خۆشدەوێ؟ ڕازیت بەوەی وەك من فەرمایشتەکانی جێبەجێ بکەی, یان تۆ خۆتت خۆشدەوێ و هیواداری ئەو خزمەتت بکات؟

**فیلکس**: من هاوڕێی پاشا بووم.

**ئەدیس**: جا ئەم بابەتە حەقی چییە؟

**فیلکس**: من لەبەر ئەم هۆیە خزمەتی شاژن دەکەم. بەڵام تۆ بۆیە خزمەتی دەکەی تا سیخوڕی بکەی بەسەریەوە و خزمەتی "دۆقە"* بکەیت.

**ئەدیس**: فیلکس دۆقە هێشتا زیندووە. بەڵام پاشا مردووە, ئەمەش بەسە.. (دوای کەمەکێك بێدەنگی, ئاوڕی لێدەداتەوە و بەسەری ئاماژەیەك دەکات) کورسییەکان.



**فیلکس**: چی.. کورسی چی؟

**ئەدیس**: (شانی هەڵدەتەکێنێت).

**فیلکس**: ئاه.. ڕاستەکەیت.. (کورسییەکان لەدەوری مێزەکە ڕێکدەخات)

**ئەدیس**: مۆمدانەکە.

**فیلکس**: ئایا لەسەرمە بیرت بخەمەوە, کاتێ شاژن دەیەوێ نانی ئێوارە لە ژورەکەیدا بخوات, ئەوا لەسەر دۆق پێویستە مێزەکەی بۆ ئامادەبکات؟ تۆ باشتکرد یەکێك لە مۆمدانەکانت لە شوێنی خۆیدا دانا, ئێستا.. کوانێ ئەوەی دووەمیان لە کوێیە؟

**فیلکس**: (بەخێرایی بەرەو پێشەوە دەڕوات) خودایە..(مۆمدانەکە لە دەستی وەردەگرێت و بەشێنەیی لەسەر مێزەکەی دادەنێ)

**ئەدیس**: سوپاس. من وامدەزانی تۆ وەك پەیکەرێك حسابم بۆ دەکەی.

**فیلکس**: ئەدیس داوای لێبوردن دەکەم. من ئەم شەو زۆر شپرزەم. تۆ کە مۆمدانەکەت بەدەستەوە بوو زۆر جوان بویت. تەماشاکردنم بۆ تۆ لەبیری بردمەوە کە لەسەرمە مۆمدانەکەت لێوەربگرم.

**ئەدیس**: (بەگاڵتەجاڕییەوە) تۆ وایدەبینی من کاتێ جوانم کە مۆمدانێکم بەدەستەوە بێت.

**فیلکس**: بەڵێ. زۆر زۆر..

(بێدەنگی.. هەورەگرمەیەک لە دوورەوە دەبیسترێ).

**ئەدیس**: من هەورەگرمەم خۆشناوێ, شاژن دڵخۆش دەکات. شاژن هەورەگرمەی خۆشدەوێ, بەمن پێدەکەنێ چونکە ڕقم لە هەورەگرمەیە وەك چۆن تۆش ڕقت لێیەتی. ئایا باوبۆرانە هەڵکردوەکەی ساڵی پارت لەبیرە.

**فیلکس**: بەڵێ. لەبیرمە.

**ئەدیس**: شاژن بە هەردوو چاوە گەورەکەیەوە وەك منداڵ لەبەردەم پەنجەرە کراوەکەدا دانیشتبوو, هەرکاتێ ڕوناکی هەورە بروسکەکە دەردەکەوت تکام لێدەکرد دووربکەوێتەوە. ئەو پێدەکەنی و دەیوت: "ئەدیس یەکێکی تر, دەمەوێ تەنیا جارێکی دیکەش بیبینم" ئەم بەیانییە پێی وتم: "ئەدیس من ئەمڕۆ بەخت یاوەرمە. ئەمە یەکەم شەوە لە قەڵای کرانتز دەمێنمەوە و, باوبۆران و بروسکە و هەورەگرمەشی لێیە"!..

**فیلکس**: ئەو لە هەموو شتێکدا کەیفی بە توندوتیژی دێت.

**ئەدیس**: بۆ تۆ واچاکترە ئەمەت زۆرباش لەبیربێت.

**فیلکس**: بەڵام ئەدیس ئەو توڕەبونی تۆی بەدڵ نییە.

**ئەدیس**: ئەو هەرگیز منی نەبینیوە کە توڕە دەبم. فیلکسی ئازیز خاوەن شکۆ وەك پارچەیەك لە کەلوپەلەکانی لە ئێمە دەڕوانێ!.. پێویستە لەسەرت خۆت لەسەر ئەم جۆرە حاڵەتە ڕابێنیت.

**فیلکس**: من هاوڕێی پاشا بووم.

**ئەدیس**: بێگومان ئەمەش تاقە هۆیەکە کەوایلێدەکات لەگەڵتدا لێبوردەیی هەبێت.

**فیلکس**: لە ڕێگادا کە بە گالیسکەکە هاتین چوار جار قسەی لەگەڵدا کردم.

**ئەدیس**: ئەوە تەنها بۆ خۆدەرخستن بووە, بۆ نمونە وەك لەبەرکردنی دەسکێش. سەبارەت بە شاخ و درەخت و بەفر و ئەسپ قسەی کرد. بەڵام شاژنی ڕاستەقینە هەرگیز قسەناکات. لەبەر ئەوە نابێ حساب بۆ ئەوە بکەیت کە ئەو لە گەشتێکدا کە شەش سەعاتی خایاندووە چوار جار قسەی لەگەڵتا کردووە.

(کەمەکێك بێدەنگی.. هەورەگرمەیەك لەدوورەوە)



**فیلکس**: ئەدیس.. هیوادارم ئەم هەستەت لە ئەنجامی ئیرەییەوە نەبێ.

**ئەدیس**: من ئیرەیم هەبێ؟.. ئەوە تۆی کە ئیرەیت هەیە. تۆ ئیرەیی لەم کورسییە بەتاڵەش دەکەی,(ئاماژە بۆ کورسییەکە دەکات) وانییە؟ تۆ نازانی ئەم کورسییە بۆ لێرەدایە, ئەمە دەزانی؟ تۆ, هاوڕێی پاشا بووی. تەنانەت ئەوەت لەبیر نییە کە پاشا پێش دە ساڵ لەمەوبەر تیرۆر کرا. ئەودەمە پاشا و پاشا ژن–شاژن– دەهاتن بۆ ئێرە, بۆ قەڵای کرانتز. شاژنی خاوەن شکۆ ئەم شەو لەگەڵ تارمایی پاشادا, ئالەم ژورەدا,کەدەبووە شوێنی بووك و زاواییان, نانی ئێوارە دەخوات, بگرە هەمان هەورەگرمە بەشداری لەم بیرەوەریەیدا دەکات. ئەمە ئەو میوانە نادیارەیە کە تۆ ئیرەیی لێدەکەی, شتێکی تریش کە تۆ ناتوانی دەریبڕی, ئەوەیە تۆ پیاوێکی وێراوتە شاژنی خۆت خۆشبوێ, ئارەزوت بچێتەسەری, بەشێوەیەك تەنانەت ئیرەیی لە تارمایی پاشاش دەکەی.

**فیلکس**: تۆ شێتی!..

**ئەدیس**: من شێت نیم, بەڵام ڕۆژێك لەڕۆژان شێت بووم. من ئەو ڕۆژەی تۆم خۆشویست شێت بووم!..

**فیلکس**: (هەوڵدەدا هێوری بکاتەوە) ئەدیس.. ئەدیس..

**ئەدیس**: لێمگەڕێ بڕۆم.

**فیلکس**: دۆقە ڕازی نەبوو دان بە گرێبەستی هاوسەریەتیەکەماندا بنێ.

**ئەدیس**: دۆقە پێش ئەوەی من لێت تێگەشتبم ئەو لێت تێگەشتووە. پێشی وتم تۆ منت خۆشناوێ. هەروەها پێی وتم تۆ من وەك وەسیلەیەك بۆ نزیکبونەوە لە شاژن بەکاردەهێنی. هەوڵمدا بڕوا بەوە بکەم کەوا دۆقە لەوە دەترسێ یەکێك لە قەرەواشەکانی شوو بە هاوڕێیەکی پاشا بکات. هەوڵمدا گوێی نەدەمێ و چاوی

خۆمی لێ بنوقێنم و خۆم وەك كەڕ پیشانبدەم. بەڵام مرۆڤ ناتوانێ ئەو شتە ناخۆشانە پشت گوێ بخات, بەتایبەتی گەر تا ئەم ئاستە ڕون و ئاشكرا بێت.

**فیلكس:** چیت بینی؟

**ئەدیس:** شێوازی تەماشاكردنی تۆ بۆ شاژنم بینی. بینیم ڕوخسارت گەش دادەگەڕێت هەركاتێ شاژن وشەیەكی لەگەڵدا وتی. بەڵام سەبارەت بەمن بەدرۆشەوە بێت هیچ بایەخێكت پێنەداوم, دوای تەنیا یەك هەفتە وەك ئەوەی من ڕكابەرت بم مامەڵەت لەگەڵ دەكردم, وەك ئەوەی لەوە ترسابیت پلە و پایە و دەسەڵاتم نەهێڵێت تۆ و شاژن بەیەك بگەن. دەی ئێستا, گەر دەتوانی, پێم بڵێ من هەڵە بووم.

**فیلكس:** جا من چ پێویستیەكم بە یارمەتی دانی تۆ هەیە تا لە شاژن نزیك ببمەوە؟ گەر بە هەڵەدا نەچوبم, تۆ چەندە كات لەگەڵ شاژندا بەسەر دەبەیت منیش هێندەی لەگەڵدا بەسەر دەبەم.

**ئەدیس:** من كتێب خوێنەرەوە و تاقە هاوڕێی شاژنم.. وا قسەم لەگەڵدا مەكە وەك ئەوەی من یەكێك بم لە كارەكەرەكانی نێو كۆشكەكەی.

**فیلكس:** بگرە ئێمە هەردوكمان دوو كارەكەرین لە كۆشكەكەیدا.

**ئەدیس:** فیلكس شاژن تۆی خۆشناوێ. لەسەرتە خۆت بۆ وەرگرتنی ئەم هەقیقەتە ئامادەبكەیت. نە شاژن تۆی خۆشدەوێ و نەمنیش خۆشمدەوێی.

**فیلكس:** هەرچییەك دەڵێی بیڵێ, بەختەوەری من لەوەدا كۆدەبێتەوە كە تەماشای شاژن بكەم و ئەویش لەوانەیە خەندەیەكم بۆ بكات.

**ئەدیس:** تۆ لەوانەیە لەبیرت چوبێ, لە دوای مردنی پاشاوە, من تاقە كەسێكم كە دەموچاوی دەبینم.



**فیلكس:** هیچ پەچە و باوەشێنێك ناتوانن ڕێگە لە جوانییەكەی بگرن بۆ ئەوەی دزە بكاتە نێو دڵمەوە.

**ئەدیس:** ڕۆژێكیان لێم پرسیت: "دەتوانی منت خۆشبوێ, گەر كەسێتی شاژن بونمی داگیركردبێت" پێت وتم ناتوانیت ژنێكت خۆشبوێ ڕوخساری بشارێتەوە. پێت وتم هەرگیز ناتوانیت تارماییەكت خۆشبوێ.

**فیلكس:** (لە ئەدیس نزیك دەبێتەوە و دەنگی نزم دەكات) ئەدیس دەموچاویم بینی.

(هەورەگرمە)

**ئەدیس:** ئەوە دەڵێی چی؟

**فیلكس:** دەموچاویم بینی.

**ئەدیس:** لەكوێ؟.. چۆن؟

**فیلكس:** ئەو لە "ولمار" بوو. من ئەودەم بەناو هۆڵە گەورەكەدا "ئەشیل" دەڕۆشتم, گویم لێبوو دەرگایەك دەكرێتەوە و لە پاشان دادەخرێت. هیچ كەسێ وەك ئەو ئاوا دەرگا بە قایمی پێوەنادات. ئیدی لە پشتی یەكێك لە پەیكەرەكانەوە خۆم حەشاردا. من هەموو هۆڵەكەم دەبینی و بینیم ئەو لە كۆتایی هۆڵەكەوە بەرەو لای من دێت. كەم كەمە نزیك دەبوەوە. ئەدیس من ئەو دەم بەتەنیا بووم. هەستم كرد ڕاوكەرێكم و چاودێری مامزێك دەكا كە دەڕوا بۆ ئاو خواردنەوە. نزیكتر بووەوە, بینیم ئەو نە پەچەی پۆشیوە و نە باوەشێنی بەدەستەوەیە. كراسێكی ڕەشی دامێن شۆڕی لەبەردا بوو, كاتێ بە نێو هۆڵەكەدا دەڕۆشت, خشەی كراسەكەی دەنگی هەنگاوەكانی كپ كردبوو. سەری بەرزكردبوەوە, ئەم سەر بەرزكردنەوەیەی ئەو سەرانەی بیرهێنامەوە كە ئاژاوەگێڕە سەرخۆشەكان لەكاتی ڕودانی

شۆڕشدا دەیانكردن بەسەری نێزەكانیانەوە. تەماشای ئەو لایەی كرد كە من خۆم تێدا حەشاردابوو. تۆ بڵێی ئەو ویستبێتی بۆ ژوانی فردریك بڕوات,پاشان و لە دوا چركەدا ئازایەتیەكەی خیانەتی لێكرد. ئەو ئازایەتیەكی خوایانەی هەبوو. دەستی گرت بە یەكێك لە ئاوێنەكانەوە و بەملاولادا دەهات, وەك ئەوەی لە خەودا بێت. دواتر لەناكاو خۆی رێكخستەوە و گەڕایەوە بۆلای ئەو دەرگایەی لێوەی هاتبوە ژورەوە. ئالەم سەروبەندەدا ئەوەم بینی كە پیاوێك بەبێ ماندوبون و لەناوچون ناتوانێ بیبینێ. لەوكاتەدا دڵم زۆر بەتوندی لێیدەدا, وەك لێدانی تەپڵ وابوو. من لەوە دەترسام گوێی لە لێدانی دڵم بێت. گەر گوێ لێبوایە, تۆ بڵێی بگەڕایەتەوە و بیدۆزیمایەتەوە, ئیدی لە ترسی ئەو شۆكە بمردایە, ترسی ئەو شۆكەی كەوا دوو چاو بینیویانە و چاودێری هەڵسوكەوتیان كردووە؟ نا ئەو گوێی لێنەبوو. ڕۆحم لەگەڵ تەماشاكردنمدا ڕۆشتن و چاودێریان دەكرد كە دوور دەكەوتەوە. پاشان دەرگاكەی پێوەدا. ئیدی هەموو شتێ كۆتایی پێهات, بەڵام ئەدیس دەمووچاوی شاژنم بینی. دەموچایم بینی و هیچ كەسێ تەنانەت تۆش وەك ئەوەی من بینیم نەتبینیوە..

(بێدەنگییەكی درێژ.. هەورەگرمە)

ئەدیس ئازارەكەی ئازارێكی زۆر بەسوێ بوو. جوانی لەوانەیە مرۆڤ بترسێنێ, قەشەنگی زۆر لەوانەیە خاوەنەكەی تێكبشكێنێ, وام بەخەیاڵدا هات مەسەلەكە ئاوابێت. بۆ من ئاسانترە دانبنێم بە قێزەونترین تاواندا تا ئەمەت پێ بڵێم.



**ئەدیس**: ئێمە ئێستا هەردووكمان, بەلای كەمەوە لە شتێكدا بەشدارین, ئەویش– نهێنییە– ئەم نهێنییەش ئەوەیە تۆ شاژنت بینیوە و خۆشیشت دەوێ.

**فیلكس**: گەر شاژن بەمەی زانی, ئەوا من خۆم دەكوژم!

**ئەدیس**: گەر پێی بزانێ, ئەو خۆی دەتكوژێ!!

(زەنگێك لێدەدرێ– زرنگانەوەیەكی درێژ)

شاژن دێت. خێراكە. پێویستە پێش ئەوەی جارێكی تر زەنگەكە لێبداتەوە تۆ بڕۆی. دەبێ پێش ئەوەی خاوەن شكۆ بێتە ژورەوە من بەتەنیا بم. خێراكە بڕۆ.

**فیلكس**: (بە دەنگێكی كز و لەكاتی ڕۆشتنیدا) ئەدیس شاژنم بینی. شاژن مردووە!

**ئەدیس**: (قاچی كوتێ بە زەویدا) بڕۆ.

(دەرگای لای راست دەكاتەوە و دوای ئەوەی فیلكس دەچێتە دەرێ دایدەخاتەوە. پاشان دەڕوا بۆ ئەوەی پەنجەرەكە بكاتەوە. هەورەگرمەكە جارێكی تریش دەگرمێنێ. زەنگەكە جاری دووەم لێدەدرێتەوە, ئەدیس بەرەو لای مێزی نانخواردنەكە دەڕوا و بەبێ ئەوەی دەست لە كەلوپەلەكانی بدات دەیانپشكنێ. دواتر ئاگری ناو ئاگردانەكە خۆشدەكا. شاژن دەموچاوی خۆی بە باوەشێنێك لە "دانتێل" شاردوەتەوە, كراسێكی ئاهەنگی شەوان و جوتێ دەسكێشی درێژی لەبەردایە و هەندێ خشڵوگەوهەری جوانی كردووە بە خۆیەوە. دەرگاكە لەدوای خۆیەوە پێوەدەدات. هەموو جوڵە و هەڵسوكەوتەكانی شلەژان و هەڵچونیان پێوە دیارە. هەورە بروسكە و باوبۆران لەكاتی هاتنە ژورەوەی شاژندا یاری بە ڕوناكی مۆمەكان دەكەن. ئەدیس بەو شێوازەی كە لە كۆشكدا پەیڕەوی لێدەكرێ بۆیدەنوشتێتەوە)

**شاژن:** تۆ بەتەنیا لێرەی؟

**ئـەدیس:** بـەڵێ گـەورەم. دۆق ولینسـتاین لەگـەڵ یەکـەم لێـدانی زەنگەکـە چووە دەرەوە.

**شـاژن:** باشـە (باوەشـێنەکەی کۆدەکاتـەوە و فڕێیدەداتـە سـەر تەختـەی نوستنەکەی) ئەم ئاگرە زۆر کزە (لەنزیك ئاگردانەکەوە دادێتـەوە) مـن وای دەبیـنم فـیلکس ئـالێرەدا سـەرقاڵ بـووە. پێدەچـێ ئـەو بەدرێـژایی کـات تەماشـای تـۆی کردبێـت و کۆتـەرەدارەکانی هـەر ئـاوا و هەرچـۆنێك بـووە فڕێـداوە. لێـرە مـن تاقـە کەسـم دەتـوانم ئاگردانەکە ئامادە بکەم. (بە پێ پاڵ بە کۆتـەرە دارێکـەوە دەنێت بۆ نێو ئاگرەکە)

**ئەدیس:** (هەوڵدەدا نەهێڵێ) گەورەم.

**شـــاژن:** هـیچ نـەڵێی. مـن دەزانم دەڵێـی چـی. پێڵاوەکـانم دەسـوتێنم و ئاگرەکـە دەگاتـە کراسـەکەم. بیڵـێ؟ مـن هـەموو کاتـێ دەزانم دەتەوێ بڵێی چی. ئەدیس تۆ بێـزارم دەکـەی. وانییە؟ ئایا ئەمە ئەوە نەبوو کە دەتویست بیڵێی؟ ئاه ئەم باوبۆرانە چەند جوانە.

**ئەدیس:** خاوەن شکۆ دەیەوێ پەنجەرەکە دابخەم؟

**شاژن:** گەر ئەمەت نەوتایە ئەوا توشی سەرسوڕمانێکی گەورە دەبووم. من چاوەڕوانی ئـەو قسـەیەم لێدەکردی!..(دەڕوا بـۆلای پەنجەرەکـە) ئایـا پەنجـەرەکان داخـەین و پـەردەکان دادەینـەوە و خۆمـان بئاخنینـە ژێـر لێفەکانـەوە یـان خۆمـان لـە دۆڵابـی جلەکانـدا بشـارینەوە و.. واز لـەم هـەموو جوانییـە بهێـنین؟ نـا.. نـا.. ئەمـە کەشـوهەوای منـە.. تەماشـاکە.. درەختـەکان نـاوێرن بخـەون. گەڵاکانیش هـەمویان لەسـەر لقەکان لـە ترساندا دەلـەرزن. ئـەوان وەك چـۆن لـە تـەور دەترسـن ئـاواش لـە بـاوبۆران دەترسـن. ئـەم باوبۆرانـە بـاوبۆرانی منـە و بـۆ هـیچ کەسـێکی دیکـە نییـە. قـژی



سـەرم لەگـەڵ توڕەبـونی ئاسمانـدا دەلەرێتـەوە. مـن بـەردەوام ئـا ئەمەم ویستوە. من ئێستا دەتوانم هەناسە بدەم. دەمەوێ سواری ئەسپێك بم وەك بروسکە تیـژڕەو، بمبا و وەك هەورەگرمـەی سـەر شاخ هەڵبـەز و دابـەزم پێبکـات. بـەڵام ئەسپەکەم دەترسێت. مـن کەیفم بە ئەسپەکەم نایەت.

**ئەدیس:** گەورەم ئاگاداری خۆت بە لە هەورەبروسکە.

**شـــاژن:** هەورەبروسـکە تێڕوانینـی خـۆی هەیـە. منـیش تێڕوانینـی خـۆم هەیـە. لێیگـەڕێ بێتـە ژورەوە.. لێیگـەڕێ بابـێ.. گـەر هـات من بە قامچی لێیدەدەم..

**ئـەدیس:** مـەولاتی ئاگـاداری خـۆت بـە. بروسـك هەنـدێ جـار درەختـەکان تێکدەشکێنێ.

**شـاژن:** درەختـەکان، نـەك دەرەختـی خانـەوادەکان. بروسـك دەسـت لـەمن نـادات، درەختـی مـن زۆر کۆنـە، لـەکاتی گونجـاودا بێئـەوەی پێویستی بە یارمەتی کـەس هـەبێت، خـۆی خـۆی تێکدەشکێنێ. سـەرلەبەیانی ئـەمڕۆ هەسـتم بـەوەکرد ئـەم لقـە (دەسـتی بەرزدەکاتـەوە) باوبۆرانەکـە دەیگرێتـە ئـامێزی و هەسـتم کـرد پەنجەکانم هەمان ترسی گەڵاکانیان هەیە. پاشا پێش ئەوەی من بناسـێ ئـەم قـەڵای کرانتـزەی دروسـت کـردووە. ئـەویش وەك من بووە، باو بۆرانی خۆشویستوە. هەربۆیە ئێرەی هەڵبـژاردووە تـا قەڵاکـەی لـێ دروسـتکات، ئالـەم دۆڵـە قـوڵ و تەسـکەدا کـە خواوەنـدە توڕەکـان بـە خۆیـان و بروسـکە و ڕەشـەباکانیانەوە بەیەك دەگەن و ئاگری تۆپە شێتەکانیانی تێدا گڕدەدەن.

(دەنگی هەورەگرمە.. ئەدیس دەلەرزێ)

**شاژن:** ئایا تۆ دەترسیت؟

**ئـەدیس:** شـەرم دامنـاگرێ لـەوەی بـە خـاوەن شـكۆ بڵێم من دەترسم. من بەڕاستی دەترسم.

**شاژن:** لەچی دەترسی؟ لە مردن؟

**ئەدیس:** نازانم.. من تەنیا دەترسم و بەس.

**شـاژن:** ئەمە سەیرە. من تەنیا لە بێدەنگی دەترسم. (شاژن بەرەو لای مێزەكە دەڕوات) ئایا هەموو شتێ لێرەدایە؟

**ئەدیس:** بەڵێ گەورەم. دۆقی بەڕێز سەرپەرشتی ئامادەكردنی كرد.

**شاژن:** بڵێ فیلكس.. قێز دەكەمەوە كە هەموو كاتێ پێی دەڵێی دۆقی بەڕێز.

**ئەدیس:** من ڕێورەسمی كۆشك پەیڕەو دەكەم.

**شاژن:** دەزانی بۆ باوبۆرانم خۆشدەوێ؟ من بۆیە هەورەگرمەم خۆشدەوێ, چونكە هەموو تەقلیدێك تێكدەشكێنێ. بگرە لوتبەرزی درەخت و سەنگینی ئاژەڵ تێكدەشكێنێ. دۆقە نەریتەو منیش باوبۆران. من زۆرباش دەزانم بۆچی لێم دەترسێ و ململانێم لەگەڵ دەكا و سیخوڕیم بەسەرەوە دەكات, گومانم نییە تۆ پێی دەڵێی كەوا من ئەم شەو لەگەڵ پاشادا شێو دەكەمەوە.

**ئەدیس:** ئۆو.. گەورەم.

**شاژن:** دەی پێی بڵێ. گرنگ نییە بەلامەوە؟ ئەو لەمە زیاتر هیچی تر ناڵێ "گوناهە.. شێتە"!.. بەڵام وەك دەبینی, لەسەرمە نەریتی تایبەتی سەیر سەیر دابهێنم, ئەمەش بێگومان دڵخۆشی دەكات, ڕازیدەكات. ئەدیس ئێستا دەتوانی بڕۆیتە نێو جێگاكەت. خۆت لە ژێر چەرچەفی تەختەی نوستنەكەتدا بشارەوە و, لە یەزدان بپاڕێرەوە بخەوی. تۆ دوای ئەو گەشتە درێژەت ماندووی. گەر هەر شتێكیشم بوێ, ئەوا یەكسەر زەنگەكە لێدەدەم.



**ئەدیس:** دۆقە سزام دەدا گەر بۆی دەركەوت تۆم بەتەنیا جێهێشتووە.

**شاژن:** جا تۆ فەرمایشتەكانی دۆقە جێبەجێ دەكەی یان فەرمایشتەكانی من؟ من فەرمانت پێدەكەم بەتەنیا جێمهێڵی و فەرمانت پێدەكەم بڕۆیتە سەر جێگاكەت.

**ئەدیس:** (لەبەردەم شاژندا نوشتانەوەیەكی گەورە دەنوشتێتەوە) من لەوە دەترسم نەتوانم ئەم فەرمایشتەی دوایتان جێبەجێ بكەم. من نانوم. بەڵكو لەحاڵەتی ئامادەباشیدا دەبم نەبادا خاوەن شكۆتان پێویستیتان پێم بێت.

**شاژن:** من و تۆ باش لەیەك دەگەین.. وانییە؟ ڕێورەسمی كۆشك ڕێگات پێدەدات لەهەر كاژێرێكی ڕۆژ یان شەودا بێت, بێیتە ژورەكەمەوە و لێشی بچیتە دەرەوە, بەڵام ڕێورەسمی تایبەتی خۆم– ڕێورەسمە سەیروسەمەرەكانم– ڕێگا نادا ئەمشەو هیچ بونەوەرێك بێتە ژورەكەمەوە, تەنانەت گەر كۆشك بڕوخێ و هەورەبروسكەش خاپوری بكات. ئێوارەیەكی خۆش خانمی دی برج. (پێدەكەنێ) من تەنها گاڵتەم لەگەڵ كردی. ئێوارە باش ئەدیسی بچكۆلانەم. كەنیزەكانم بۆ داكەندنی جلوبەرگەكەم یارمەتیم دەدەن, ئەوان كرێی خۆیان وەردەگرن و چاوێكیشیان كراوەیە. ئێستا دەتوانی بڕۆی..(شاژن بە دەستی ئاماژە دەكات. ئەدیس سێ جار دادەنەوێتەوە و پاشان بۆ دواوە دەكشێتەوە. شاژن بە تەنیا دەمێنێتەوە. لەپاڵ دەرگاكەدا ڕادەوەستێت و گوێ هەڵدەخات. لە دوایدا دەڕوا بۆلای پەنجەرەكە, وەك ئەوەی بیەوێ هەوایەك هەڵمژێ و لەزەت لە باوبۆرانەكە بكات. بروسكەیەك دەدرەوشێتەوە. ڕوناكییەكەی دەورەی شاژن دەدا و

وێنەکەی وەك سێبەر دەردەکەوێت. سیلویت[**] بەهێواشی بەرەو مێزەکە دەڕوات و کەلوپەلەکانی دەپشکنێ, بۆ ئەوەی هەموو ئەو شتانە ببینێ کە فەرمانی ئامادەکردنیانی دابوو. لە دوایدا لەبەرامبەر وێنەی پاشادا ڕادەوەستێت, پاشا لەو وێنەیەدا تەمەنی نزیکەی بیست ساڵە و جلوبەرگی دانیشتوانی "تیرول"ی لەبەردایە, ئەو دەرگایە دەکاتەوە کە وێنەکەی پیا هەڵواسراوە)

**شاژن:** فردریك. خۆشەویستەکەم وەرە.

(دەرگاکە پێوە دەدات.. هەنگاوێك دەچێتە لاوە, وەك ئەوەی ڕێگا بۆ هاتنە ژورەوەی پاشا چۆڵبکات. پاشان لە دەستیەوە دەیبات بۆلای مێزەکە. هەموو ئەم دیمەنانەی کە دێ شاژن وا خۆی دەنوێنێ وەك ئەوەی لە ژورەکەدا پاشای لەگەڵدا بێت و پاشا خۆی بەئاگری ئاگردانەکە گەرم بکاتەوە یان دانیشتوە بۆ نانخواردن.. بەم جۆرە..)

**شاژن:** ئەوەتا دواجار توانیمان بۆ چەند ساتێ بە تەنیا پێکەوەبین. لەگەڵ ئەم باوبۆرانەی کە لە پڕێکدا هەڵی کرد تا هەموانمان لێدوربخاتەوە. ئێستا.. هەورەگرمە و ئاگری نێو ئاگردان و ئێوارە خوانێکی سوك و سادە.. دروست وەك ئەو کاتەیە پێکەوە چوین بۆ ڕاو (شوشەی شەرابەکە هەڵدەگرێ و دوو پەرداخی لێ خاڵی دەکات) بە خۆشی تۆ(پەرداخەکەی خۆی بەرزدەکاتەوە تا بەخۆشی ئەو بخواتەوە) ئەمە شەرابی دانیشتوانی شاخەکانە, پێویستیشمان تەنها هەر بەمەیە, بۆ ئەوەی ئەم ئاهەنگە بێ کۆتاییەی پێ لەبیرکەین. فردریك دەزانی ئەودەمە ڕوخسارت پێکەنیناوی بوو. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی تاجەکە بۆ تۆ دروست



نەکرابوو, خۆشەویستەکەم, ئەرکی کەشیشەکە زۆر گران بوو تابتوانێ هاوسەنگی تاجەکە لەسەر سەرت ڕاگرێت. من لەو بڕوایەدا بووم تۆ لەهەر چرکەیەکدا بێت دەدەیتە قاقای پێکەنین. هەربۆیە دۆقە پێی وتم "ئاگاداری هەڵسوکەوتت بە" لە ڕاستیدا من بەشێوەیەکی ڕێکوپێك هەڵسوکەوتم نواند. خۆشەویستەکەم وانەبوو؟ دەتووت خەون دەبینم کاتێ لە ناوەڕاستی جەماوەرەوە دەڕۆشتم. کاتێ گوێم لە هوتافەکانیان بوو. یاری فیشەکە شێتەکانیانم بینی و ئەو گوڵانەشم بینی بەسەر سەرمانا هەڵیان دەدا. ئەو گوتارە بێزارکەرە درێژانەش کە کۆتاییان نەدەهات. پاشان لە کەژاوەکەمان هاتینە دەرەوە و دواجار ئەوەتا ئێمە لێرەین. ئیتر شا و شاژن نین. بەڵکو ژن و مێردێکی خۆشەویستی یەکتر و تەنهاین. من ناتوانم بڕوا بەمە بکەم. بەدرێژایی ڕێگا لەنێو کەژاوەکەدا بە خۆمم دەوت "ئێمە هەرگیز هەر خۆمان بە تەنیا لەگەڵ یەك نابین"

(باوبۆرانەکە زیاددەکا)

**شاژن:** فردریك. ئێستا دەتوانین بخۆین و بخۆینەوە. دەتوانی چۆنت دەوێ پێکەنی و دۆقەش ڕێگەت لێناگرێ. لێم دەپرسی چی بکەی؟ من ئێستا بەختەکەتت بۆ دەخوێنمەوە. لەبیرتە چۆن لێدەگەڕاین قەرەجەکان بەختمان بۆ بگرنەوە؟ ئەم هونەرە لەوانەوە فێربووم. ئەی لەبیرتە چۆن ڕامانەدەکردو دووردەکەوتینەوە و پاشان لە ژورێکی بەرزدا خۆمان دەشاردەوە.

(لەسەر ڕەفەی ئاگردانەکە بەشوێن کاغەز قومارەکاندا دەگەڕێ, کاغەزەکان دەردەهێنێ و ڕێکیان دەخات)

**شاژن:** بیبڕە

(کاغەزەکان لەسەر مێزەکە دادەنێ. دواتر هەڵیان دەگرێ, وەک ئەوەی پاشا کاغەزەکانی کردبێت بە دوو بەشەوە. پاشان لەسەر کورسییەکەی لای مێزەکە دادەنیشێ و کاغەزەکان لە شێوەی بازنەیەکدا ڕیزدەکات)

**شاژن:** هەموو شتێکت پێدەڵێم.

(لە نێو هاش و هۆشی باوبۆرانەکەوە, دەنگی تەقاندنی سێ گوللە دەبیسترێ. شاژن سەری بەرزدەکاتەوە. گوێ هەڵدەخات)

**شاژن:** یاری فیشەکە شێتەکان تا ئێرە دوامان کەوتون. فردریک یەکێك فیشەك ئەتەقێنێ. دەی با ببینین. بزانین هیچی تازە هەیە؟ (بەردەوامە لەسەر فڕێدانی کاغەز قومارەکان) زۆرم پێ سەیرە گەر شتێکی تازە هەبێت. من دەتوانم کاغەزەکان ڕێکبخەم و سەرلەنوێ ڕێکیان بخەمەوە و لەپاشان تێکیان بدەم و دە جار بە شێوەی  جیاواز دابەشیان بکەم..بەڵام ئەنجامەکەی هەموو کاتێ یەك شتە. هەمووکاتێ. پەنجاودوو وەرەقە. پەنجاودوو هەفتە لە ساڵێکدا. ئایا بیرت لەمە کردۆتەوە؟ ئێمە گەرچی بە ئاسانی کاغەز قومار ڕێکدەخەین, کەچی ناتوانین بەهەمان شێوە زەمەن ڕێکبخەین. خۆشەویستەکەم وانییە؟ ئەوەتا ئێمە جارێکی دیکە لێرەین. من باوەشینێکی ڕەشم گرتووە بۆ ئەوەی دەموچاوم بشارمەوە. بەڵام قەدەر باوەشێنێکی سور و ڕەشی گرتوە بۆ ئەوەی دەموچاویم پیشان بدات. بەجۆرێك ڕوخساری قەدەر هەرگیز ناگۆڕدرێت. فردریك تەماشاکە. من و تۆ. خیانەتکاران. کێشەی پارە. مردن. کاغەزەکان هەرچۆنێك ببڕم و هەرچۆنێکیش دابەشیان بکەم, کەچی کاغەزەکانی تۆ هەر ئەمانەن. لێرە, لە



شاخ, لە ژورە بەرزەکەدا, لەکۆشکی ولمار.. کاغەزەکان هەر هەمان کاغەزن. ئەو کاغەزانە هیچ شتێکم پێ ناڵێن کە نایزانم. (بە پەنجە دەست دەکات بە ژماردن) یەك. دوو. سێ. چوار. پێنج, باجاخ... یەك. دوو. سێ. چوار. پێنج, پاپاز...یەك. دوو. سێ. چوار. پێنج...

(دەنگی فیشەکێک دەبیسرێ)

بێدەنگ.(لەسەر ژماردنەکە بەردەوام دەبێت) یەك. دوو. سێ. چوار. پێنج, "قز"ێکی بێکەڵك. ئێمە دەزانین ئەو قزە کێیە...یەك. دوو. سێ. چوار. پێنج,پارە. پارە (تریقەی پێکەنینی دێت) تا ئێستا حەزی تۆ بۆ شانۆ و شەیدابونی من بۆ قەلا ڕۆژئاواییەکان هەموو پارەوپولێکی لەدەست دەرکردوین...یەك. دوو. سێ. چوار. پێنج .مردن... یەك. دوو. سێ. چوار. پێنج...

(دەنگی فیشەکەکان نزیکتر دەبنەوە. شاژن کاتێ پەنجەی بەرزدەکاتەوە,بۆ چرکەیەك جووڵە لە خۆی دەبڕێ, تەماشایەکی پەنجەرەکە دەکات. دواتر دەستپێدەکاتەوە)

یەك. دوو. سێ. چوار. پێنج, مردن...یەك. دوو. سێ. چوار. پێنج, ئەمەش ئەو "وەلەدە" گەنجە گەنم ڕەنگەیە کە مێشکمی سەرقاڵ کردووە. داخۆ دەبێ کێ بێ؟ من نازانم...یەك. دوو. سێ. چوار. پێنج...

(بروسکە و هەورەگرمە. لەناکاو لە ناو بەلەکۆنەکەوە مرۆڤێك دەردەکەوێ کە باش نابینرێ. دەکەوێت. هەڵدەسێتەوە, لە پشتی پەنجەرەکەوە وادەردەکەوێ وەك ئەوەی چوارچێوەیەك لەدەوروبەری بێت. ئەو بەباشی نابینرێت, بەڵام بەژن و باڵای لە گەنج دەکات, وێنەیەکی زیندووی پاشایە, هەمان پۆشاکی پاشای پۆشیوە, پۆشاکی جوتیارانی

دانیشتوی تیرول. ئەو شەکەت و ترساوە. ئەژنۆی ڕاستی خوێنی لێدێت. لە شاژنەوە هاوارێکی ترسناك دەردەچێت) فردریك.

(پاڵێ بە مێزەکەوە دەنێ و کاغەزەکان دەکەونە سەر زەوی. بەرەو لای تارماییەکە ڕادەکات, دەبینێ لەناو هۆڵەکەدا کەوتوە و بوراوەتەوە. گوێی لە هات و هاوار و تەقەی فیشەك دەبێ کە لە دەرەوە ئاگاداری شاژن دەکەن, بەرەو لای گەنجەکە ڕادەکات و دەسەسڕێك هەڵدەگرێ و لە سوراحیە سەهۆڵەکەی هەڵدەکێشێ, پاشان لە تەنیشت گەنجەکە دەچەمێتەوە و دەموچاوی دەسڕێ. باوەشی پیادەکا و بەرزیدەکاتەوە تا داینیشێنێ. گەنجەکە چاوی دەکاتەوە و بەسەرسوڕمانەوە تەماشای دەوروبەری خۆی دەکات. لە میانەی ئەم دیمەنەی خوارەوە, شاژن ئەو دەسەڵاتە بەکاردەهێنێ کە پلەوپایەکەی پێیدەبەخشن, شتێك لە توندوتیژی دەردەبڕێ کە لەگەڵ باریکەلەیی و لەگەڵ وردبینیەکەیدا ناگونجێ) هەستە. خێراکە هەستە (هەوڵدەدات هەڵیسێنێتەوە) گوێت لێم نییە؟ هەستە.. هەرئێستا هەستە (گەنجەکە هەوڵدەدات هەستێت, بەڵام بەملاولادا دێت و دەکەوێت بەسەر ئەژنۆیدا. زەنگەکە لێدەدرێ) دەتەوێ هەڵتبگرم؟ (شاژن  لە بن باڵی گەنجەکە دەنەوێ, هەڵیدەسێنێتە سەرپێ, وەك سەرخۆش بەملاولادا دەکەوێت, ڕایدەوشێنێت, هەنگاوێك دەنێ, شاژن بەرەو تەختەی نوستنەکە رایدەکێشێ و  بە گوێیدا دەچرپێنێ) تێناگەی؟ یەك چرکەت لە پێشە تا خۆت بشاریتەوە.. یەکێکیان ئێستا دێت بۆ ئێرە. (گوێی لە دووجار لێدانی زەنگەکە دەبێت) خێراکە.. خێراکە (پاڵی پێوە دەنێ بۆ پشتی پەردەکان) نەجوڵێیت (لە دەرگای لای ڕاست دەدەن) گەر لە شوێنی خۆت جوڵایی یان بەربییتەوە سەر زەویەکە ئەوا بێ یەك و دوو دەمریت. ئێرە هەمووی بووە بە خوێن. (پارچە کەوڵێك



هەڵدەگرێت و هەڵیدەدا بۆ ئەو شوێنەی گەنجەکەی لێ دانیشتوە. لە پاشان بەدەنگێکی بیسراو دەڵێ) کێیە؟ ئەدیس ئەوە تۆی؟

**ئەدیس:** (لە پشتی دەرگاکەوە) گەورەم.

**شـــــاژن:** دەتوانی بێیتە ژورێ. (ئەدیس دێتە ژورەوە و دەرگاکە پێوەدەدات. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە و تۆقیوە, بەجۆرێك دەلەرزێ کە ناتوانێ قسە بکات) باشە.چییە؟ من فەرمانم پێکردی کەچی ئەوەتا تۆ ئێستا بەتەواوی ئەو فەرمانانەمت شکاندووە. تۆ بۆچی لێرەی؟ چی بووە؟ ئایا تۆ نەخۆشی؟

**ئەدیس:** مەسەلەیەکی زۆر گرنگ لەئارادایە. وامزانی خاوەن شکۆ گوێی لە تەقەکان بووە.

**شاژن:** کاتێ تۆم نارد بۆ نێو جێگاکەت, لەترسی باوبۆرانێکی سادە نیوە مردو بوبویت. ئێستاش لەبەر ئەوەی گوێت لە هەندێ تەقە بووە خەریکە لەخۆ دەچیت. خانم دی برج.. باوبۆران دەتترسێنێ. دواتر هەندێ تەقە دەبیسی کە خوا دەزانێ کێ تەقاندویەتی و لەبەر چیش تەقاندویەتی, بەمەش بیانویەکت بۆ دەبێت تاکو لە شوێنە تایبەتییەکەی خۆمدا بمشڵەژێنی.

**ئەدیس:** ڕێگەم پێدەدەی بۆ خاوەن شکۆتانی لێکبدەمەوە.

**شاژن:** گەر دەتوانی.

**ئەدیس:** پۆلیس.

**شاژن:** پۆلیس؟ پۆلیسی چی؟ پۆلیس حەقی بەسەر ئەم مەسەلەیەوە چییە؟

**ئەدیس**: پۆلیسە تایبەتیەکانی خۆت. گوێیان لە تەقەکان بووە. پیاوەکانیشت لێرەن.

**شاژن**: تێناگەم. کام پیاوانە؟ مەبەستت بارۆن "فۆهن"ە؟ ئایا ئەو لێرەیە؟

**ئەدیس**: نەخێر گەورەم. بارۆن فۆهن لەگەڵ پیاوەکاندا نییە. بەڵام سەرۆکەکەیان کاغەزێکی لە بارۆنەوە بۆ تۆ پێیە؟

**شاژن**: ئابەم درەنگە چی دەوێ؟

**ئەدیس**: ئەوان ڕاڕەوە شاخاوییەکانیان بەشوێن تاوانبارێکی ترسناکدا پشکنیوە. تاوانبارەکە توانیویەتی بگاتە باخچەی کۆشك. ئایا خاوەن شکۆتان شتێکی بینیوە؟

**شاژن**: ئەمە بێحورمەتییە.

**ئەدیس**: سەرۆکەکەیان تکات لێدەکا ڕێگەی بدەی کۆشك بپشکنێت.

**شاژن**: ئەوان دەتوانن چۆنیان پێ باشە پشکنین ئەنجام بدەن و تەقەش بکەن, بەڵام جارێکی تر بە گێلیەتی خۆیان بێزارم نەکەن.

**ئەدیس**: ئۆو.. گەورەم.. ئەوان گێڵ نین.

**شاژن**: ئەی کەواتە چین؟ ئایا هیچ پەیوەندییەکم بەم ترس و تۆقاندنەوە هەیە.

**ئەدیس**: بەڵێ گەورەم.

**شاژن**: چۆن؟ ئەو تاوانبارە ترسناکە کێیە کە پۆلیس لە شاخەکانەوە ڕاویان ناوە؟

**ئەدیس**: پیاوکوژە.

**شاژن**: کەسی کوشتووە؟



**ئەدیس**: نەخێر گەورەم. بەڵام دەیەوێ یەکێ بکوژێ..

**شاژن**: کێ بکوژێ؟

**ئەدیس**: تۆ..(بەخێرایی هەست بە هەڵەکەی دەکات).. مەبەستم.. خاوەن شکۆتانە.

**شاژن**: ئایا دەتەوێ بڵێی پیاوانی پۆلیسم هەموویان مەوهیبەی چاو تیژییان هەیە و, پیاوکوژەکەش سۆفییە و نادیار دەزانێ؟ ئەدیس لەبیرت چووە من لە کۆشکێکەوە دەچم بۆ کۆشکێکی تر بێ ئەوەی بەکەس بڵێم؟ ئەم بەیانییە لە کۆشکی ولمار بووین, دواتر لەناکاو بڕیارم دا ئەم شەو لە کۆشکی کرانتز بنوم. یەکسەر بێڕاوەستان هاتین بۆ ئێرە. ئیتر پێم سەیرە ئەدیس پۆلیس و پیاوکوژەکە بە پرۆژە نهێنیەکانم بزانن. ئەمە سەیر نییە؟ من گەر بە پۆلیسیشم ڕاگەیاندایە ئەوا خێراترین تەتەریش نەیدەتوانی پێش بەیانی بگاتە لایان.

**ئەدیس**: بەڵام گەورەم, سەرۆکی پۆلیسەکان هەموو شتێکی بۆ لێکداوەتەوە. پێدەچێ کۆمەڵەیەکی سیاسی دیاریکراو هەبێ پیلان لە دژی خاوەن شکۆتان بگێڕن, بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکەشیان گەنجێکی بچوکیان هەڵبژاردووە. گەر خاوەن شکۆتان ڕێگەم پێبدەن, بارۆن فۆهن زانیویەتی یان وایلێکداوەتەوە کەوا ئێوە ئەم شەو بۆ ئەم ساڵیادە دێن بۆ کۆشکی کرانتز, لەو بڕوایەشدایە پیاوکوژەکەش بەمەی زانییوە و خۆی مەڵاس داوە تا لەگەڵ گەیشتنتان بتانکوژێ. هەربۆیە پیاوانی پۆلیس کەوتونەتە شوێنی و لە گوندەکەدا گەمارۆی

مالّی دایکیان داوە, بەلاّم ئەو لەویّ دەرباز بووە و تا ئیّستاش نەگیراوە. دواجار بینیویانە لە باخچەی کۆشك نزیك بووەتەوە. لەوانەیە ئیّستا خاوەن شکۆتان هۆی دلّەڕاوکەکەم بزانن. با خاوەن شکۆ لیّم ببوریّ کە فەرمایشتەکانیم جیّبەجیّ نەکردووەو خۆم کردووە بە ژورەکەیدا.

(دەداتە پرمەی گریان)

**شاژن:** ئۆو.. توزاتی خوا مەگری.. ئایا من دەگریم؟ ئایا من مردوم؟ پۆلیسەکانم کۆشکەکە دەپاریّزن. ئەو ئیّستا لە ژیّر پەنجەرەکەدایە. (شاژن نارەحەتە و دلّەڕاوکەیەتی, دیّت و دەچیّت) بەراستی ئەمە مەسەلەیەکی سەیرە.. وانییە؟پیلانیّك بۆ تیرۆرکردنی شاژن. بارۆنیش هەموو شتیّ لەبارەیەوە دەزانیّ. پیّدەچیّ بارۆن گویّ بەوە نەدات خۆی بیّت بۆ ئیّرە. ئایا سەرۆکی پۆلیسەکان سەبارەت بە کەسیّتی ئەم تاوانبارە هیچ شتیّ دەزانیّ.

**ئەدیس:** خاوەن شکۆتان تاوانبارەکە دەناسیّ.

**شاژن:** خودی بارۆن "فۆهن"ەرە.

**ئەدیس:** (تیّکدەچیّ)خاوەن شکۆ گالّتە دەکات. تاوانبارەکە ئەو شاعیرەیە کە بەم دواییانە شیعریّکی لە گۆڤاریّکی پەرگیردا بلاّوکردبۆوە. ئەو شیعرەی خاوەن شکۆتان بەڕادەیەك بە دلّتان بوو لەسەرەتاوە تاکۆتایی هەمویتان لەبەر کردوە.

**شاژن:** (بەخۆشییەوە) مەبەستت شیعری "مردنی خیّزانیّکی پاشایەتی"



**ئەدیس:** سوپاس بۆ خوا خاوەن شکۆ ناونیشانی شیعرەکەی لەبیرە. من نەمدەویّرا ناونیشانەکەی بلّیّم.

**شاژن:** بەڕاستی تۆ سەیریت. "ئەدیس"ی ئازیز من زیندوم و نەمردوم. باوبۆڕانەکە نوستوە و پۆلیس بەخەبەرە. ئیّستا دەتوانی بڕۆیتەوە نیّو جیّگاکەت. شتیّك لە خواردن و خواردنەوە بەرە بۆ پیاوانی پاسەوان. بەسەرۆکیش بلّیّ چۆن دەیەویّ ئاوا دەست بە پشکنین بکات. بەلاّم جاریّکی تر بیّزارم نەکەی. گەر جاریّکی تر بیّیتەوە ئەوا بەڕاستی توڕەدەبم.

**ئەدیس:** (بەدەم ڕۆشتنەوە) بەلای کەمەوە ڕیّگەم بدە پەنجەرەکان داخەم, ئەو لەوانەیە بەدارەکاندا کە کۆن و پتەون هەلّزنیّ و بیّتە سەرەوە. من ناتوانم چاولیّك بنیّم گەر بزانم پەنجەرەکان هیّشتا هەر کراوەن.

**شاژن:** باوابیّت. ئەدیس پەنجەرەکان داخە.

**ئەدیس:** دەزانم من تەنگم بە خاوەن شکۆ هەلّچنیوە, بەلاّم تکام وایە لەم خۆتیّهەلّقورتانەم ببوری.

**شاژن:** ئیّستا مەسەلەکە تەواو بوو.

(ئەدیس پەنجەرەکان دادەخات و پەردە سورە تاریکەکان دەکاتەوە. سیّ جار دائەنەویّتەوە و ژورەکە جیّدەهیّلّیّ. شاژن گویّی هەلّدەخات تا پیّوەدانی دەرگای دەرەوە دەبیستیّ, دواتر چوار هەنگاو بەرەو ناوەڕاستی ژورەکە دەنیّ و لە دوایدا بە دەنگیّکی بەرز دەلّیّ..) وەرە دەرەوە...

www.pertwk.com

(ستانيسلاس لە پشت پەردەی شوێنی نوستنەکەوە دەردەکەوێت.
يەك هەنگاو دەنێ, پاشان بێدەنگ ڕادەوەستێ)

لەو بڕوايەدام هەموو شتێکت بيست. پێدەچێ شتێك نەماوەتەوە کە هەردوکمان سەبارەت بەوی ترمان نەيزانێ. (باوەشێنەکەی دەگرێ بە دەستيەوە بەڵام نايکاتەوە, وەك داردەستێك بەکاريدەهێنێ و بۆ دڵنيايی قسەکانی دەيکێشێ بە کەلوپەلەکاندا).

ناوت چييە؟

(وەڵام ناداتەوە. دوای بێدەنگييەکی درێژ).

تۆ ناتەوێ ناوی خۆتم پێ بڵێی. زۆرباشە. خۆم دەيڵێم. ناوت "ستانيسلاس"ە شيعرێکت بە ناونيشانی "مردنی خێزانێکی پاشايەتی" لە ژێر ناوێکی خواستراودا "عزرائيل" نوسيوە. ناوێکی جوانبوو. شيعرەکە شيعرێکی کورت بوو, بە نهێنی چاپکراوەو, دەستاو دەست بڵاوکراوەتەوە. بەڵام تۆ هيواخواز بوويت بگاتە دەستم. بەڕاستيش گەشتە دەستم. ئەی لاو سەرسام بووم بە شيعرەکەت. بگرە من بەڕاشکاوی پێت دەڵێم لەمسەريەوە بۆ ئەو سەريم لەبەرە... بەڵێ لەم سەرەوە بۆ ئەو سەری. تۆ هەمووکاتێ شيعرت لە دژمان نوسيوە و, هەميشە شيعرەکانت درێژبون و هەموشيان خراپ بوون. بەڵام ئەم شيعرەيان زۆر کورت و جوانە. هەروەها لەبيرمە ئەم شيعرە هەرايەکی زۆری لە ڕوی شێوازەوە نايەوە تالەڕوی ناوەڕۆکەوە. من پيرۆزبايت لێدەکەم. هەندێك لەبارەيەوە وتيان شيعرێکی چەپەڵی قێزەونە, هەندێکی تر وتيان ئەمە نە شيعرە و نە پەخشانە. هەندێکی تر وتيان, وەك ئەوەی لە يادمە, ئەم شيعرە تا ئێستا هيچ شيعرێکی دانراوی تر شان لە شانی نادات. هەموو ئەمانەش وايان لێمکرد شيعرەکەم زياتر خۆشبوێ. هيچ



شتێ نييە لەسەر ڕوی زەوی هاوتای بێت و هيچ کەسێکيش نييە لەسەر ڕوی زەوی لەو بچێت. ئەوەشی پەيوەندی بە منەوە هەيە, ئەوەيە تۆ بونت نييە– مەبەستم وەك ستانيسلاس بونت نييە– بگرە تۆ عزرائيلی, مەلاکی مردن. ئەمەش ئەو ناوەيە کە بانگت دەکەم پێی.

(بێدەنگيەکی کورت)

وەرە ئێرە.

(ناجوڵێ. قاچ نەکێشێ بە زەويەکەدا)

وەرە ئێرە.

(يەک هەنگاو دەچێتە پێش)

ئەمە وێنەی پاشايە.

(بە باوەشێنەکە ئاماژەی بۆ دەکات. ستانيسلاس تەماشای وێنەکە دەکات لە پاشان بە خێرايی چاوی دێنێتە خوارەوە)

ئەم وێنەيە پێش ژنهێنان بە ماوەيەکی کورت دروستکراوە. پاشا هەمان ئەو جلوبەرگەی لەبەردايە کە تۆ ئێستا لەبەرتايە. ئەو دەم تەمنی بيست ساڵان بوو. تەمەنت چەندە؟

(بێدەنگی..)

تۆ لە بيستەکاندای. ئەمەش مانای ئەوەيە ئەو کات تۆ تەمەنت دەساڵ بووە, لەوانەيە تۆ يەکێك بوبيت لەو منداڵانەی فيشەکە شێتەيان دەتەقاندو کەوتبونە دوای کەژاوەکەمانەوە. لەو بڕوايەدام تۆ دەتزانی لەپاشا دەچيت؟ هەر لەبەر ئەمەش بۆ ئەم ئەرکە هەڵيانبژاردوی. درۆم لەگەڵدا مەکە. ئەمە ئەو هۆيە نييە؟ ئايا برادەرەکانت پشتيان بەم لێکچونە نەبستووە, وتويانە گەر ئەمە بەس نەبێت بۆ کوشتنی, ئەوا بەلای کەمەوە دەبێتە شۆکێك وايلێدەکات هاواری ڕزگاربونی لەبير بچێتەوە. وانييە؟

بەڵام ئازیزەکەم ژیان هەموو ئەوەی دەمانەوێ بۆمان نایەنێتە دی, یان دەیهێنێتە دی؟

(ستانیسلاس بێدەنگ و بێ جوڵەیە)

چەند جار لەسەرمە داوات لێبکەم وەڵامم بدەیتەوە؟

(بێدەنگی..)

زۆرباشە. لەبەر ئەوەی ئێمە لەبارودۆخێکی غەریبدا بەیەك گەشتوین. باشترە واز لە ئاکاری باو بێنین.حاڵی خۆمان دەگۆڕین و, دەستورێك دادەهێنین یان شێوازێك دەگرینە بەر کە حاڵەتەکە دەیخوازێ.

(بێدەنگی..)

بێگومان تۆ دەتزانی من لە کۆشکی کرانتزم؟

(بێدەنگی...)

ئاه. من ئێستا دەرکم بە مەسەلەکە کرد, قسەکردنیان لێ قەدەغە کردویت. فەرمانیان پێ کردوی بە بێدەنگی بمێنیتەوە. گومانی تێدا نییە تۆ وایدەبینی ئەم مەسەلەیە جۆرێك لە ناڕەحەتی بەخۆوە دەبینێ, چونکە کۆمەڵە سیاسیەکان, وەك کۆمەڵەکەی تۆ, حەزیان لە قسەکردنە. یان لەوانەیە هیچت نەبێت بیڵێی. من لێت تێدەگەم. من بە درێژایی دە ساڵ بێدەنگ بووم. هیچ شتێکم بە درێژایی ئەو دەساڵە نەوتوە. دەموچاوی خۆم پیشانی هیچ بونەوەرێکی سەر ئەم زەویە نەداوە, تەنیا بۆ "ئەدیس"ی کتێب خوێنەرەوەکەم نەبێت. من دوودڵم لەوەی ئەو ڕۆحی هەبێ. بگرە من دوودڵم لەوەی ئەو زیندوو بێت. تا ئەمشەویش لەگەڵ خۆم دەدوام, قسەکردن لەگەڵ ئەدیس وەك قسەکردنە لەگەڵ خۆمدا, ئەو وەك دەنگدانەوە ئەوەی من دەیڵێم دەیڵێتەوە. بە چپەوە بۆ دۆقەی دەگێڕێتەوە. بەڵام ئێستا من بۆماوەیەکی درێژ قسەدەکەم. وەڵامی هەموو



پرسیارەکان دەدەمەوەو, پرسیاریش لە هەموو وەڵامەکان دەکەم. مەسەلەکە هەرچییەك بێت قسەدەکەم. بەردەوام گلەیی ئەوەم دەکرد کەوا هیچ شتێکی تازە لە کۆشکی کرانتز ڕونادات, بەڵام ئێستا هەموو شتێ ڕویداوە. ئێستا ڕابردوی تیرۆرکرد. من هەنوکە ئازادم. هەنوکە دەتوانم قسەبکەم و دەموچاوی خۆم دەرخەم.

(شاژن بەرەو کورسی و مێزەکە دەڕوات)

لەبارەی خۆتەوە قسەم بۆبکە..

(دەیەوێ دانیشێ, کەچی لەناکاو هەڵدەستێتەوە, دەسەسڕکە لە سوراحیە سەهۆڵەکە هەڵدەکێشێ و دەڕوات بۆلای ستانیسلاس)

ئەمە بگرە. لەسەر ئەژنۆتی دانێ. گۆرەویەکانت خوێناوی بوون.

(ستانیسلاس دەکشێتەوە بۆ دواوە)

ئایا لەسەرمە خۆم برینەکەت بۆ تیمار بکەم؟ کەواتە قاچەکانت درێژ کە.

(ستانیسلاس زیاتر دەچێتە دواوە)

تۆ قیرسچمەی. خۆت تیماریکە, یان لێگەڕێ من تیماریکەم.

(دەسەسڕەکەی بۆ درێژدەکا)

بێدەنگییەکەت کۆتایی نایەت, بەڵام من بەرگەی بینیی دیمەنی خوێن ناگرم.

(ستانیسلاس دەسەسڕەکە وەردەگرێ و باشی نایپێچێت بە ئەژنۆیەوە.

شاژن لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ)

دەی ئێستا... هەموو شتێ بڵێ.

(بێدەنگی..)

چیم ئەوەت؟.. بیرم چوو کەوا پێویستە لەسەرم چیرۆکەکەی خۆتت بۆ بگێڕمەوە.. ئەمە تەقلیدی ئێمەیە.. وانییە؟ (پاڵ دەدا بە پشتەوەی کورسیەکە) فەرمانیان پێکردی بمکوژی و دەمانچەیەکیشیان پێدای. پێشیان وتی بڕۆ بۆ کرانتز, یان پێیان وتی بڕۆ بۆ ولمار؟ ئەمە فەرمانە چونکە من لە قەلایەکدا دووجار ناخەوم. بەلام با وایدانێین زانیاری نهێنیت لابووە و–گومانم لەوە نییە– زانیوتە من ئەم شەو لێرە لە کرانتز بەسەر دەبەم, باشە چۆن ژورەکەمت زانی؟ ئەمە مەسەلەیەکە کەس لێرە نایزانێ. لێرە چوار ژورم هەیە, بەلام تۆ یەکسەر هاتیت بۆ ئەم ژورە. من تەنها پێش گەشتنی تۆ بە سەعاتێك ئێرەم هەڵبژاردووە. (یاری بە کاغەزێك دەکا لەسەر مێزەکەیە) ئاه.. من ئێستا تێدەگەم. من دەزانم تۆ کێی. تۆ چارەنوسمی.

(ستانیسلاس لە تیمارکردنی برینەکەی دەبێتەوە. خۆی ڕێکدەخات. وەک پێشتر بەبێ جووڵە ڕادەوەستێت)

کاتێ شارت بەجێهێشت, دەتزانی نیازی چیت هەیە. مردنم و مردنت. بێگومان تۆ دەتزانیمردنت بەدوای مردنی منداديێت, کەچی پێشی رازیبوی. بەلام پێش ئەوەی بێیت بۆ مردنم, یان بچیت بۆ مردنت, بڕیاری ئەوەت دابوو بڕۆیت بۆ گوندەکە و ماڵئاوایی لە دایکت بکەی. پیاوانی پۆلیسیش کەوتبونە دوات و دەوری کوڵیتەکەی دایکتیان دابوو, تۆ لە کوڵیتەکە هاتیتە دەرەوە. گومانی تێدا نییە تۆ چۆن شارەزای هێڵەکانی لەپی دەستتیت ئاواش شارەزای ئەو گوندەیت. هەندێ کاتیش باوبۆرانەکە یارمەتی دەرت بووە. دواتر سەگەکان شوێن پێتیان هەڵگرتوە. چویتە نێو شاخەکان, بەسەر بەردەکاندا دەکەوتیت و وەك ئاژەڵێکی ڕاونراو هەڵدەهاتی, لە دەست مردنی خۆت هەڵدەهاتی و



بەخێرایش بەرەو مردنت ڕاتدەکرد.. بۆ ئەوەی بەهەر نرخێك بێت بگەیتە کۆشك.

(بێدەنگی..)

ئالەم ژورەدا, من بەبۆنەی یادی مردنی پاشاوە ئاهەنگم دەگێڕا و لەگەڵ پاشادا شێوم دەکردەوە, لەگەڵ تارمایی پاشادا نانم دەخوارد, ئەم کورسییە بەتاڵە کورسی ئەوە. ئەم هەنگوین و پەنیرەش خواردنی پەسەندکراوی ئەون, لەوێش لەو سێبەرەدا تۆ ڕاوەستاویت و ئەژنۆت خوێنی لێدێ. گەیشتیتە کۆتایی ڕێگاکەت, شەکەت و ڕاونراو. یەك فیشەك و دواتر وەڕینی سەگەکان دەبیستی. تۆ چونکە زۆر ڕقت لە وەڕینی سەگە, هەربۆیە زەندەقت چووبوو لێیان, وانییە؟ دوا هەوڵ. پەنجەرەیەکی کراوە. بەدرەختەکەدا هەڵدەزنی و سەردەکەویتە نێو بەلەکۆنەکەوە. پاشان دەردەکەویت. بەڕاشکاوی دەڵێم لەو بڕوایەدا بووم تارمایی پاشابیت. واشمزانی خوێنەکەت خوێنی ئەوە و بە ناوی ئەویشەوە بانگم کردی. لەدوایدا بورایتەوە. بەلام تارماییەکان نابورێنەوە. تارماییەکان لەبەرەبەیاندا دیارنامێنن (شاژن هەڵدەسێتەوە) لە ئاگرەکە نزیك بەرەوە. نزیك بەرەوە با هەست بە گەرمی بکەیت. گومانی تێدا نییە جلەکانت تەڕن.

(ستانیسلاس, وەک ئەوەی دەستی لێوەشابێت, ژورەکە دەبڕێ, لە ئاگردانەکە نزیک دەبێتەوە, شاژن بەدەوری مێزەکەدا دەسوڕێتەوە, پاشان لە پشتی کورسییەکەی پاشاوە ڕادەوەستێ)

پاشا لە کەژاوەکەدا تیرۆرکرا. ئێمە لە دوای تەواوبونی ئاهەنگەکە لە ڕێدابوین بۆ مانگی هەنگوینی. پیاوێك بازی دایە نێو کەژاوەکە, چەپکێك گوڵی بەدەستەوە بوو, وامزانی گوڵەکان لەسەر دڵی فردریك دادەنێ, بۆیە

پێکـەنیم. گوڵـەکان خەنجـەرێکیان شـاردبۆوە. پـێش ئـەوەی بـزانم چـی ڕوویداوە پاشا مرد. تۆ ئەمـەت دەزانـی, بـەڵام ئـەوەی کە نـایزانی, ئەوەیـە ئـەو جلوبـەرگێکی لەبـەردا بـوو, وەك ئـەم جلوبەرگـەی کـە ئێسـتا لەبـەر تۆدایە.

(شاژن بەرەو مێزەکە دەڕوا)

بخۆ و بخۆرەوە. پێدەچێ برسیت بێت.

(ستانیسلاس لەپاڵ ئاگردانەکەدا ماوەتەوە, دەموچاوی وەک دەمامک ڕەق بووە)

مـن داوات لێناکـەم قسـە بکـەی, بـەڵکو داوات لێدەکـەم دانیشـی. خوێنێکی زۆرت لەدەستداوە. لێرە دانیشە. ئەمـە کورسـی پاشا بـوو. مـن پێشکەشـی تـۆی دەکـەم. چـونکە بڕیـارم داوە مامەڵـەی نـەیار بـۆ نـەیارت لەگەڵدا بکـەم. مـن نـاتوانم بیهێنمـە پـیش چاوی خـۆم کـە تـۆ پیـاو بیـت. دەتەوێ بزانـی تـۆ کێـی؟ تـۆ مـەرگی منـی, مردنمـی. ئـەوە مـەرگی مـن بـوو لەپاڵ ئاگردانەکەدا هەستم بە گەرمییەکەی دەکرد. ئەوە مەرگی من بوو کە برینەکەیم تیمارکرد تاکو نەمرێت. ئەوە ئێستاش خواردن دەدەمە مـەرگی خـۆم. تـۆ مـەرگمی.. لێنەگـەڕێی لەسـەر ئـەم ڕاسـتییە گومـان دەرونـت گەمارۆبدا.. تۆ مەرگی منی.

(ستانیسلاس هەڵدەسێ و دەڕوات بۆلای کورسییەکە, پاشان خۆی فڕێدەداتە سەری)

ئەمـە باشـە. ئێسـتا دەبیـنم تـۆ تاوانبـارم دەکـەی,(شـەرابی بـۆ تێدەکا) پاشایان بۆ کوشت؟ تۆ پرسیارێکی گرانم لێدەکەی. ئەوان بۆیـە کوشـتیان چـونکە دەیویسـت شـانۆیەك دروسـتبکات, دەشـیانەوێ منـیش بکـوژن چـونکە منـیش دەمـەوێ قەڵایـەك دروسـتبکەم. مـن دەمـەوێ میللـەت



لەناوبەرم, ئائەمەیە کە دۆقە دەیڵێ, بەڵام چ سەرسوڕمانێك لەمەدا هەیـە؟ خانـەوادەی هـەردوکمان هونـەریان خۆشویسـتوە. ئەنـدامانی هـەردوو خانەوادەکە هـەمویان شـیعری خراپیـان دەنوسـی و, تـابلۆی ئابڕوبـەریان دروسـتدەکرد. تـا ئـەو ئاسـتەی خـەزورم بڕیـاری دا ئاراسـتەیەکی تـازە لـە خێزانەکـەدا بگرێتـە بـەر. دوای ئـەو هـەموان بـوون بـە ئەکتـەر. ئەمـەش بۆخۆی کارێکی مەحاڵ بوو. هەربۆیە ژیانیان گۆڕا بۆ ڕۆمانێك لـە نوانـدن. هـەموو کەسـێ لـە ڕۆمـانێکی چروسـاودا (کۆمیدیـدا) دەژی, بـەڵام خـەونی من ئەوەبوو ڕۆمـانی خـۆم بکـەم بە ڕۆمـانێکی تراژیـدی. ئەمـەش کـارێکی ئاسـان نییـە. ئیشـێکی زۆرم کـرد. دوای نوسـینەوەیان, لاپەڕەیـەکی زۆرم دڕاند. هەر لەبەر ئەمە لە قەڵاکانما بەگۆشەگیری و دوور لـە خـەڵك دەژیـام, بەڵام مردن شتێکە زیاد لە ماتەمینی و خەمباری.

(شاژن ملوانکەیەک پیشانی ستانیسلاس دەدا کە کردویەتی بەملیەوە)

تا ئەو ئاستە ڕۆشتم, ژەهـر لـە گـەردنما هـەڵگرم. ئـەم دەنکۆڵانـە دوای کـاتێکی درێـژ دەتوێنـەوە. قـوتی دەدەی و کەسـیش تێبینـی هـیچ شـتێ ناکـات, بـەردەوام دەبیـت لەسـەر قسـەکردن بـۆ هاوڕێکانـت. گوێشـیان لێدەگری, کەسیش تێبینـی ئـەوە ناکـات تـۆ دەمریـت. ئەمـە شـتێکی زۆر سەیروسـەمەرەیە. پاشـان سـواری ئەسـپەکەت دەبیـتو بەسـەر هـەموو بەربەستەکاندا بازدەدەی و لەگەڵ ڕەشەبادا ڕێدەکـەی. لـەناکاو بەمردویی دەکەویتـە خـوارەوە و ئەسـپەکە ڕاتدەکێشـێ و قاچـێکت هێشـتا بـەزینی ئەسپەکەوەیە و ئیدی هەموو شتێ کۆتـایی پێدێت, بـەڵام من ئـەم ژەهـرە هەڵـدەگرم. بـەکاریناهێنم. مـن فێـری ئـەوەبووم کـە تراژیـدیا شـتێکی گەورەترە لـەوەی تـەنها تـەرمێك بێت. پێویستە ڕوداوەکـان گەشـە بکـەن و بچـنە پێشـێ و کەسـێتیەکانی چـیرۆکەکەش پێشـبکەون. پێویسـتە

وەختێکی گونجاو بۆ قەدەر جێهێڵم. نابێ بەزۆر حەز لە دیمەنەکەی بکەم. هەورەگرمە تۆی فڕێدایە ژورەکەمەوە. تۆ چارەنوسی منی. منیش پێت ڕازیم.

**(شاژن ڕادەوەستێت. ستانیسلاس دەمی دەکاتەوە قسەبکات)**

دەڵێی چی؟

**(ستانیسلاس دەمی دادەخات. بێدەنگ دەمێنێتەوە)**

زمانت نییە؟ بۆچی لێناگەڕێی دەرونت بکەوێتە سەر هەواو هەوەسی خۆی؟ کۆتایی بەم بێدەنگییە بێنە کە دەتکوژێ. هاواربکە. گەمژە بۆچی لەگەڵم ڕانابوێری؟ نابینی چی ڕودەدا؟

**(شاژن بەرەو پەنجەرەکە دەڕوات. پاشان لەبەردەم پەردەکاندا ڕادەوەستێ و دەست دەکات بە قسەکردن)**

کاتێ خۆتکرد بە ژورا بۆ نەتکوشتم. ئەودەم بۆچی نەتکوشتم. لەجیاتی ئەوەی ئێستا لێرەدا ڕاوەستیت و بەملاولادا بێت و لە شەکەتیو ماندوبوندا بەربیتەوە؟ ئەوەی لە توانامدا بوو بۆ یارمەتی دانت کردم.. شاردمیتەوە.. ڕزگارم کردی.. بگرە وازم لە نەریتەکانی کۆشك هێنا تا واهەست بکەی لەماڵی خۆتای, بەڵام هەموو ئەمانە وایانکرد مەسەلەکە لای تۆ قورستر بێت, چونکە تۆ لەسەرت بوو بەهێمنی بمکوژی. بەڵام ئەمە هەڵەی من نەبوو. هەڵەی من نەبوو. تۆ ئێستا ناتوانی پاشەکشە بکەی, تۆ مەرگی منی. منیش مەرگی تۆم. هیچ شتێکیش ئەمە ناگۆڕێت. هیچ شتێك نییە نەیەڵێ ئەمە جێبەجێ بکرێ, مەگەر تەنیا ئەوەنەبێت کە تۆ ترسنۆك بیت.

**(دەستی ستانیسلاس لەسەر پەردەی مێزەکەیە, پەردەکە ڕادەکێشێ. پەرداخ و قاپەکان دەکەونە خوارەوە و دەشکێن)**



ئەمە باشە. زۆر جوانە. هەموو شتێ تێکدە, هەموو شتێ بشکێنە. توندوتیژ بە. وەك باوبۆران بە. (بەرەو ڕوی دەڕوا) لەچی دەترسی؟ لە شاژن؟ جا شاژن چییە؟ شاژن تارماییەکە لە جلوبەرگی ئاهەنگی شەودا, هەوڵدەدا ڕوخساری داپۆشێ.

**(شاژن بە هەردوو دەستی چاوەکانی خۆی دەگرێ. لەوکاتەوەی شاژن قسەدەکات, ئەو چاو بە ژورەکەدا دەگێڕێ. پاشان چاوی دادەگرێ و تەماشای مێزەکە دەکات)**

تۆ دیلی منی. دیلێکی ئازادکراو بە هەموو مانایەك. چەقۆ, دەمانچەت, پێیە؟ دەتوانی لای خۆت بیانهێڵیتەوە. بۆ ئەوەی ئیشەکەت تەواوکەیت سێ ڕۆژ مۆڵەتت دەدەمێ. من ڕقم لە ترسنۆکەکانە. دەبی بە هاوڕێی هەمیشەیم. وەك کتێب خوێنەرەوە تازەکەم بە خانم "دی برج و دۆق ولینستاین"ت دەناسێنم. سەبارەت بە ڕوداوی پۆلیسەکانیش, ئەوا پێیان دەڵێم من خۆم ڕێکمخستوە و ناومەتەوە تا لەگەڵ باوبۆرانەکەدا بگونجێت. هەر شتێك کە بیکەم گەرچی سەیروسەمەرەش بێت ئەوا لای ئەوان زۆر شوێنی سەرسوڕمان نابێت. دۆقەش بەو ئابڕوچونە دڵخۆش دەبێ کە خانم دی برج بۆی دەگێڕێتەوە. ئەوان حەزیان لە ئابڕوچونە. ئابەم شێوەیە وەك دەبینی یەك ڕۆژمان نییە لەدەستی بدەین. جارێکی تریش دووبارەی دەکەمەوە. گەر نەمکوژی, ئەوا من دەتکوژم.

**(کاتێ شاژن قسەی دەکرد, تەماشای ستانیسلاسی نەدەکرد. ئەمەی خوارەوە ڕویدا: ئەو هەڵچونانەی ستانیسلاس بەتوندی خەفەی کردبوون کاری تێدەکەن, بۆیە توشی نیوە لەخۆچونێک دێت, بەملاولادا دەکەوێت, پاڵ دەدا بە پشتەوەی کورسیەکە. دەستی لەسەر چاوی دادەنێ و لە ناو کورسیەکەدا نوقم دەبێ. شاژن دەگەڕێتەوە بۆلای پەنجەرەکە, پەردەکان**

www.pertwk.com

ڕادەكێشێت. پەنجەرەكە دەكاتەوە, شەو هێمنە و ئەستێرەكانیش لە ئاسمان دەبریسكێنەوە)

شەو فراوانە و گەردونیش
لە كەنیسە
یان لە هۆڵێكی گەورەی
پاش ئاهەنگێكی شاهانە دەچێت
ئێستا هەموو شتێ , تەواوبووە.
هێمنیەكی سەیر و درێژ بەرقەرارە
كەرنەڤاڵی باوبۆرانەكە كۆتایی هات
سەماكەرەكان بەربونەوە
تەنیا تارماییەكان ماون
لە جەنازە خاوەكەی خۆر ڕادەمێنێت
كە لە هەموو شەوێكدا دێت و دەچێ
بەردەوام لێی دەڕوانێ
بێ ئەوەی هیچ بدۆزێتەوە
بەردەوام دەڕوات
بێ ئەوەی بگاتە شتێک
بەردەوام خەمبارە
كەچی ئەو شوێنە جێنایەڵێت
كە خۆری تێدا سەربڕاو كەوتە خوارەوە
شەو ژیانی منە. فردریک ڕۆژی من بوو
من ئێستا كەوتومەتە دوای مردنەكەی و
وەک دامێنی درێژی كراسێک
ساڵەكان لەدوای خۆمەو ڕادەكێشم

(بەهێواشی پەردەكە دادەدرێتەوە)



## بەشی دووەم

كتێبخانەی شاژن لە قەڵای كرانتز. ژورێكی فراوانە و پڕە لە كتێب, تەنانەت سەرمێزەكان كتێبیان لەسەر كەڵەكە كراوە, لە كۆتایی شانۆكەدا پلیكانەیەك هەیە, هەروەها لە تەنیشتێكی پلیكانەكە چەند ڕەفەیەكی كتێبی لێیە كە بەسەری ئەسپ ڕازێنراونەتەوە. لەسەری سەرەوەی پلیكانەكە پەنجەرەیەك هەیە كە دەڕوانێ بەسەر باخچەكەدا. لەلای ڕاستو چەپی پەنجەرەكەوە دوو نیوە پەیكەری "مینرڤا و سوقرات" دانراون. لە خوارەوەی پلیكانەكە مێزێكی هێلكەیی گەورە, گۆی زەویی و مۆمدانێكی لەسەرە. لە تەنیشت مێزەكە دوو كورسی گەورە. لە پشتەوەی مێزەكە بازنەیەك بۆ نیشانە لێگرتنەوە كەدەكرێ بە دیوارەكەوە هەڵبواسرێ و جبەخانەیەك كە دەمانچە و تفەنگی تێدایە. لەنێوان ڕەفەی كتێبەكاندا دەرگایەك هەیە, ڕەفەكان بەدرێژایی سەر دەرگاكە درێژ بونەتەوە. دەرگایەكی تر لەلای چەپ هەیە, نەخشەیەكی گەورەی لەسەرە. ئاگردانێك و دوو مۆمدان لە بەردەمیدا. زەوی ژورەكە لە تەختەیە و بە فەرشی سور داپۆشراوە.

كات..دوای نیوەڕۆیە.

كاتێ پەردە هەڵدەدرێتەوە فیلكس دی ولینستاین تفەنگەكان "پاك" دەكاتەوە, تۆنی كەڕولاڵی نۆكەر یارمەتی دەدا. تۆنی تفەنگە پاكەكان دەخاتە نێو جبەخانەكەوە.

**فــيلكس:** (ئاگـاى لەوەيـە كاتـێ قسـەى ناشـرين بـە تـونى دەڵـێ, تـۆنى ناتوانــێ دەموليـْـوى ببينــێ) ئەمــە بگــرە و, خاڵيشــى بكــەوە, لەناوەوە پاكى بكەرەوە نەك لەدەرەوە, ئەمە گاڵتەجاڕييە. دۆق ولينستاين لە مەيمونێكەوە فەرمان وەردەگرێت. ئەمە ئابڕوچونە و شــاژن نــەك ڕێگــەى پێنــادات, بــەڵكو هانيشــى دەدات. ئــەو دەموچاوى پيشانى هيچ مرۆڤێ نادات تۆنى نەبێ, بەڵام تۆ مرۆڤ نيت.

(لەكاتى پشكنينى تفەنگەكاندا ئەديس دێتە ژورەوە)

**ئەديس:** بۆچى قسە لەگەڵ خۆتدا دەكەى؟

**فــيلكس:** من قسـە لەگـەڵ خۆمـدا ناكـەم. من تـەنها هـەلى كـەڕبونى تـۆنيم قۆزتوەتەوە تا بيروڕاى خۆمى سەبارەت بە خۆى پێ بڵێم.

**ئەديس:** ئاگات لەخۆت بێ.. ئەو دەتوانێ لە جووڵەى لێوەكانت تێبگات.

**فيلكس:** ڕێگەنادەم لێوەكانم ببينێ.

**ئەديس:** لەو بڕوايەدام ئەو بە هۆى پێستييەوە دەبيستێ.

**فيلكس:** دە با ببيستێ. گرنگ نييە بەلامەوە.

**ئــەديس:** بـەڵام بـەلاى شـاژنەوە گرنگـە. ئـەو سـورە لەسـەر ئـەوەى دەبـێ كۆشك بەڕێزەوە مامەڵەى لەگەڵدا بكەن.

**فـــيلكس:** ئـەديس منـيش هــەر وادەكــەم. گــوێگرە (لەبــەردەم تــۆنى دەنوشـتێتەوە) ڕاكـە ئـەى كەسـى دڵتـەنگ. مـن بەرگـەى بينينـت ناگرم



(تـۆنى بـە تونـدى دايەتـەوە و دوا نيگـا دەگرێتـە تفەنگـەكان و لەپاشـان دەچێتە دەرەوە. فيلكس ئـەديس بەرەو لاى ئاگردانەكە دەبـات و دەچرپێنێ..)

**فيلكس:** لە باوبۆرانەكەى شەوى ڕابردوەوە سەرتاپاى قەڵا شپرزە بووە. ئايا تا ئێستا ئەو پياوەيان نەگرتووە.

**ئەديس:** با.. گرتيان.

**فيلكس:** چى؟

**ئەديس:** شاژن گرتى. ئەو لێرەيە, لە قەڵاكەدايە. لەوەش گرنگتر ئەو لێرە دەمێنێتەوە.

**فيلكس:** ئەوە دەڵێى چى؟

**ئــەديس:** شـاژن خـۆى هـەموو ئەمانـەى ڕێكخسـتبوو. خـۆى نـاردبوى بـە شوێنيا.

**فيلكس:** تۆ شێتبوى.

**ئــەديس:** ئەمـە هـەرگيز سەرسـامم ناكـات. مەسـەلەكە هـەمووى يارييـەكى بـــاش چـــنراوە و شـــاژن خـــۆى دايڕشـــتووە. نانخواردنـــە ئامادەكراوەكە بۆ پاشا و سوربونى شاژن لەسەر ئەوەى بەتـەنها بمێنێتەوە.

**فيلكس:** (پێيدەبڕێ) چۆنت زانى؟

**ئەديس:** ئەم بەيانيە ئەمەى پێوتم. وتيشى ئەو ترسـەى لەسـەر ڕوخسـارى من دەركەوتوە هەرگيز لەبيرى ناكات. مەسەلەكە زۆر كەيفخۆشـى

www.pertwk.com

کردووە. ئەو ئەم شوێنەی بە شوێنێکی دڵتەنگ دادەنا. حەقی خۆشیەتی شتێك لە خۆشی و شادی بخاتە نێو ژیانییەوە.

**فیلکس:** من لە هیچ شتێ تێناگەم.

**ئەدیس:** هەروەها منیش.

**فیلکس:** تۆ لەوە دڵنیایت شاژن لە هەوڵی ئەوەدا نەبووە بتترسێنێ.

**ئەدیس:** پیاوەکە لێرەیە. شاژن شاردویەتیەوە و لە باخەکەدا برینداربووە.

**فیلکس:** تۆ خۆت بینیت.

**ئەدیس:** سەر فەرشەکان خوێنی لێ بوو.

**فیلکس:** وادەزانم خەون دەبینم. تۆ دەڵێی خاوەن شکۆ پیاوێکی لە قەڵاکەدا شاردۆتەوە کە نیازی کوشتنی خۆی هەیە.

**ئەدیس:** قسەی بێمانا. ئەو پیاوکوژ نییە. شاژن وادەزانێ من خراپترین کتێبخوێنەرەوەم لە جیهاندا, بۆیە کەسێکی دیکەی هێناوە کتێبی بۆ بخوێنێتەوە. کەسێکی دیاریکراو. کاتێکیش سوربێ لەسەر شتێك ئەوا جێبەجێی دەکا.

**فیلکس:** (بەتوڕەبونەوە) باشە ئەم پیاوە کێیە؟

**ئەدیس:** فیلکس تۆ داماوی. تا ئەم ئاستە ئیرەیی داگیری کردوی؟ ئەم پیاوە هاتووە بۆ کرانتز و لە کرانتز دەمێنێتەوە, چونکە ئەمە ئارەزوی شاژنە. فەرمانی پێکردم ڕێنماییەکانیت پێڕاگەیەنم. ئەو دەبێتە میوانی خاوەن شکۆ. فەرمانیشت پێدەکات لەسەر ئەم بنچینەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەی.



**فیلکس:** بەڵام, کێیە؟.. کێ؟..

**ئەدیس:** مەزەندەیکە! نازانی؟.. ئەو دانەری شیعرە ئابڕوبەرەکەیە. کە شاژن پیاهەڵدانێکی زۆری پیاهەڵدا. دەبوایە بتزانیایە مەسەلەکە تەنها لە پیاهەڵدانی شیعرێکدا نامێنێتەوە.

**فیلکس:** مەبەستت ئەو بونەوەرە کەساسەیە کە خۆی ناو ناوە "عزرائیل"؟ تۆ بڵێی لێرە وەك میوانی کۆشك بژی؟

**ئەدیس:** بەڵێ, بەڵام کاتێ بیر لە مەسەلەکە دەکەیتەوە واینابینیت کە فێڵێکە گوزارشت لە زیرەکی خاوەن شکۆ دەکات؟ شاعیرە شۆڕشگێڕەکان خۆیان دەخەنە ژێر دەستی ئەوانەی پارەی زۆریان بۆ دەڕێژن, ئەوان وەك چۆن بەئاسانی دێڕی شیعرەکانیان دەگۆڕن ئاواش جلوبەرگیان دەگۆڕن. بێگومان شاژن خۆی نهێنیەکەی لا نەدرکاندم, بەڵام بەوەش سەرسام نابم دوای چەند ڕۆژێکی کەم ئەو گەنجە قەڵەمەکەی خۆی بگۆڕێ.

**فیلکس:** بەڵام ئەی پۆلیس.. پۆلیسەکان چی دەکەن؟

**ئەدیس:** چی دەکەن؟ ئایا گومانت لەوە پەیدانەکردووە کاتێ زانیت بارۆن فرۆهن خۆی لەوێ نەبووە؟ واینابینی ئەمە شتێکی نامۆ بێت؟

**فیلکس:** نا.. بەڵام بۆچی؟

**ئەدیس:** ئەی ئەو ئەفسەرەی کە سەرۆکایەتی دەکردن لە پاسەوانانی شاژن خۆی نەبوو؟ ئەی ناکرێ ئەو ئاگادارکردنەوەیەی کە ڕاگەیەنرا ئاگادارکردنەوەیەکی وەهمی و درۆزنانە بێت؟

**فیلکس:** نەخێر.. ئەمە مەعقول نییە.

**ئــەدیس**: چەند فیشەکێکیان تەقاند. لە هەمووی پێکەنیناویتر ئەوەیە تەنیا توانیان برینداری بکەن. لەو بڕوایەدام ئەوان هەموویان بەپێی ڕێنماییەکانی شاژن جولاونەتەوە, کاتێکیش ئەو کلۆڵە گەشتۆتە کۆشك, ئەوا هیچی لەسەر نەبووە ئەوەنەبێت خۆی بگەیەنێتە شاژن. گومانی تێدانییە تۆنی ئەوەی جێبەجێ کردووە.

**فیلکس**: ئەمە سەیرە. ئایا تۆ دەرك بە ترسناکی ئەم مەسەلەیە ناکەی؟ شاعیرەکان هەندێ جار دەست بە پرنسیپەکان و نمونە باڵاکانی خۆیانەوە دەگرن. بونی شێرێکی تورە لە قەڵادا لەبونی شاعیرێکی نمونەیی سەلامەترە.

**ئەدیس**: لەوانەیە ئەمە ئەو ترسەبێت کە شاژن لە هەر شتێکی تر زیاتر دەهەژێنێ. تۆ دەبوایە دەرکت بەوە بکردایە کە شتێکی لەم جۆرە ڕودەدات.

**فیلکس**: وابزانم تۆ, ڕەفتاری ئاسایی دەگریتە بەر.

**ئەدیس**: بێگومان.. ئایا سەرزەنشتم دەکەی گەر لەو بڕوایەدا بم, لەسەرمە ئاگاداری دۆقە بکەم, بەوەی کە لێرەدا ڕوودەدا. بەهەر حاڵ. من داوای ڕەزامەندی تۆ ناکەم.

**فـیلکس**: ئەمە چارەسەرێکی زۆر دروستە. بەڵام تا دۆقە پێی دەزانێ, لەوانەیە شتێك ڕوبدات.

**ئەدیس**: تاقە یەك شت هەیە کەنابێ ڕوبدات. ئەویش ئەوەیە ئێمە سەری خۆمان لەدەست نەدەین. گرفتەکە ئەوەیە تۆ ناتوانی خۆتڕاگری و, ناتوانی سەبرت هەبێ, تۆ باش دەزانی ئەحواڵی شاژن چۆن



بەخێرایی دەگۆڕدرێت. بۆیە نابێ وایلێبکەین دەرك بەوە بکات ئێمە ڕازینین.

**فـیلکس**: باشە خاوەن شکۆ چاوەڕوانی ئەوەدەکات من ئەو بونەوەرە ببینم؟

**ئەدیس**: ئەی چۆن. بەڵام من خراپترین شۆکم تا کۆتایی هێشتوەتەوە. ئەم شاعیرە تەواو لەپاشا دەچێت. بەجۆرێك دەڵێی وێنەیەکی زیندوی ئەوە.

**فیلکس**: وێنەی پاشا؟

**ئەدیس**: بەڵێ. من خەریك بوو بێمەدەرەوە کە خاوەن شکۆ بانگی کردمو وتی"لەوانەیە توشی شۆك بیت کاتێ کتێبخوێنەرەوە تازەکەم دەبینی.. لەسەرمە ئاگادارت بکەمەوە, چونکە تۆ دەبێ وا لێکیبدەیتەوە کە پاشا دەبینی" دەزانی دوای ئەوە چی وت؟ وتی "چ سەرسامییەك لەمەدا هەیە؟ پاشاش وەختی خۆی جوتیار بووە, ئیدی لەبەرچی نابێ جوتیارێك هەبێ لە پاشا بچێت؟"

**فـیلکس**: ئایا شاژن جوتیارێك دادەنێت کتێبی بۆ بخوێنێتەوە؟ ئەمە سەیرە. ئەی تۆ چ دەکەی؟

**ئەدیس**: وامەزانە من بەبێ تێکۆشان واز لە پلەوپایەکەم دێنم. ئەمەش لەبەر ئەوە نییە من حەزم لە خوێندنەوەیە, بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەم پلەوپایەیە ڕێگەم پێدەدات هەرکاتێ بمەوێت بچمە ژوری نوستنەکەیەوە. فیلکس ئایا تۆ لەو بڕوایەدای خوێنەرەوەی تازە هەمان ئەم تایبەتمەندیەی هەبێ؟ ئایا بیرت لەوە کردۆتەوە؟

**فیلکس**: نا.. بەڵام وای دەبینم تۆ بیرت لێکردۆتەوە..

(ئەدیس بۆ ماوەیەک خەیاڵی دەڕوا.. لە پاشان دەچرپێنێ)

**ئەدیس**: وسبە..

(لەلای چەپەوە شاژن دێتە ژورەوە و "تۆنی"ش لە دواوەیەتی. ئەدیس ڕوودەکاتە شاژن و لەبەردەمیا دادێتەوە, هەروەها "فیلکس"یش قاچی بە جووڵەیەکی سەربازانە ئەکێشێ بە زەویا, سەری دادەنەوێنێ. شاژن بە کراسێکی دوانیوەڕۆیان دەردەکەوێ و ڕوخساری دەمامکێکی لەسەرەو باوەشێنێکیشی بەدەستەوەیە)

**شاژن**: فیلکس ئێوارەت باش. ئەدیس پێت ڕاگەیاند؟

**ئەدیس**: بەڵێ گەورەم.

**شاژن**: بە "ئەدیس"م وتبوو کە چیم لە تۆ دەوێ بیکەی. ئێستا کتێب خوێنەرەوەیەکی تازەم هەیە و هاتووە بۆ کرانتز, لەو بڕوایەدام ئەو زۆرباش دەستدەدا بۆ ئەم پلەوپایەیە. ئەو خوێندکارێکی گەنجی ئەم گوندەیە و زۆر لەپاشاش دەچێت. هەر ئەمەش بەسە بۆ دامەزراندنی. ئەو هەژارە و هیچ نازناوێکیشی نییە. نا.. من هەڵەم. ئەو جوانترین نازناوی هەڵگرتووە. ئەو شاعیرە. تۆش یەکێك لە شیعرەکانی دەزانی. ئەو شیعرەی بەناوێکی خواستراوەوە"عزرائیل" نوسیویەتی. لەوانەشە بیرت بێ شیعرەکە قسەی ناشرینی تێدایە بۆ خودی خۆم, بەڵام ئەو شاژنەی ئەو باسی دەکا بوونی نییە. ئەو شاژنە شتێکیمەعنەوییە. ئەبستراکتە. ئامانجێکی سیاسییە. کەسێتیەکی ئەفسانەییە بارۆن فۆهن دایهێناوە, هەر "بارۆن"یش بە شاعیری ڕاگەیاندووە و شاعیریش شیعرەکەی نوسیوە, یەکەم دووەمی لەخشتە بردووە. بەهەرحاڵ گەنج هەموو کاتێ شۆڕشگێڕە. منیش گەر شاژن نەبومایە ئەوا دەبومە شۆڕشگێڕ. من متمانە بە تۆ دەکەم. لەوبڕوایەشدام ئەم هەڵسوکەوتەم بە هەڵە لێکنادەیتەوە.زۆر سوپاست دەکەم گەر باش و بەخشندە بیت لەبەرامبەر ئەم گەنجەدا. ئایا تفەنگەکانت پاککردۆتەوە و نیشانەکانیشت ئامادە کردووە.



**فیلکس**: بەڵێ گەورەم.

**شاژن**: ئێستا دەتوانی بڕۆیتە دەرەوە.

(فیلکس دادەنەوێتەوە و دەڕوا بۆ لای دەرگای لای ڕاست, ڕوودەکاتە ئەدیس)

**فیلکس**: (بە چرپەوە) ئەدیس.

**ئەدیس**: ئایا خاوەن شکۆ هیچ پێویستیەکی بەمن هەیە؟

**شاژن**: نەخێر. پێم وتی بڕۆ, بەبێ زەنگ لێدان نەیەیتە ژورەوە.

(ئەدیس دادەنەوێتەوەو لەگەڵ فیلکس کە دەرگاکە پێوەدەدات دەچێتە دەرەوە, هەر هێندەی دەرگاکە داخرا شاژن دەستدەهێنی بە شانی "تۆنی" دا. تۆنی دادەنەوێتەوەو دەچێتە دەرەوە. کاتێ شاژن بە تەنیا دەمێنێتەوە پەچەکەی لادەبات و تفەنگێك هەڵدەگرێ و دەڕوات, لەپاشان تفەنگەکە بە ئاراستەی نیشانەکە ڕادەگرێت و فیشەکێك دەتەقێنێ. دەڕوا نیشانەکە دەپشکنێ. تفەنگەکە دەگەڕێنێتەوە شوێنەکەی خۆی و دانەیەکی تر هەڵدەگرێ. دوور دەکەوێتەوە, ئینجا فیشەکێکی تر دەتەقێنێ. ئەم کارە دووبارە دەکاتەوە, بەڵام ئەمجارەیان

دەمانچەیەك هەڵدەگرێ. كاتێ ئامادەدەبێت بۆ تەقاندنی فیشەكەكە ستانیسلاس لە سەرەوەی پلیكانەكە دەردەكەوێ و دواتر دێتە خوارەوە. دەردەكەوێ و هەمان ئەو جلوبەرگانەی لەبەردایە كە پێشتر بینیبومان لەبەریدا. بەدەوری ئەژنۆیدا لە فافێكی پاك بەستراوە..)

**شاژن**: هاوڕێم ئەمە تۆی؟ (بەرەو ڕووی دەڕوات, دەمانچەكەی هێشتا بەرزكردۆتەوە) بێزار مەبە, من مەشقم دەكرد. ماوەیەكە بایەخ بە راوكردن نادەم,من حەز لە فیشەك تەقاندن دەكەم. ئایا لە نیشانە پێكاندا دەستت ڕاستە؟

**ستانیسلاس**: وادەڵێن.

**شاژن**: پیشانم دە (تفەنگێك دێنێت و دەیداتە ستانیسلاس) ئا لەوێ بوەستە. حازریت؟ بیتەقێنە. دەی (ستانیسلاس فیشەكێك دەتەقێنێت و شاژنیش دەڕوا نیشانەكە دەپشكنێ) تێگرتنێكی نایاب. تۆ بە تەواوی نیشانەكەت پێكاوە. وەرە دانیشە. (ئاماژە بۆ كورسییەكەی بەردەم ئاگردانەكە دەكات و خۆشی لە نزیك مێزەكەوە دادەنیشێ و یاری بە دەمانچەكە دەكات) هیوادارم برینەكەت سارێژ بووبێ. ئایا باش نوستی؟

**ستانیسلاس**: بەڵێ گەورەم. زۆرباش نوستم و ئەژنۆشم ئێستا زۆر باشە.

**شاژن**: چاكە. ئەوەی لە تەمەنی تۆدا بێت باش دەنوێ. تەمەنت چەندە؟

**ستانیسلاس**: بیست وسێ ساڵ.

**شاژن**: شەش ساڵمان لە نێواندایە. من بە گوێرەی تۆ ژنێكی پیرم. ئایا دەڕۆی بۆ زانكۆ؟



**ستانیسلاس**: نەخێر.. من ناتوانم خەرجی خوێندن دابینبكەم. من تەنیا بۆ خۆم دەخوێنمەوە.

**شاژن**: پارە هەموو شتێ نییە. دەڵێن باوكم بۆ یەكەمجار كە بازێكی ڕاوكردووە, شتێكی سەیر بووە بەلایەوە, چونكە بازەكە دووسەری نەبووە وەك ئەو بازەی لە دروشمی خێزانەكەماندا وێنەی كێشراوە. باوكم خوێندەواری نەبووە, بەڵام خۆشمەشرەب بووە. بەڵام من خوێندم بۆ ئەوەی ببمە شاژن. كەچی لە بیریان چوو فێری نوسینم بكەن تا لە ڕێزماندا خەڵەت نەكەم. خانم "دی برج" كتێب خوێنەرەوەكەم نازانێ بۆخۆی كتێب بخوێنێتەوە, نەخوازەڵا بۆ یەكێكی تر. من حەزدەكەم گوێم لە خوێندنەوەت بێت, مادامەكی تۆ ئێستا بەڕەسمی بویتەتە كتێب خوێنەرەوەی من.

**ستانیسلاس**: من لە خزمەتتدام.

(ستانیسلاس هەڵدەسێتەوە, شاژن كتێبێك لەسەر مێزەكە هەڵدەگرێ)

**شاژن**: ئالەوێ دانیشە. حەزدەكەم ئەمەم بۆ بخوێنیتەوە..

(ئاماژە بۆ ئەو كورسییە دەكات كە لە نزیك ئاگردانەكەوەیەو لەسەری دانیشتبوو, كتێبەكەی دەداتێ و دەڕوات بۆلای ئەو كورسیەی لەبەردەم ئاگردانەكەدایە. كتێبەكە لەسەر مێزەكە دادەنێ و پاڵێكی دوور بە دەمانچەكەوە دەنێ)

**شاژن**: ئاگاداربە, دەمانچەكە پڕە لە فیشەك. بخوێنەرەوە. مرۆڤ دەتوانێ ڕۆمانەكانی شكسپیر لەهەر دیمەنێكیەوە كە هەڵیدەبژێرێ بخوێنێتەوە.

**ستانیسلاس**: (کتێبەکە دەکاتەوە و دەستدەکات بە خوێندنەوەی)

هاملێت دێتە ژورەوە:

**هاملێت**: دایە ئێستا چی هەیە لەوێ؟

**دایك**: هاملێت, تۆ خراپ بویت لەگەڵ باوکتدا.

**هاملێت**: دایە, تۆ خراپ بویت لەگەڵ باوکمدا.

**دایك**: تۆ وەڵامێکی سەیرم دەدەیتەوە.

**هاملێت**: تۆش پرسیارێکی خراپت لێکردم.

**دایك**: بۆچی هاملێت؟

**هاملێت**: چی بووە؟

**دایك**: ئایا لەبیرت کردووم؟

**هاملێت**: نا لەبیرم نەکردوی. تۆ شاژنی. ژنی برای مێردەکەتی. پاشان لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە, دایکمی.

**دایك**: کەواتە باشە, قسەت لەگەڵ دەکەم.

**هاملێت**: وەرە, دانیشە. ناڕۆیت. تا ئاوێنەیەکت بۆ دەهێنم و تێیدا قوڵترین لایەنی دەرونی خۆت ببینە.

**شاژن**: (پێدەبڕێ) ئەوە چ دەکەی؟

خۆ نامکوژی؟ فەریامکەون. فریامکەون.

**ستانیسلاس**: (بەردەوام دەبێت لەسەر خوێندنەوە)

**بولونیوس**: چی بووە؟ فریامکەون. فریامکەون.

**هاملێت**: ئەمە چییە؟ مشك. بمرە. بمرە.



**بولونیوس**: ئۆو. من کوژرام (بەردەبێتەوە و دەمرێ)

**شاژن**: شتێکی تر بخوێنەوە. هاملێت بەزۆری شازادەکانی خانەوادەکەم بیردەهێنێتەوە. (کتێبەکەی لێوەردەگرێ. کتێبۆکەیەکی بچوکی دەداتێ, بەکراوەیی دەیداتێ) ئەمە بخوێنەرەوە.

(ستانیسلاس کتیبەکە لەبەردەمی خۆیدا دادەنێ و کتێبۆکەکە هەڵدەگرێ و تەماشای دەکا بزانێ چی تیایە. ترسێکی گەورەی لێدەردەکەوێ)

**شاژن**: چییە؟ خۆ خوێندنەوەی شیعرەکەی خۆت ڕەتناکەیتەوە؟ من لەمسەریەوە بۆ ئەوسەریم لەبەرە, بەڵام حەزدەکەم گوێم لێبێت کە دەیخوێنیتەوە.

(ستانیسلاس کتێبۆکەکە وەردەگرێ. شاژن دەڕوا بۆ قوڵایی لای چەپ و لەبەردەم نەخشەکەدا ڕادەوەستێ)

**شاژن**: بیخوێنەوە (پشتی تێدەکات.. ئەو هێشتا هەر دوودڵە) من چاوەڕوانم.

**ستانیسلاس**: (بە دەنگێکی شیاو دەیخوێنێتەوە)

قەشە لە شاژن نزیک بووەوە کە لە گیانەڵادا بوو, وتی:

گەورەم ئامادەی مردن بە

مردن پەلەیەتی

لەشوێنی نوستنەکەت وەک عاشقێکی بە پەرۆش نزیک دەبێتەوە

پاشان وتی

گەورەم دانی پیابنێ و ئەوە بڵێ کە دەبێ بوترێت

شاژن بەپەلە دەستی کرد بە گێڕانەوەی زنجیرەی گوناهەکانی

www.pertwk.com

ڕوخساری مەرگ لە گوێگرتن
لە لیستی تاوانی کوشتنە نهێنیەکان زەرد هەڵگەڕا
هەر کە چیرۆکەکەش تەواو بوو
زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوەکانی
وەک ئەوەی بە لەزەتێکی کۆنەوە و بە هەڵپەیەکی تازەوە چێژی لێوەرگرتبێ.

**شاژن:** (پێیدەبڕێ. هێشتا لەبەردەم نەخشەکەدا ڕاوەستاوە و پشتی لە جەماوەرە)

مەرگ بە بێزارییەکی زۆرەوە گۆڕا و ڕایکرد
دەستی لەسەر لوتی بوو, بەملاولادا دەکەوت
بەڵام شاژن لەسەر مژینی لەزەتە کۆنەکان بەردەوام بوو
ستانیسلاس: (بەتوندوتۆڵیەوە بەردەوام دەبێ لەسەر خوێندنەوە)
ئەدیس دی برج لەخۆ دەچێ و
هەموو کۆشک سەبریان نەماوە و
قەشە وەنەوز دەیباتەوە و
زنجیرەی گوناهەکان کۆتاییان نایەت و
مۆمەکانیش لە نێو پاشماوەی خۆیاندا نوقم بوون..

**شاژن:** (پێیدەبڕێ)

سەرلەنوێ مەرگ خۆی کردەوە بە ژووردا

**ستانیسلاس:** داهاتەوە و, پەڵەیەك خوێن لەسەر تەوێڵی بوو
وتی: "تەنها یەك گوناه هەیە کە شاژن هەرگیز نەیکردووە"
(تەماشایەکی شاژن دەکا, لەپاشان بەردەوام دەبێت لەسەر خوێندنەوە)



ئەوەیە شاژن بە درێژایی ژیانی کەسی خۆشنەویستوە و
ڕەنجی نەداوە بۆ خۆشەویستەکەی
ئەو بەردەوام دڵسۆزی من بووە, تەنها بۆ من
لەبەر ئەوە من داوای دەکەم, بە زیندویی بێت یان بە مردویی.

**شاژن:** بەردەوام بە.. تەواوی کە.. تۆ تەواوت نەکرد.

**ستانیسلاس:** تەواو بوو.

**شاژن:** نەخێر. وشەیەکی تر ماوە. تۆ نەتخوێندەوە. ئێستا بیڵێ. (ستانیسلاس بە بێدەنگی دەمێنێتەوە) دەترسیت ناوی خۆت بڵێیت, ئایا لەسەرمە من بیڵێم؟

**ستانیسلاس:** نا. نا.

**شاژن:** (خۆی دەسوڕێنێ و ڕووبەڕوی دەبێتەوە) عزرائیل. عزرائیل. تۆ لەوەی کە بویت دەترسی. ئایا تۆ ترسنۆکی؟ ئایا تۆ ترسنۆکی؟ تۆ ترسنۆکی.

**ستانیسلاس:** ئایا تۆ بەتەمای ئەوە بووی ئەم دەمانچەیە هەڵگرم و لە پشتەوە تەقەت لێبکەم.

**شاژن:** سۆزدار مەبە. هەلێکی باشت لەبەردەست بوو. پەیماننامەکەمانت لەبیرچوو.

**ستانیسلاس:** چ پەیماننامەیەك؟ تۆ خۆت بڕیارت دا. وەك چۆن بڕیاری هەموو شتێ دەدەی. من لەسەر هیچ شتێ ڕازینەبووم. منت ناونا چارەنوست. ئەم جۆرە وشانە سوکناییەك دەبەخشنە دەرونت, چونکە تۆ حەز بە هەڵچون و دیمەنی سەرنج ڕاکێش دەکەی. تۆ بڕیاری ئەوەت دا من هیچ نیم تەنها ئامرازی کوشتنەکەت نەبێت,

ڕۆڵــی مــن لەســەر زەوی ئەوەیــە تــۆ بنێــرم بــۆ ئاسمــان. چ خۆبەزلزانینێکــە! پاشــان, چــی پــاڵم پێوەدەنــێ تــۆ بکــەم بــە ئەفسانە؟ تـۆ گـەر مردنـت دەوێ؟ بۆچـی خـۆت ناکوژی؟بۆچـی؟ پێت بڵێم بۆچی؟ چونکە خۆکوشتن تا ئەو ئاستە هەست بزوێن نییـە کـە تـۆ دەتـەوێ. لەپاشـان لەبەرامبـەر ئـەوەی کـە بتکـەم بـە پاڵــەوان و بــە نــەمر, چــیم پێدەبەخشــی؟ ئــەوە نــەبێت دەبمــە پیاوکوژێــك لــە دادگایــەکی هەســت بزوینــدا و بــە تیرۆرســتیش ناوبانگ دەردەکەم..نا.. ئەمە بەس نییە..

**شاژن:** تۆ هاتیت بۆ کرانتز تا بمکوژی. ئەوەت لە بیرچووە؟

**ستانیســلاس:** هــیچ شــتێکم لــەبیر نەچــووە. بــەڵام تــۆ تــەنها بــیر لــە خــۆت دەکەیتــەوە. ئــەوانی تــر لای تــۆ تــەنیا بیرۆکــەن, خــوێنی مــن لــە شانۆگەریەکەتدا دەجوڵـێ. ئەو شانۆگەریەی کـە تـۆ هـەمو کاتـێ ڕۆڵـی پاڵـەوانی تێـدا دەبینـی. لـە شـەوی ڕابـردوودا, چیرۆکێکی جوانت نواند. ئەو ڕۆڵەش کە دابوت بە خۆت ڕۆڵێکی زۆر جوان بــوو.. وانییــە؟ ئیــدی هــەر ئــەدوایت و ئــەدوایت, بــەڵام هــەرگیز ڕانەوەسـتای تـا بـیر لـە هـۆی بێـدەنگی مـن بکەیتـەوە. پێـت بڵـێم بۆچـی قسـەم نـەکرد؟ گـوێم لێـدەگری؟ مـن بۆیـە بێـدەنگ بـووم چونکە دڵم لێدانێکی هێندە توند و خێرا لێیدەدا تا ئەو ئاستەی دەنگمــی خنکانــد. تــۆ بــیرت چــوبوەوە مــن پیــاوم, وەك ئــەوەی تارمــایی بم مامەڵــەت لەگــەڵ کــردم, بــەڵام مــن پیــاوم, زینــدوم. شعورم هەیە..

**شاژن:** من لێناگەڕێم...



**ستانیســلاس:** منـیش لێناگـەڕێم قسـەکردنەکەم پێبـبڕی, ئایـا مـن دوێنـێ پێمبڕیت؟ ئێستا نۆرەی منە. لە تاریکیەوە هاتم, لەو زوڵمەتەوەی کە هیچ شتێکی لەبارەوە نازانی. گومانی تێدا نییە تۆ واتزانـی ژیـانی مـن تـەنها لـەو کاتـەو دەسـتپێدەکات کـە بـازم دایـە نـاو پەنجەرەکەتـەوە. شـیعرەکەم خەیاڵـە نەخۆشـەکەتی وروژانـدووە. بـێ ئـەوەی لـێم بپرسـی بڕیـارت دا مـن ئـامرازێکم چارەنوسـت دەجوڵێنێ. بارودۆخێکی خۆش. ئای چ غرورێکی جوانە.

تۆ لەسەر هاوڕێیەتی تارمایەکان راهاتویت
تەنانەت تۆ حسابی ئەوەت نەکرد من لە پیاوانم
بگرە تۆ دەرکت بەوەنەکرد من پیاوێک بووم و
دیمەنی ئەو شتەی کە دەستی ناگاتێ ئازاری دەدا
ژورەکەشت گەرم و ڕازاوە و لاچەپ بوو

*　　　*　*

وەک بەلەمێک لە روبارێکدا بێتو  کەسی تێدانەبێت
ئەو لە هەموو شتێ جیاوازتر بوو
وەک جیاوازی شەرابی سوور
لە پرژەی ئاوی سوێر
کە لەسەر ڕوخسارمان بڵاودەبنەوە
کاتێ دەکەوینە سەر ئاو

*　　　*　*

لەگەڵ شەپۆلە هاروهاجەکانی ڕوبارێکی تورەدا
چاوانی تینوم هەموو وردەکاریەکانی خواردەوە
ژورەکەش لەلای خۆیەوە خواردمیەوە

www.pertwk.com

له هەموو ئەم کاتەشدا, تۆ له خەمی خۆتا گێنگڵت دەدا و
بونی منت لەبیرکردبوو, دەرونمت پشتگوێ خست
من بۆچی ئازارم دەچەشت؟ له پێناوی تۆدا ئازارم دەچەشت
جوانی چەقۆیه و
له نێو بریندا دەسوڕێ
برینەکەش دزێ دروستی کرد,که کاته
جوانی کورته
ئەم جوانییەی که خەموخەفەت هەمووی داپۆشیوه
تۆ ئەمەت نەبینی
بۆیه ئازارت دام, قسەت دەکرد و, قسەت دەکرد
کاتیش بووه پەڕۆیەک له وشه و
بەستت به ئەژنۆمەوه
من؟ له کوێوه هاتم؟
له زوڵمەتەوه هاتم
هەموو شتێ, جگه له تۆ, له زوڵمەتا دەژی

*  *  *

ئەی تۆ؟ شتێکی پێشبینی نەکراو لای تۆ ڕونادا
هەرچییەکت بەسەردێ
خۆت دروست و جێبەجێیان دەکەی
تۆ, خۆت خۆت دروست دەکەی, له خەونەکانتدا دروستی دەکەی
ئیرادەی جوانی شاراوەیه و نابینرێ, تۆکمەیه و نابەزێ
تۆ ئەو تەوەرەی
که پێویسته هەموو پیاوەکان لەدەورەی بسوڕێنەوه



وامدەزانی تۆ ئازادی, کەچی کۆت و بەندکراوی
تۆ شەیدای جوانی خۆت بووی
تا وایلێهات هەموان وەک ئەستێره بەربووەکان
بەشەکەتی لەبەر پێتا کەوتن
بێ ئەوەی ئاگات له خۆت بێ
له ڕێگەی عەقڵی منەوه دەستت به بیرکردنەوه کرد
منت به هەڵگیرسێنەری شۆڕش له قەڵەم دا
له شۆڕشەوه بردمت بۆ تیرۆرکردن
له تێڕامانەکانتدا کردمت به وێنەیەک له پاشا

*  *  *

ئەوان منیان هەڵنەبژارد
بگره تۆ منت هەڵبژارد
تۆ که گۆرانی بۆ مردن دەڵێی
ڕاتکێشامه نێو ژیانی خۆتەوه
من دانی پیادەنێم دادوەرەکان
دەرک به بەشداری تۆ له تاوانەکەدا ناکەن
بەڵام شاعیرەکان, ئەوانن که تێدەگەن
ئەوان بڕیاردەدەن
کێ تاوانباره و کێ بێتاوان
دەشزانن.. ئارەزوو کەی دەستپێدەکات

*  *  *

کاتێ تەمەنم پانزه ساڵ بوو, چیاکانم بەجێهێشت.

ئەودەمی هەموو شتێ پاک بوو, درەوشاوە وەک بەفر, پوخت وەک ئاگر

لە پایتەختەکەی تۆدا

ڕیسوابون و بەدبەختی و درۆودەلەسە و پیلانگێڕیم ناسی

لەوێ لە پیلانێکەوە دەردەچوم و دەچومە ناو پیلانێکی تر

پڕبووم لە ڕق و کینە

ڕقم لێتبووەوە, چونکە تۆ گوێت بە نائومێدیەکەی من نەدا و

قەلا خەیاڵییەکانت دروست دەکرد و

خەونی خۆش خۆشت دەبینی

ئەوان پاشاکەی تۆیان کوشت, ئایا دەبێ لۆمەی من بکرێ؟

تیرۆر تایبەتمەندییەکە چێژبەخشی ئەمیرەکانە

ئێمە چاوەڕوانی ئەوەبوین لێت

وەک جوانیەکەت, کەسێتیەکی خانەدانمان پیشانبدەی

ئێمە بێهودە چاوەڕوان بوین

*    *    *

تۆ گوێت نەدەدایە, تۆ مردویت و

شاریش لەداخاندا گینگڵی دەدا

*    *    *

**شاژن**: ڕاستە تۆ پاشات نەکوشت, بەڵام چەقۆکەت بەرزکردەوە.

هەموو تاوانەکان یەك پیاو جێبەجێیان دەکا

**ستان**: ئەو پیاوەی پاشای کوشت شێت بوو.

**شاژن**: ئەو پاشای کوشت, بەڵام ئەوە شاژن بوو مرد.



**ستان**: لەگەڵ ئەوەشدا تۆ تا ئەو ئاستە دەژیت کە لە پێناوی مردندا لە چارەنوست دەپارێیتەوە. تۆ پاشات خۆشدەویست, بەڵام چ جۆرە خۆشەویستیەك؟ تۆ لەدایك بویت تا ببیت بە شاژن. بۆیە خوێندت تا بگەیتە تەختی پاشایەتی. کاتێکیش بویت بە ژن, لە نزیکترین پاشا مارە بڕای. هەردووکتان پێکەوە سواری ئەسپ دەبوون و ڕاوتان دەکرد. بونە هاوسەری یەکتر. دواتر کوژرا. تۆ خەمباری بۆ خۆشویستنەکەت, نەك بۆ پاشا. منیش ڕقم لە ژیانی خۆمە چونکە خۆشەویستی تێدا نییە. من ڕقم لە شاژنەکەم نییە. بەدرێژای ژیانم ڕۆحم بۆ خۆشەویستی ناڵاندویەتی, بەڵام جگە لە دەنگدانەوە هیچی ترم نەبیست. لەبەر ئەوە دواجار قەزیەیەکم خۆشویست و لێگەڕام فیکرەیەکی سارد و سڕ داگیرم بکات. ئیدی هەموو شتێ بە ئاسایی دەچوەپێشێ. گەر بەرنەبومایەتەوە, چونکە کاتێ بە ئاگا هاتمەوە چیدی تەنها وەك فیکرەیەك نەمابومەوە, بەڵکو پیاوێك بووم و ژنێك برینەکەمی تیمار دەکرد. بەڵام کاتێ من گۆڕام بۆ پیاو, تۆ گۆڕابویت بۆ فیکرەیەك. کاتێکیش خۆشەویستییەکەم بۆ ژیانی تۆ زیادی کرد. تۆ پێتڕاگەیاندم من ئامرازی مردنەکەتم. برسیەتی و ماندوبون مەستیان کردم و ڕەشەباش سەرخۆشی کردبووم. لە کۆتایدا ئەو هێزەم دۆزییەوە کە جارێکی تر گۆڕیمیەوە بۆ فیکرە. لەوەشدا ئاسودەیم بەدەستهێنا. ئیدی بڕیارم دا بتکوژم. بڕیارم دا ژورەکەت بکەمە ژوری بوکێنیت و خوێنەکەتی تێدا بڕێژم, بەڵام بیرم چوبوو لە ژنان دا مەکر و تەڵەکەبازی هەیە. کاتێ من بومەوە بە فیکر تۆ بویتەوە بە ژن.

www.pertwk.com

**شاژن**: (فەرمانی پێدەکا) من فەرمانت پێدەکەم بێدەنگ بیت.

**ستان**: من وامزانی تۆ وازت لە نەریتی کۆشك هێناوە و مامەڵەی نەیار بۆ نەیارم لەگەڵ دەکەی؟

**شاژن**: ئەوە پەیماننامەیەك بوو من لەگەڵ مەرگدا مۆرم کردبوو. نەك پەیماننامەیەك بێت لە نێوان شاژن و کورپێژگەیەکی هەڵزناو بە پەنجەرەکەیدا.

**ستان**: ئای لەو شۆکە, ئای چ ئابڕوچوونێکە. کەواتە دەی, هاوار بکە, داوای یارمەتی بکە, لێیانگەڕێ بمگرن.

**شاژن**: ئاوا هاوار مەکە.. تۆ هەموو ئەوانەی لە قەڵاکەدان بەئاگادێنی.

**ستان**: چ قەڵایەك؟ لەبەرچی گوێی بدەمێ؟ چییە گەر بگیرێم و پاشان لە سێدارە بدرێم؟ یان لە سێدارە بدرێم و پاشان بگیرێم؟ تۆ واینابینی من شێت بووم؟

**شاژن**: (دەمانچەکە هەڵدەگرێ و دەیداتێ) بیتەقێنە. هەر ئێستا بیتەقێنە, ئەگینا کاتی بەسەر دەچێ.

(ستانیسلاس دوور دەکەویتەوە و شاژن بەجێدەهێڵێ کە دەمانچەکەی بەدەستەوەیە)

**ستان**: (چاوی داخستووە و ڕودەکاتە جەماوەر) هەموو ئەو ڕق و کینەیەی لە دڵمابوو, کە پاڵی پێوەنام تا ئەم تاوانە ئەنجام بدەم, ئێستا وەك خۆشەویستی لە خوێنما دێت و دەچێ. من ونبووم, ون.

**شاژن**: ئایا پێویستە لەسەرم ئەوەی وتم دووبارەی بکەمەوە؟ گەر نەمکوژی, ئەوا من دەتکوژم..



(بەخێرایی بەرەو ڕووی پلیکانەکە دەچێ)

**ستان**: (لەدوایەوە دەگری)کەواتە بمکوژە. بمکوژە. دەی. لەبەرچی فیشەکەکە ناتەقێنی و ئیدی هەموو شتێ کۆتایی دێت؟ ئایا دیمەنی خوێن پەستتدەکات؟ تۆ بەلای کەمەوە دڵخۆشم دەکەی گەر بینیم خوێنەکەم کارت تێدەکا. نیشانە لێرە بگرەوە. لەسەر دڵم..

(شاژن دەمانچەکە دەهێنێتە خوارەوە و فیشەکێك نەگریتە نیشانەکە. هەموو ئەمانە لە چرکەیەکدا ڕوودەدات. زەنگەکە لێدەدرێ. شاژن دەمانچەکە دەهێنێتە خوارەوە و بە پەلە دەڕوا بۆلای ستانیسلاس و کتێبەکەی شەکسپیر دەخاتەوە ناو دەستی)

**شاژن**: دانیشە. بخوێنەرەوە. بخوێنەرەوە. بەتوندی و وەك چۆن پێش چەند ساتێك ئیهانەت دەکردم. (زەنگەکە جارێکی تر لێدەدرێتەوە) بەخێرایی بخوێنەرەوە (قژی ڕادەکێشێ و وەك ئەوەی ئەسپ تاوبدا, لەپاشان ناچاری دەکات دانیشێ) پێویستە دەست بە خوێندنەوە بکەیتەوە.

**ستان**: (دادەنیشێ و کتێبەکە هەڵدەگرێ و بەدەنگێکی بەرز دەیخوێنێتەوە)

"ماڵئاوا ئەی کەساس, ئەی شێتوویت
ئائەمە بەختەکەت بوو, وەریگرە"

(لە خوێندنەوە ڕادەوەستێ و چاوی دەنوقێنێ)

**شاژن**: (قژی ڕادەکێشێ) بەردەوام بە. بەردەوام بە.

**ستان:** (وەك پێشتر بەدەنگی بەرز هاوار دەكا) دەستت لابە و, هێوربەرەوە, لێمگەڕێ دڵت بگوشم, بۆئەوەی گەر مادەیەك هەیە بچێتە ژورەوە, گەر نەریتی نەفرەتلێكراویش دایپۆشیبێ و پێچابێتییەوە, ئەوا نیشانەی ئەوەیە هەستی لەدەست داوە.

**شاژن:** من چیم كردووە تا زمانت ئاوا بەم قیڕەقیڕە لەدژم درێژ بووە

(دەرگاكە دەكاتەوەو ئەدیس دێتە ژورێ. شاژن دەگەڕێتەوە شوێنەكەی لەنزیك ئاگردانەكە و پەچەكەی دەهێنێتە خوارەوە) ئەدیس تۆی, چییە؟

**ئەدیس:** ببورە گەورەم. من لە باخچەكەدا بووم گوێم لە هاوار و تەقەیەك بوو, ترسام..(دەداتە پڕمەی گریان)

**شاژن:** تۆ كەی واز لە ترس دێنیی؟ من مەشقم لەسەر فیشەك تەقاندن دەكرد. هیوادارم گوێشت لەسەر چۆنیەتی خوێندنەوەی باش بوبێت. (ڕوی قسەكردنەكەی دەكاتە ستانیسلاس كە لە كاتی هاتنە ژورەوەی "ئەدیس"وە هەستاوە و لەبەردەم مێزەكەدا ڕاوەستاوە و كتێبەكەشی بەدەستەوەیە) پێویستە لە خانم دی برج خۆشبیت, ئەو واتێگەشتوە خوێندنەوەكەت هاواركردن بووە, بەڵام كاتێ خۆی دەیخوێندەوە من لەوبڕوایەدا بووم كە خۆم كەڕم. (بۆ ئەدیس) ئێمە زۆر پێماننا خۆشە, گوێت لێیە, زۆر پێماننا خۆشە یەكێك لە ژێر پەنجەرەكەمانەوە یان لەپشتی دەرگاكەمانەوە گوێی گرتبێ. (ئالەم ڕستەیەی كۆتایدا تۆنی لە دەرگا بچوكەكەی لای چەپەوە دێتە ژورێ. شاژن دەیبینێ, ڕوو لە ئەدیس وەردەگێڕێ) ببورە..(تۆنی بە ئاماژە قسە دەكات,



شاژنیش وەڵامی دەداتەوە, تۆنی دەچێتە دەرێ) ئەدیس من زۆر دڵگرانم. هەڵسوكەوتت تا بێت خراپتر دەبێ. دەترسم ناچاربم فەرمانت پێبكەم لە ژورەكەی خۆت نەیەیتە دەرێ و هەرچییەكت بوێ تۆنی بۆت بێنێ.

(ئەدیس دایەتەوە و بە پلیكانەكەدا سەردەكەوێ و دەچێتە دەرێ) گەورەم ئێستا تكایە خۆت بشارەوە. من میوانێك دەبینم و نامەوێت وشەیك چییە كە دەیڵێ گوێت لێنەبێ؟ ئێستا داوای وچانێكت لێدەكەم. لەپاشان دەتوانین قسەبكەینەوە.

(ستانیسلاس بەرەو ڕوی پلیكانەكە دەڕوا و سەردەكەوێ. دوای ڕۆشتنی دەرگا بچوكەكە دەكرێتەوە و تۆنی دێتە ژورەوە و تەماشایەكی شاژن دەكات, شاژن سەری بۆ ڕادەوەشێنێت. تۆنی دەچێتە دەرێ و دواتر بە خێرایی دێتەوە و "بارۆن فۆهن"ی لەگەڵە. لە پاشان تۆنی بە تەنها دەچێتە دەرەوە دەرگاكە پێوەدەدات. بارۆن لە بەرگێكی جوانی سەفەركردندایە, وەك پیاوێك لە پیاوەكانی كۆشك دەردەكەوێ)

**شاژن:** بارۆنی ئازیز.

**بارۆن:** (دادێتەوە, دواتر چەند هەنگاوێك دێتە پێش) گەورەم. داوای لێبوردنت لێدەكەم كە بەم بەرگەوە لە بەردەمتا دەركەوتوم. ڕێگاكە درێژ و سەختە.

**شاژن:** لە مێژە فەرمانم پێكردون چاكی بكەنەوە. بیروڕاشم وایە تێچونەكەی لە پارەی گشتی بدرێ. بەڵام وەزیرەكان دەڵێن من بەرپرسیارم لەسەر دەستبلاویم بۆ كاری چاكردنەوە. كێشەكە

کێشەی بۆچونە. هەرچۆنێ بێت, من ئێستا گرنگی بەم مەسەلەیە نادەم. ئەوە گرفتی خۆیانە.

**بارۆن**: دۆقە پێیناخۆشە خاوەن شکۆتان قەرزارن, بەڵام داوای لێبوردنتان لێدەکات کە ناتوانێ کۆمەکت بکات. ئێمە هەمووومان دەزانین ئەم قەیرانی داراییە خاوەن شکۆ بەتەنها چووەتە ژێر بارییەوە و, تۆ ناتەوێ گەل کەمەکێك لەو بارەقورسە هەڵگرێ.

**شاژن**: بارۆنی ئازیز ئێمە هەموومان دەزانین تۆ دڵم دەدەیتەوە, ئەگینا کێیە ئەم پڕوپاگەندە هیچ و پوچانەی لەسەر من ورووژاندووە؟ لەسەرەتادا کە دەچوومە پایتەخت دۆقە هەموو جارێ دەیوت "پلەوپایەی منت لەبیربێ, ئاگاداری هەڵسوکەوتت بە". ئەم دەستەواژەیەم زۆرجار گوێ لێبووە تا ئەو ئاستەی من بەخێرایی خۆم لەسەری ڕاهێنا. لەگەڵ ئەوەشدا من ئەمڕۆ بە توندڕەو تاوانبار دەکرێم. گوایە من بە قامچی لە کرێکارانی تەویلەکان دەدەم.. لەگەڵ دەستوپێوەندەکان "پایپ" لە چێشتاخانەکەدا دەکێشم.. گوایە بە تەواوی ملکەچی تیپێکین کە لە ژوری عەرشدا یاریگەییێکم بۆ سازداون. من تەنهاپڕوپاگەندە خەم ڕەوێنەکان دەگێڕمەوە, بەڵام ئەوانی تریان زۆر لەوە هیچ و پوچترن کە باسبکرێن. ئەمە نمونەی ئەو چیرۆکانەن کە لە دژم بڵاودەکرێنەوە و دەبنە مادەیەك بۆ گاڵتە و دەمەتەقێی پیاوانی چاخانەکان.



**بارۆن**: گەورەم. دۆقە یەکەم کەسە ئەم حاڵەتەی ڕەتکردۆتەوە, دروست هەر لەبەر ئەم هۆیەشە تەشریفم هێناوە بۆ کرانتز, تا ڕیۆرەسمی ڕێزگرتنی خاوەن شکۆ بەرز ڕاگرم.

**شاژن**: ئەمە چاکە. من ئەمەم دەزانی. هاتویت بۆ ئەوەی "کەوڵمکەی"

**بارۆن**: هەڵبەتە خاوەن شکۆتان گاڵتە دەکات..

**شاژن**: لەو بڕوایەدام, چونکە بە بۆنەی یادی پاشاوە لە کاتدرائیەکەدا نوێژێکی شیاوم نەبینی.

**بارۆن**: خاوەن شکۆتان بیروڕاکانم وەك ئەوەی کتێبێکی کراوە بێ دەخوێنێتەوە. دۆقە بێزارە لەو خراپ لێکتێگەشتنەی نێوان تۆ و گەلەکەت. شاژن گەر تەنها خۆی دەرخات, ئەوا دەتوانێ ئەم حاڵەتە خراپە تێپەڕێنێ.

**شاژن**: فەرمو دانیشە. ڕۆژنامەکان دەڵێن دیارنەمانم کاریگەرییەکی زۆر خراپی هەبووە.

**بارۆن**: بەو پێیەی وەزیری کۆشکم من ئەو تێبینیانە ڕەتدەکەمەوە, بەڵام دڵنیام جەماوەر زۆریان پێ ناخۆش بوو کە کەژاوەکەیان بە خاڵی بینی. دۆقەش وایدەبینێ- گەر ڕێگەم بدەی وشەکانی ئەو دووبارە بکەمەوە- پلەوپایەی شاژن قەرزاری یادی کوڕەکەمە.

**شاژن**: (هەڵدەسێتەوە) بارۆن فۆهن ئایا دۆقە نازانێ گۆشەگیرییە ئارەزومەندانەکەم شێوەی گوزارشت کردنم بوو لەسەر مردنی کوڕەکەی؟ ئەوەش ڕاسترە لەوەی نەهامەتیەکەم لە کەژاوەیەکی گشتی پوکاودا دەرکەوتایە.

**بارۆن**: دۆقە لەوانەیە بە دەربڕینە بێ پێچ و پەناكانی پەستی كردبیت, بەڵام– گەر ڕێگەم بدەی ئەوە بڵێم– دۆقە دووربین و سیاسییەكی مەزنە.

**شاژن**: من ڕەقم لە سیاسییەكانە.

**بارۆن**: بەڵێ گەورەم, بەڵام سیاسەت ئەركی پاشاكانە. وەك چۆن ئەركی منیش پارێزگاریكردنی تەختی پاشایەتی و ئاشكراكردنی پیلانەكان و هەستان بە هەزاران ئەرك و ئەركی ترە.

**شاژن**: (پێیدەبڕێ) دۆقە داوای چی دەكات؟

**بارۆن**: ئەو داوای هیچ ناكات. بەڵكو ئەو ئامۆژگاریەكی بچوكت دەخاتە بەردەست. ئەو ئامۆژگاری خاوەن شكۆتان دەكا نەختێك لەم گۆشەگیرییەتان كەم كەنەوە. تا هەندێك وا لێكینەدەنەوە– هەندێ لە گەمژەكان– ئەمە خۆبەزلزانین و لوتبەرزییە.

**شاژن**: بارۆنی ئازیز تۆ ناتوانی خەموخەفەت كەم كەیتەوە. من یان ئەوتا خۆم دەشارمەوە یان ئەوتا خۆم دەردەخەم. تۆ ناتوانی نەختێك لە گۆشەگیری كەم كەیتەوە. من وشەی "نەختێك"م لە قاموسی خۆم دەرهێناوە.

**بارۆن**: خاوەن شكۆتان ڕێگەم پێدەدا ئەم وەڵامەی ئێوە بە دۆقە بگەیەنم؟

**شاژن**:دەتوانی ئەوە بكەی. هەندێ شەرابت بۆ تێكەم؟

**بارۆن**: (شێوەی قسەكردنەكەی دەگۆڕێ) سوپاس. كرانتز جوان دیارە. زۆرجوانە. ئایا دوێنێ گەشتی؟

**شاژن**: دوێنێ بەیانی.



**بارۆن**: لە ولمارەوە هاتیت؟ گومانی تێدانییە گەشتەكەت سەخت بووە. باوبۆرانەكەش زۆر توند بوو. من لەوە دەترسم خاوەن شكۆتان بە درێژایی دوێنێ شەو ئیسراحەتی نەكردبێت.

**شاژن**: قسەی بێمانا. من هەورەگرمەم خۆشدەوێ. بەهەرحاڵ, من شەكەت بووم و هیچ شتێكم نەبیست.

**بارۆن**: من دڵخۆشم. لەوە دەترسام ئەو ڕاوەدونانەی پێیهەستام, هەندێ نارەحەتی بۆ ئێوە دروستكردبێت و خەونیشی لێتێكدابن.

**شاژن**: خەریك بوو لە بیرم بچێ, من ئێستا بیرم كەوتەوە, خانم دی برج هات و پرسیاری لێكردم گەر ڕێبدەم پۆلیس باخچەكە بپشكنێت, بەڵام تۆ لەوێ نەبوی؟

**بارۆن**: ئێمە هەندێ جار ئازایەتی خاوەن شۆمان لەبیر دەچێ, لەبیری دەكەین تۆ لە هیچ شتێ ناترسی. (كەمەكێك شەراب دەخواتەوە) ببورە. شەراب لە خوێن دەچێ كاتێك مرۆڤ دەیخواتەوە. من دوودڵ بووم لەوەی ئەم مەسەلەیە بایەخێكی بدەمێ كە شایەنی نییە, بەوەی نیوە شەو بگەمە قەڵای كرانتز. دووڕۆژە من هاتوم بۆ ئێرە و لە ئوتێلی گوندەكەدا دابەزیوم.

**شاژن**: بارۆنی ئازیز, بۆ تۆ جوان نییە بێیت بۆ كرانتز و لە قەڵا دانەبەزی. ئایا ئەو پیاوەتان گرت كە ڕاوتان دەنا؟ بیستم دەیەوێ من بكوژێ.

**بارۆن**: پیاوەكانم زیاد لە پێویست قسەدەكەن. پێدەچێ ئەوان ترس و تۆقاندنیان بڵاوكردبێتەوە.

www.pertwk.com

**شاژن**: من نازانم گەر پیاوەکانت زیاد لە پێویست قسەبکەن, بەڵام دەزانم خانم دی برج ئەوە دەکات, ئەو حەز بەوەدەکات خۆی لەو شتانە هەڵقورتێنێ کە تایبەت نین بەو.

**بارۆن**: ئێمە دووڕۆژە ئەو پیاوە ڕاودەنێین. ناشزانم هاورێکانی چۆنیان زانی خاوەن شکۆتان لە کرانتز دابەزیون. تەنانەت من ئەمەم نەدەزانی. بەهەرحاڵ, پیاوەکە لەو چیخەی کە لە گوندەکەدایە و دایکی تێیدا دەژی هەڵهات. لەوانەشە زۆر دوورکەوتبێتەوە ئەگینا دەماندۆزییەوە. ڕاوەدونانێکی وردم ڕێکخستووە, من پێمناخۆش بوو کە ئیسراحەتی خاوەن شکۆتانم تێکدابوو, بەڵام ئێستا خۆشحاڵم کەوا ئێمە نەبوینەتە هۆی بێزارییەکی زۆر.

**شاژن**: لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا, پیاوەکە هێشتا ئازادە.

**بارۆن**: پیاوەکانم شایەنی ئەم گاڵتە پێکردنەی خاوەن شکۆتان نین, بێگومان پیاوەکەیان گرت.

**شاژن**: ئەمە شتێکی زۆر گرنگە.

**بارۆن**: سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دەیویست بگاتە دۆڵەکە, بەڵام ئێمە زۆر بە توندی نیشتینە سەری تا خۆیدا بەدەستەوە.

**شاژن**: ئەم پیاوە چ جۆرێکە؟

**بارۆن**: گەنجێکی سەرەڕۆیە و ئیش بۆ کۆمەڵەیەك لە کۆمەڵە سیاسیەکان دەکات, کە خاوەن شکۆتان پێش چەندساتێك چالاکییەکانیتان ڕەتدەکردەوە.

**شاژن**: ئایا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا؟



**بارۆن**: من خۆم لێکۆڵینەوەم لەگەڵ کرد.

**شاژن**: لەو بڕوایەدام شێت بێت؟

**بارۆن**: ئەو شاعیرە.

**شاژن**: بۆچی؟

**بارۆن**: گرنگی دانی خاوەن شکۆتان بە شاعیرەکان کارێکی ڕاست نەبوو. ئەوان بیرکردنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بیردەکەنەوە کە کۆمەڵگا دەهەژێنێ.

**شاژن**: تۆ مەبەستت ئەوەیە بڵێی شاعیرێك ویستویەتی بمکوژێ؟

**بارۆن**: ئەمە شێوازی شاعیرە بۆ سوپاسکردنی شاژن لەسەر ستایشکردنی.

**شاژن**: ستایشکردن؟ چ ستایشکردنێك؟

**بارۆن**: خاوەن شکۆتان- گەر هەڵە نەبم- حەزلێکردنی خۆتان بۆ شیعرێکی تێکدەرانە دەربڕی بوو کە لە گۆڤارێکی یاساغدا بڵاوکرابووەوە, ئەم پیاوە, ئەم شۆڕشگێڕە بچوکە دانەری ئەو شیعرەیە.

**شاژن**: کەواتە ئەو عزرائیلە. ئەمە شتێکی سەیرە.

**بارۆن**: ئەو سەریەشەیەکی زۆری بۆ نەناینەوە. لە پێنج دەقیقەدا دانی بە هەموو شتێکدا نا, ئەو گەنجێکی سەرەڕۆیە. بگرە ئەو زۆر خوێڕی و بێقیمەتە, چونکە نەك تەنها هەر ناوی هاوڕێکانی پێدان, بەڵکو ئەو شوێنانەشی بۆ دەستنیشان کردم کە لێی

کۆدەبنەوە. لە توانامدا هەیە بە ئاسانی دەست بگرم بەسەر هەمویاندا.

**شاژن:** زۆر بەداخەوەم کە ئەمە دەبیسم. من ڕەقم لە ترسنۆکەکانە. تکایە جارێکی دیکە باسی ئەم مەسەلەیە مەکە. پۆلیس و شاعیرەکان لەسەر هیچ شتێ ڕێکناکەون و هەرگیزیش تێناگەن.

**بارۆن:** مادام شاعیرەکان تەنها بە نوسین ڕازین. ئەوا هیچ زیانێك ناگەیەنن. ئەوان بونەوەرێکن لەسەر خەیاڵ دەژین, بۆیە لە ئێمەوە شایەنی بەزەییپیاهاتنەوەن نەك سزادان, بەڵام گیروگرفت لەوێوە دەستپێدەکات کە واز لە خەیاڵ بهێنن و پراکتیکی واقع بکەن. لەوکاتەوە ئیدی ئەوان تۆپەکانیان دەگرنە کۆمەڵگا. پارچەپارچەکردنی فیکرەیەك لە چەند دێڕیکدا شتێکە و پارچە پارچەکردنی دەوڵەتیش شتێکی ترە.

**شاژن:** (هەڵدەسێ) بارۆنی ئازیز من پیرۆزبایت لێدەکەم بەبۆنەی سەرکەوتنت بەسەر گرتنی ئەو پیاوەدا و سوپاسی ئامۆژگارییەکەشت دەکەم. دانی پیادەنێم من لەو بڕوایەدا بووم ئامادەنەبونت لە شەوی ڕابردودا بەلامەوە مەسەلەیەکی سەیر بوو. کاتێ هاتیتە ژورەوە وام بە خەیاڵدا هات تۆ بۆ ئەوە هاتویت مردنم ڕابگەیەنی. بەوەش دڵخۆشم کە دەبینم سەردانەکەت بۆ ئەوە بووە لە تەندروستیم بپرسی.

**بارۆن:** (خەندە گرتویەتی) زۆرجار تێگەشتن لە خاوەن شکۆتان زەحمەتە.

**شاژن:** هەندێجار..(دەستی بۆ درێژ دەکات) بارۆنی ئازیز.



**بارۆن:** (بۆ دەستماچکردنی دێتە پێشەوە, شاژن دەستی دەگەڕێنێتەوە و لەسەر شانی دایدەنێت) من تکات لێدەکەم لەم سەردانەم خۆشبیت و هیواداریشم کەشوهەوای تێرامان و خوێندنەوە ئەدەبییەکەتم تێکنەدابێت. (دادێتەوە) ئایا بۆم هەیە هەواڵی خانم دی برج لە شاژن بپرسم؟

**شاژن:** پەناگیر بووە, هیچ ترسێك لەئارادا نییە, بەڵام بۆ ماوەیەك لە ژورەکەیدا دەمێنێتەوە. پێیڕادەگەیەنم تۆ هەواڵیت پرسیووە. تۆنی تاکو دەرەوە لەگەڵت دێت. (دەڕوا بۆلای دەرگاکە و سێ جار لێیدەدا. تۆنی دەردەکەوێ) قوڵترین ڕێز و سڵاوم هەیە بۆ دۆقە و بۆ ئەو بایەخدانەی دەیدا بەهەڵسوکەوتم. ڕۆژێکی خۆش.

(بارۆن دادێتەوە و دەچێتە دەرەوە و تۆنیش لە دواوەیەتی. تۆنی تەماشایەکی شاژن دەکات. بە ئاماژە قسەی لەگەڵ دەکا. تۆنی دوای بارۆن دەکەوێ و دەرگاکە پێوەدەدات. شاژن لەسەرخۆ دەمامکەکەی لادەبا)

**شاژن:** ئێستا دەتوانی بێیت.

(ستانیسلاس بە پلیکانەکەدا دێتە خوارەوە. دەڕوات بۆ لای مێزەکە. شاژن لەبەردەمیدا ڕادەوەستێ و پشتیشی لە ئاگرەکەیە)

**ستان:** ئەمە شتێکە باوەڕی پێناکرێ.

**شاژن:** بە پێچەوانەوە. ئەمە ئەتەکێتی ئاسایی کۆشکە. خورەوشتێکی بەرزوبڵند و ئامانجێکی ژەهراوی. من کۆسپێکم کە نایەڵم دۆقە لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشێ. بەدڵنیاییەوە بارۆن چاوی لە تاوانی کوشتنەکەم دەپۆشی گەر تۆ سەرکەوتو بویتایە لە

جێبەجێکردنیدا, بەڵام کە سەرکەوتو نەبویت, ئەوا ئەو کارە ڕتدەکاتەوە. تێگەشتی؟

**ستان**: خۆم ئەدەم بەدەستەوە.

**شاژن**: گێل مەبە. لە شوێنی خۆت بمێنەرەوە. دانیشە (شاژن دادەنیشێ. ستانیسلاس دوودڵە) دانیشە. (دادەنیشێ) فۆهن بە شوێنتا دەگەڕێ. من گەرچی حسابی پێویستی خۆم کردووە تاکو خانم دی برج نەبینێ, بەڵام پێدەچێ ئەو گومان لەمەسەلەکە بکات. من لە یەك شت دڵنیام, ئەویش ئەوەیە فیلکس هیچ شتێ ناڵێ. زەحمەت دەبێ بتوانێ بە ئاسانی مەسەلەکە ببات بەڕێوە. بەهەرحاڵ من تۆم هێنایە ناو ئەم قەیرانەوە و لەسەریشمە دەرت بێنم لێی.

**ستان**: من شایەنی بەزەیی پیاهاتنەوەم

**شاژن**: بگرە تۆ تاقە کەسی لەم جیهانەدا تەواو وەك منی.(ئاگری نێو ئاگردانەکە دەجوڵێنێ. شەو خامۆشە) تەنها ئەوانەی لەنێو تراژیدیادا ژیاون لە تراژیدیا دەگەن. ئێمە لەشەوی ڕابردودا چۆن بوین؟ وەك تۆ وتت فیکرەیەك لە ڕوبەڕوی فیکرەیەکی تردا, ئەی ئێستا؟ چیمان لێهاتووە؟ ژن و پیاوێك, هەردوکیان ڕاونراون. ئێمە یەکسانین (ئاگرەکە دەجوڵێنێ) ئایا دایکت لێرە لە گوندەکەدا دەژی؟

**ستان**: دایکم مردووە, بەڵام ئەو ئافرەتەی کە لێرە دەژی ژنی باوکمە. پانزە ساڵ بووم کە لە ماڵەکەی دەریکردم.دوێنێ شەو بۆ جاری دووەم گەڕامەوە تا هەندێ کاغەزم هەیە بیسوتێنم پێش ئەوەی...



**شاژن**: ئەی هاوڕێت نییە؟

**ستان**: نەخێر. ئەو کەسانەی دەیانناسم ئەو ئاژەڵانەن کە بەکارمەدەهێنن بۆ جێبەجێکردنی کارە قێزەونەکانیان. من زۆر بەگومانم لەوەی لە نێویاندا تاقە شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە هەبێ. گەر هەشبێ ئەوا خوابیپارێزێ. چونکە دیارە بارۆن فۆهن ناییپارێزێ.

**شاژن**: لە هیچ شتێ مەترسە. فۆهن کەس ناگرێ, تەنانەت تۆش. هەموو ئەوەی دەیکا ئەوەیە وا لەوان بگەیەنێت تۆ خیانەتت لێکردون و لێشیان دەگەڕێ بۆ ئەوەی ئەوان تۆ لەناوبەرن.

**ستان**: من بەلامەوە گرنگ نییە بارۆن فۆهن چی دەکا.

**شاژن**: دەیناسی؟

**ستان**: نا. پیاوێکی وەك بارۆن زۆر لەوە زیرەکترە لێگەڕێ تەنانەت بەکرێگیراوەکانیشی بزانن بەکرێگیراوی ئەون.

**شاژن**: من سوپاسی خوا دەکەم لەسەر ئەوەی تۆ توانیت جڵەوی خۆت لەدەست نەدەیت.

**ستان**: بە هەموو هێزی خۆم دانم بەخۆمداگرت تا پەلاماری نەدەم و نەیخنکێنم.

**شاژن**: نەدەکرا لە پڕێکدا زەفەری پێ ببەی. ئەو بۆ ئەم جۆرە مەسەلانە تەواوێك خۆی ئامادە دەکات. ئەو لەو بڕوایەدایە ئێمە هەردوکمان شێتین. دەتوانم بیهێنمە پێش چاوی خۆم ئەو دوێنێ پێکەنینی هاتوە و لەدڵی خۆیدا وتویەتی: "شاژن لەو بڕوایەدایە ژیان شیعرێکە و پیاوکوژەکەش وادەزانێ شاعیرە.ئای چ

هەڵوێستێكی پێكەنیناویـە!" گومـانی تێدانییـە هاورێكانیشـت گـەر دڵسـۆز بـن هەڵوێستەكەیان پێخـۆش بـووە. زۆرن ئەوانـەی قسەدەكەن, كەمیشن ئەوانەی جێبەجێی دەكەن. ئەمە سروشتی هەموو كۆمەڵەیەكی سیاسییە, ئامانجی هەرچییەك بێت.

(شەو زیاتر تاریک دەبێ. ئاگری ئاگردانەکە لەسەر ڕوخساری شاژن دەردەکەوێ)

**شاژن:** كاغەزەكانت بۆچی سوتاند؟

**ستان:** دەترسام بیدۆزنەوە.

**شاژن:** شیعر بوون؟

**ستان:** بەڵێ, خاوەن شكۆ.

**شاژن:** ئەفسوس.

**ستان:** من گەر دوێنێ نەم سوتاندایە, ئەوا بە دڵنیاییەوە ئێستا پارچە پارچەم كردبوون.

(بێدەنگی).

**شـــاژن:** دوای ئـەوەی كاغـەزەكانت سـوتاند. دەتویسـت چـی بكـەی؟ (ستانیسلاس هەڵدەسێ) دەتویست چی بكەی؟

**ستان:** (جارێكی تر دادەنیشێتەوە. پاشان بـە دەنگێكی نزم قسەدەكات) شاژنم لە كۆشكی ولمار تیرۆر دەكرد.



**شاژن:** تیرۆركردن پێویستە بە خێرایی و بە ئاشكرا جێبەجێ بكرێت و تیرۆركەرەكەش بەدەستی جەماوەری تورە بمرێت. گەر وانەبێت ئەوا هەموو مەسەلەكە سەرنەكەوتنێكی گەورە بە خۆوە دەبینێ.

(بێدەنگییەکی درێژ)

**شـــاژن:** ڕۆژنامـەكان هەواڵەكـە لـەژێر ناونیشـانی سەرنجڕاكێشـی وەك "شــاژن دەبێتــە قوربــانی دەســت درێژییــەكی وەحشــیانە" بڵاودەكەنــەوە. دۆقــەو بــارۆنیش هــەردووكیان جلوبــەرگی ماتـەمینی دەپۆشـن و تەماشـای لـە سـێدارە دانەكـەت دەكـەن. جەنازەیەكی ڕەسمی ڕێكدەخرا و زەنگی كەنیسەكانیش لێدەدرا و ڕادەگەیـەنرا وەرگرتنی تـەختی پاشایەتی بەگوێرەی دەستور دەبـێ. بەدروسـتیش ئـەو شـازادەیەی كـە تـەختی پاشـایەتی وەردەگرت, لەنێو قۆڵە فراوانەكەی دۆقەوە خۆی ئامادە دەكرد بۆ دەركەوتن. گاڵتەجاڕییەكە تا كۆتایی بەردەوام دەبوو. دۆقە حـوكمڕانی دەكـرد–واتـا– بـارۆن فـۆەن. هـەموو ئەمـەش نـاوی سیاسەتە.

**ستان:** چەپەڵێ.

**شاژن:** كەواتـە تـۆ شـاژنت لـە ولمار دەكوشت.. ئاه.. ئەمـە هیچ شتێكی نـەدەگۆڕی, تـۆ مەرامەكـەی خـۆت لـە كرانتـز بەدەسـتهێنا. تـۆ دەبوایە شاژن بكوژی. ستانیسلاس تۆ ئەمەت جێبەجێی كرد. شاژن مردووە. تۆ كوشتت.

**ستان:** من گەورەم ؟

www.pertwk.com

**شاژن:** شاژن چۆن توانی لێگەڕێ گەنجێك باز بداتە ناو پەنجەرەی ژوری نوستنەکەی و لەبەرپێیدا ببورێتەوە؟ شاژن چۆن توانی رێگەبدا بە گەنجێ بێدەنگ بمێنێتەوە لەکاتێکدا پرسیاری لێدەکات؟ شاژن چۆن توانی ڕێگە بە غەوارەیەك بدا سوکایەتی پێبکات وەك ئەوەی تۆ کردت؟ ئەو گەر ڕێگەی بەمەدا, ئەوا لەبەر ئەوەیە چیتر وەك شاژن نییە. ستانیسلاس من دڵنیات دەکەم کەوا لە کۆشکی کرانتز شاژنێك نییە. لە کۆشکی ولماریش شاژن نییە. تۆ شاژنت کوشت.

**ستان:** گەورەم تێگەشتم. تۆ مەبەستت ئەوەیە نێوان من و تۆ چیتر پێویستی بە تەکلیفکردن نییە. تۆ هەوڵتدا من بەرزکەیتەوە بۆ ئاستی خۆت. ئەمە شتێکی ئاسان نییە. من زۆر شوێنی بایەخپێدان نیم. بەڵام شاژن تا ئێستاش هەر شاژنە.

(شاژن لەسەر کورسیەکەی تەنیشت ئاگردانەکە دادەنیشێ. تاریکی خەریکە هەموو شتێك دادەپۆشێ. تەنها ئاگری ئاگردانەکە نەبێت. سێبەرەکان لەسەر ڕوی ڕەفەکان دەردەکەون. ستانیسلاس بە هێواشی دەڕوا بۆلای کورسسەکەی شاژن و لە پشتییەوە ڕادەوەستێ)

**شاژن:** ستان تۆ شاژنت کوشت.

(بێدەنگیەکی درێژ)

**ستان:** هێمنی چەند جوانە.

**شاژن:** لە ڕابردودا ڕقم لە هێمنی بوو, بەڵام ئێستا حەزم لێیەتی.

**ستان:** مۆمەکان داگیرسێنم؟



**شاژن:** لە شوێنی خۆت بمێنەرەوە.

(بێدەنگی)

**ستان:** من دەمەوێ ئەم چرکەیە ببێتە وێنەیەك بۆ نەمریی. ئەمە ئەو چرکەیەیە کە ئێمە لەپێناویدا گەورە بووین.

**شاژن:** قسە مەکە.

(بێدەنگی)

خۆهەڵکێشان بە خۆشبەختیەوە
هەوڵدانێکە بۆ فریودانی خواوەندەکان
تا ئەم چرکەیەمان ونجڕ ونجڕ بکەن و
بیکەن بە بەرد و
وەک یادگارێ بیکەنە گەردنمانەوە و
بە گرانییەکەی ئازارمان بدەن
ئەوەی ئێستا دەرکەوتووە سوک و کەمە
شنەبایەک لە ترس دەتوانێ بیکوژێنێتەوە
ستانیسلاس ژنێک قسەدەکا
ئایا تێدەگەی؟

**ستان:** (چاوی دەنوقێنێ)
خودایە
یارمەتیم بدە لە ویستت تێبگەم.
خۆشەویستیمان بۆچی ئاوا بەهێز بوو, ئاوا فشۆڵ بوو؟
لەبەرچی ئێمە ئەم دوانە
کاتێ دەگەینە ئەم ئاشتییە

www.pertwk.com

دەبینین لێوان لێوە لە مەترسی
وەک مەلەوانە ماندووەکان لە ڕووبارێکی سەرشێتا تێدەکۆشین
کەچی دڵە تینووەکەمان تێیدا دەخنکێ.
شاژن: خۆشەویستی مەزن ئازاریشی مەزنە
ئازار ئاشتیە و
ئازادن ئەوانەی بە کۆیلەیی لەدایک دەبن
گەر بەراورد کران بە ئێمەی دیلی ئەم ناسۆرییە

**ستان:** ئەوانەی تا مردن دەسووتێن
هەرگیز ئەم گڕە دڵڕەقە ناناسن
کە لە ناوەوەیاندا داگیرساوە
ئارەزوو بەری ناگیرێ

(بێدەنگی، شاژن دەمامکەکەی بەرزدەکاتەوە، پاشان دەچپێنێ)

**شاژن:** ستانیسلاس.. من خۆشمدەوێی.

**ستان:** منیش خۆشمدەوێی. ئێستا دەتوانم بتکوژم. چونکە من نامەوێت لێم ون ببیت.(لە پاڵیدا دەنوشتێتەوە)

**شاژن:** سەرت بخەرە سەر سنگم و دەستم دەخەمە سەر سەرت. کاتێ هاتی بۆ ژوورەکەم خۆشمویستی، بەڵام شەرمم کرد، کاتێ دەستت وەك بەرد کەوتە سەر زەویەکە خۆشم ویستی، بەڵام شەرمم کرد. کاتێ سوکایەتیشت پێکردم خۆشمویستی، بەڵام شەرمم کرد. ئێستاش خۆشمدەوێی، بەڵام من تا ئێستاش هەست بەشەرم دەکەم.



(بێدەنگی)

**ستان:** هەندێ خەون هەیە دەکرێ هەقیقەت بن، تا ئەو ئاستەی کەسی نوستوو کە خەوەکە دەبینێ هەڵدەسێنێ. ئەمە خەونی پیاوێکە قوڵ دەخەوێ و ناشزانێ خەون دەبینێ. لەسەرمانە لێیگەڕێن بخەوێ. بابەچپە قسە بکەین نەوەك خەبەریکەینەوە.

(ئالەم ساتەدا لێدانی سەردەرگا بچوکەکە دەبیسرێ، ستانیلاس هەڵدەسێتەوە)

**شاژن:** ئەوە "تۆنی"یە، مەجوڵێ.

(دەڕوا بۆلای دەرگا بچوکەکە و دەیکاتەوە، تۆنی دەردەکەوێت، مۆمێکی بەدەستی ڕاستی هەڵگرتووە و دەستی چەپی بۆ شاژن ڕاکێشاوەو بە ئاماژە قسەی لەگەڵ دەکات. تۆنی مۆمەکە لەسەر مێزە هێلکەییەکە دادەنێ، شاژن ئاوڕ لە ستانیسلاس دەداتەوە، لەوکاتەدا تۆنی مۆمەکەی تر دادەگیرسێنێ). خانم دی برج لە پەنجەرەکەوە کاغەزێکی بۆ بارۆن فۆهن خستوەتە خوارەوە. ئەو ئێستا هەموو شتێ دەزانێ.. خەونەکەمان کورت بوو.!

(تۆنی لە داگیرساندنی مۆمەکە لێدەبێتەوە و لەدەرگا بچوکەکەوە دەچێتە دەرێ)

ئەم شەو لە هیچ شتێ مەترسە. بەیانیش تۆنی ڕێنمایمان دەکات بۆ کۆڵێتی ڕاوکردنەکە لە شاخ، دواتر...

**ستان:** دوای ئەوە هیچ شتێکی دیکە نابێ. دەتوانی پیاوکوژێکت خۆشبوێ بازی دابێتە نێو پەنجەرەکەتەوە، بەڵام ناتوانی ترسنۆکێکت خۆشبوێ لە شاخەکانتدا خۆی بشارێتەوە. تۆ

ژیانی منت ڕزگارکرد. منیش لە توانامدا هەیە ژیانت ڕزگار بکەم. تارماییەك هەبوو ژیانی دەکوشتی, ئێستا تێکوپێك شکاوە. من شاژنم نەکوشتووە. ئێستا پێویستە شاژن لەو زوڵمەتە بێتەدەرێ.. وەك شاژنێك بێتە دەرێ, لەسەریەتی فەرمانڕەوایی بکاو بەرپرسیاریەتیش بگرێتە ئەستۆ. ئالەم ساتەدا وەزیرەکانت پیلانت لە دژ دەگێڕن. لەڕویان بوەستەوە. شێوازی ژیانت بگۆڕە. وەك شاژنێك قسە لەگەڵ دۆقە بکە نەك وەك ژنی کوڕەکەی. بارۆن فۆهن لە خزمەتکردنت دەرکە. دۆق ولینستاین بکە بە سەرۆکی گشتی. خۆت ببە بە سەرکردەی تیپی سوارچاکان و بگەڕێرەوە بۆ پایتەختەکەت. لەسەرتە تەنها دەرکەویت. ئیدی گەل دێنە سەرچۆك. دەمامکەکەت لابەرە و خۆت پیشانی خەڵك بدە. منیش بە ڕۆحم لەگەڵت دەبم و لە شاخەکانیشت وەك بازێك کە چاوەڕوانی هاودەمەکەی بکات دەمێنمەوە. هەردوکمان پێکەوە دەبینە بازێکی دووسەر, وەك ئەو بازە ڕەشەی لە دروشمی پاشایەتیەکەدا وێنەی کێشراوە. قەڵاکانت چاوەڕوانی ئەم بازەن. ئەم قەڵایانەش بۆیە دروستکراون تا ببنە هێلانەی ئەو. تاقە تاوانێك کە لێبوردنی بۆ نییە بریتییە لەشکست.

**شاژن**: زەنگەکە لێدە.

(ستانیسلاس پەتی زەنگەکە سێ جار ڕادەکێشێ)

**ستان**: ئێستا.. لە دوامەوە بیلێرەوە



خودایە, بمانخە نێو ڕەحمەتی خۆت, نەهێڵی چاوی مرۆڤ خۆشەویستیەکەمان ببینێ و, پێکەوە بۆ هەتاهەتایە لەبەهەشتەکەی خۆتدا کۆمانکەرەوە.

**شاژن**: (بەدەنگێکی لەسەرخۆ) خودایە, بمانخە نێو ڕەحمەتی خۆت, نەهێڵی چاوی مرۆڤ خۆشەویستیەکەمان ببینێ و, پێکەوە بۆ هەتاهەتایە لەبەهەشتەکەی خۆتدا کۆمانکەرەوە.

(دەرگاکە دەکرێتەوە و فیلکس دەردەکەوێت, فیلکس دەرگاکە دادەخات و پاشان ڕادەوەستێت"ئاگاداربن")

**شاژن**: "فیلکس" ی ئازیز.. ئەوە چیتە, تۆ وادەردەکەویت وەك ئەوەی تارماییەکت لەبەردەمدابێت. ئۆو.. لەبیرم چووەتەوە تۆ نزیکەی دەساڵ دەبێ دەموچاوی منت نەبینیوە. ئێستاش کە بینیوتە دەساڵی تریش گەورەتر بووم, بەڵام فیلکس هەنوکە شتی گرنگمان لە پێشە و لەسەرمانە جێبەجێی بکەین. ئەمەش فەرمایشتەکانمە:! من دەگەڕێمەوە بۆ پایتەختەکەم, بەیانی کاتژمێر یەك سەفەردەکەین. داوای کەژاوەکە بکە. هەندێ فەرمانبەر لە کرانتز جێدەهێڵم. خانم "دی برج"م لە خزمەتکردنم دەرکرد. دۆقە دەتوانێ بیباتە لای خۆی. بەیانی لای نیوەڕۆوە تیپی سوارچاکان لە باخچەکە و لە تەنیشت دەریاچەکە ئامادە دەبن. تۆش چاودێری ئەم پەنجەرەیە دەکەیت (ئاماژە بۆ ئەو پەنجەرەیە دەکات کە لە سەرەوەی پلیکانەکەیە) هەر کە بەبێ دەمامك دەموچاوم دەرکەوت تیپی مۆسیقا سرودی نیشتمانی لێدەدا. ئەمە دەبێتە سەرەتایی فەرمانڕەوایم. من پشت بە

www.pertwk.com

دڵسـۆزی تـۆ بـۆ خـۆم و لـە لایـەنگریت بـۆ تـەختی پاشـایەتی دەبەستم. ئێستا دەتوانی بڕۆی.

(فیلکس پێ ئەکوتێ بە زەویدا و دادێتەوە و دەچێتە دەرێ. شاژن دەڕوا بۆلای ستانیسلاس و لە چاوانی ڕادەمێنێ)

**شاژن**: ستانیسلاس.. تۆ لە قوتابییەکەت ڕازیت؟

(ستانیسلاس چاوی دەنوقێنێ.. فرمێسک بە ڕوخساریدا دێتە خوارێ)

چییە؟ ئەوە دەگریت؟

**ستان**: بەڵێ.. بەڵام ئەم فرمێسکانە مەسڕە

پەردە دادەدرێتەوە



## بەشی سێیەم

**هەمان دیمەن**

کاتژمێر یانزەی سەرلەبەیانییە. ئەو پەنجەرەیەی بەسەر باخچەکەدا دەڕوانێ کراوەیە. کاتێ پەردە هەڵدەدرێتەوە ستانیسلاس لەبەردەم ڕەفەی کتێبەکاندا دانیشتوە و بە دەستێکی هەندێ کتێبی هەڵگرتوە و بە دەستەکەی تریشی کتێبێکی گرتووە کە دەیخوێنێتەوە. دوای چەند چرکەیەك ئەدیس لەلای چەپەوە دێتە ژورێ و بە پلیکانەکەدا دێتە خوارەوە و دەچێ بۆلای ستانیسلاس. ستانیسلاس لەبەر ئەوەی سەرقاڵی خوێندنەوەیە ئەدیس نابینێ.

**ئەدیس**: بەیانیت باش. هیوادارم بێزارم نەکردبیت؟

**ستان**: هەرگیز. من هەندێ کتێب بۆ خاوەن شکۆ کۆدەکەمەوە.

**ئەدیس**: بۆچی شاژن لە دەرەوەیە؟

**ستان**: ئەو فەرمانی دەرکرد بە ئامادەکردنی ئەسپەکەی"بورکان", لەو بروایەدام لە دارستانەکەدا پیاسەدەکات.

**ئەدیس**: ئاوا خێرا ناوی ئەسپەکەی خاوەن شکۆ فێربویت. تۆ بە خێراییەکی زۆرباش بەرەوپێشەوە دەچیت.

**ستان**: گوێم لێ بوو خاوەن شکۆ بە تایبەتی داوای ئەو ئەسپەی کرد. ئایا ئەم بەیانیە شاژنت بینیوە؟

**ئەدیس**: تۆ دەزانی کە من بەندکراوم. تۆنی تەنها ئێستا ڕازیبوو لەسەر بەردانم. ئایا ڕاستە خاوەن شکۆ سەفەردەکات؟

**ستان:** خاوەن شكۆ دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ پایتەختەكەی.

**ئەدیس:** تۆ دڵنیایی؟

**ستان:** ئەوەی من ئەیزانم ئەوەیە خاوەن شكۆ كاتژمێر یەك قەڵای كرانتز جێدەهێڵێ.

**ئەدیس:** پێدەچێ تۆ زۆر دڵخۆش بیت؟ چونكە هەلی ڕۆشتن لەدواوەی شاژن بۆ هەموو گەنجێك لە كۆشك هەڵناكەوێت.

**ستان:** من لێرە دەمێنمەوە.

**ئەدیس:** ئەمە سەیرە. من وامدەزانی هیچ شتێك نییە بتوانێ نێوان شاژن و كتێب خوێنەرە تازەكەی جیابكاتەوە. لەوەتەی تۆ گەشتویتەتە ئێرە شاژن بووە بە كەسیكی تر. من خەریكە نەیناسمەوە.

**ستان:** خانم ئەمە شتێكی بێزاركەرە. گومانی تێدانییە زۆرێك لەوانەی وایاندەزانی شاژن دەناسن ئێستا هەستدەكەن كە گۆڕاوە.

**ئەدیس:** من دەستخۆشیت لێدەكەم. سەیرەكە لەوەدایە ئەم كودەتایە كاتێ ڕویداوە كەمن لە ژورە داخراوەكەدابووم.

**ستان:** لەو بڕوایەدام شاژن هەر كە هاتەوە بڕیارەكەی خۆیت پێڕادەگەیەنێ.

**ئەدیس:** ئەمە گەر بیروڕای خۆی سەرلەنوێ نەگۆڕێ. لەوانەیە ئێمە بەلای كەمەوە دوو یان سێ ڕۆژێك بمێنینەوە و پاشان سەفەربكەین بۆ قەڵایەكی تر.

**ستان:** لەو بڕوایەدام تۆ شاژن لە من باشتر دەناسی.



**ئەدیس:** (دوای چركەیەك بێدەنگی) ئایا باڕۆن فۆهن باش دەناسی؟

**ستان:** نا خانم.

**ئەدیس:** پێویستە بیناسی. ئەو پیاوێكی سەرسوڕهێنە.

**ستان:** دەبێ وا بێ. گەرنا نەدەبوو بە سەرۆكی پۆلیس.

**ئەدیس:** پێدەچێ تۆ خۆشت نەوێ.

**ستان:** نا

**ئەدیس:** ئەو بایەخێكی زۆر بە خاوەن شكۆ دەدات.

**ستان:** بێگومان. هیوادارم وابێت. (سەری دادەنەوێنێت. بێدەنگی)

**ئەدیس:** نەڕۆی. شتێكی خۆشم هەیە بۆت. نامەیەكە لە باڕۆنەوە.. لەسەرۆكی پۆلیسەوە.

**ستان:** بۆ من؟

**ئەدیس:** بەڵێ. بۆ تۆ.

**ستان:** من واتێگەشتم ئەو قەڵاكەی جێهێشتووە.

**ئەدیس:** ئایا تۆ بەڕاستتە؟ باڕۆن فۆهن پیاویكە هەموو گیانی موفاجەئە و شتی سەیر سەیرە. گەر ئەو كاری پاسەوانكردنی شاژن بێت, ئەوا بەلای كەمەوە لەسەریەتی بزانێ شاژن بۆ كوێ دەڕوا! لەبەر ئەوە ئەو لێرە ماوەتەوە تاكو ئەوە بزانێ. پێش ساتێك لەمەوپێش بینیم. ئەو بەدواتا دەگەڕێ.

**ستان:** خانم.. من لەوە تێناگەم كەسێكی وەك باڕۆن فۆهن بۆچی بایەخم پێدەدا؟

**ئەدیس**: ئەو ناڵێ بایەخت پێدەدا, بەڵام فۆهن دەیەوێ بتبینێ. ئایا شەرەفی ئەوەی پێ دەبەخشی قسەت لەگەڵ بکات؟

**ستان**: شاژن دەزانێ کەوا بارۆن فۆهن حەز بە بینینم دەکات؟ من وەك یەکێ لە خزمەتکارەکانی خاوەن شکۆ ناتوانم بێ ڕەزامەندی ئەو کەس ببینم؟

**ئەدیس**: ئەمە هەڵسوکەوتێکی ڕاست و دروستە لە تۆوە. بارۆن یەکەم کەسە لەم هەڵسوکەوتەی تۆ تێدەگات و ڕێزیشی لێدەگرێ, بەڵام پلەوپایەکەی هەندێ جار ناچاری دەکات داب و نەرێتی کۆشك ببەزێنێ. لە ڕاستیدا ئەو ئەم وەڵامەی تۆی لە پێش چاو بوو. منی ڕاسپارد پێت بڵێم ئەو بۆیە داوای ئەم چاوپێکەوتنەی کردووە تەنها لەبەر ئەوەیە تۆ دەتوانی سەبارەت بە سەلامەتی شاژن یارمەتیەکی زۆری بدەی.

**ستان**: ئایا سەرۆکی پۆلیس هەموو جارێ فەرمانەکانی بەناوی سەلامەتی شاژنەوە دەردەکات؟

**ئەدیس**: (خەندە دەیگرێ) لانیکەم هەمووجارێ...

**ستان**: منیش هەروام دەزانی. خانم لەم حاڵەتەدا من هیچ ڕێگایەکی دیکەم لەپێش نییە. فەرموو لەگەڵما بۆ لای بارۆن. لەو بڕوایەدام ئەو نایەوێ شاژن قسەکانمان پێببڕێ.

**ئەدیس**: لە هیچ مەترسە. شاژن لەسەر پشتی ئەسپەکەی پیاسەدەکات. من لەو بڕوایەدام کتێبخانەکە گونجاوترین شوێنە. تۆنی لەگەڵ خاوەن شکۆدایە, بەڵام دۆق ولینستاین هەموو دەمێ پێش ئەوەی بێتە ژورەوە سێ جار لەدەرگا دەدات.



**ستان**: خانم من وایدەبینم تۆ زۆر دڵسۆزی بارون "فۆهن"یت.

**ئەدیس**: بەهەمان شت, دڵسۆزی شاژنیشم.

**ستان**: (دادێتەوە) من لە ژێر فەرمانی سەرۆکی پۆلیسدام.

**ئەدیس**: (قسەکە ڕاستدەکاتەوە) نازناوی بارۆن "فۆهن"ە بۆچی پیشەکەی دەڵێی؟ بارۆن فۆهن وەزیری کۆشکە و ئەوە دەیەوێ بتبینێ.

**ستان**: من لە خزمەتیدام.

(ئەدیس دەچێتە دەرێ. ستانیسلاس چاوانی لێکدەنێ و لەسەر ڕوخساری دەربڕینێك دەردەکەوێ کە گوزارشتە لە ئێش و ئازار. بارۆن فۆهن بە جلوبەرگی بەشی دووەمەوە دەردەکەوێ و کڵاوەکەی بەدەستەوەیە)

**بارۆن**: داوای لێبوردنت لێدەکەم کە ئاوا بێزارم کردیت. (لە تەنیشت ئاگردانەکەوە دادەنیشێ. ستانیسلاس بە پێوە دەمێنێتەوە) تۆ شاعیری.

**ستان**: ئەمە خەڵاتێکی گەورەیە لە تۆوە بۆ من.

**بارۆن**: هەموو مرۆڤێ خۆی بە شاعیر دادەنێ, بەڵام کەسیان شەرەفی ئەوەیان نییە شاژن شیعرەکانی لەمسەرەوە بۆ ئەوسەری لەبەربێت.

**ستان**: ئەو پڕوپاگەندانەی لەسەر شاعیرەکان بڵاودەکرێنەوە, شاعیرەکان خۆیان حەزی پێناکەن.

www.pertwk.com

**بارۆن**: بەهەرحاڵ، خاڵی گرنگ ئەوەیە شاژن چۆن – شاژن تەواو ئازادە لەوەی دەیەوێ بیکات– پەیوەندی پێوەکردی؟بگرە تۆ چۆن توانیت دڵنیایی شاژن بەدەستبێنی و، ئەم هەلە ناوازەیە، ئەم پەیوەندییەت تا چەند قۆستوەتەوە؟ ئایا دەکرێ بۆم لێکدەیتەوە ئەدیبێکی گەنج کە بیروڕای شۆڕشگێرانەی هەیە، چۆن توانی سەرکەوتوبێ لەوەی لە بیسوچوار کاتژمێردا شاژن لە کۆشکدا دایمەزرێنێ؟ گومانی تێدانییە تۆ دان بەوەدادەنێیت بەلای کەمەوە ئەمە پێویستی بە لێزانینێکی زۆر هەیە.

**ستان**: لێزانین نا. بگرە ئەمە بەخت بوو. ئەوە قەدەرە کە زۆرجار پاڵ بە گەنجێکەوە دەنێ بۆ شەرمەزارترین هەڵوێست. شاژنم وەك خۆی دی، نەك وەك ئەوەی لە خەیاڵمدا بوو. ڕاسترین گاڵتەجاڕی لە ژیاندا ئەوەیە ئێمە ئەوانی دیکە ناناسین، بەڵام تراژیدیاکە ئەوەیە ئێمە وادەزانین ئەوان دەناسین. شاژن گەر خۆی دەرخستایە– گەورەم وەك ئەوەی تۆ وتت– ئەوا ئەو لێکحاڵیبونە خراپەی نێوان خۆی و گەلەکەی نەدەما.

(ستانیسلاس هەر کە ئەم وشانەی لەدەم دێتە دەرەوە هەست بە خەڵەتی خۆی دەکات. سەری دەسوڕێنێ. بارۆن بە کورسیەکەیەوە لێی دێتەپێش و ڕوبەڕوی دەبێتەوە)

**بارۆن**: من ئەمەم کەی وتووە؟

**ستان**: وابزانم...

**بارۆن**: وابزانی چی؟

**ستان**: (تەنگەتاو بووە) وبزانم خاوەن شکۆ ئەم قسەیەی ئێوەی وت.



**بارۆن**: سەیرە! خاوەن شکۆ هەرگیز قسەی خەڵکی ناگێڕێتەوە.

(بێدەنگی)

کەواتە سەبارەت بە من قسەی بۆ کردویت؟

**ستان**: نا. لەوانەیە خاوەن شکۆ بەدەنگی بەرز بیری کردبێتەوە– لەبەرخۆیەوە قسەی کردووە– من هەندێ کتێبم ڕێکدەخست، گوێم لەوە بوو کە دەیوت، ئەوەتا من دەبەنگێکم ئەوەی گوێم لێ بووە دەیڵێمەوە.

**بارۆن**: کەواتە تۆ هەندێ لە کتێبەکانت ڕێکدەخست و شاژنیش بە دەنگی بەرز بیریدەکردەوە و تۆش گوێت لەوە بووە کە ئەو دەیوت؟ ئای چ ڕێکەوتێکە (هەڵدەسێ و دەڕوا بۆلای ڕەفەی کتێبەکان، لە پاشان رووی وەردەگێڕێ. ستانیسلاس دێتە پێشەوە و دواتر ڕادەوەستێ) تۆ لێکچونێکی سەیر لێی دەچی. شاژن لەبارەی ئەم لێکچونە سەیرەوە دەڵێ چی؟

**ستان**: تۆ بەڕاستی لەو باوەڕەدای شاژن چیتر فەرمانڕەوایی لەدەستا نەماوە؟ تۆ بە هەڵەدا چووی لەبارەی ڕێزی ئەوەوە بۆ من.

**بارۆن**: من گومانم لەوە نییە، بەڵام ئەوەی لە پاشا دەچێت، مەترسیدارە لە کۆشکدا بمێنێتەوە و نزیك بێت لە شاژنەوە کاتێ دەگەڕێتەوە بۆ پایتەختەکەی. ئەمە نابێت ڕوبدات. نا. نابێت ڕوبدات.

(بارۆن لە نزیک ستانیسلاس دادەنیشێ کە ئەویش دانیشتووە، دواتر بارۆن هەڵدەسێ و دەستی لەسەر کورسییەکەی ستانیسلاس دادەنێ)

**بارۆن**: وام بە خەياڵدا دێت شاژن بە خوێنگەرميەكەت كاريگەربووە، ئەنجامەكەشى ئەوەيە شاژن بڕياريداوە كۆتايى بە خەم و خەفەتەكەى بێنێ و بگەڕێتەوە بۆ كۆشك، بەڵام چى ڕودەدات گەر ئەو بە گوێى ئامۆژگاريەكەى تۆ بكات؟ ئەوە ڕودەدات بە كەژاوەكەى دەگەڕێتەوە بۆ پايتەخت و بەگرتنەوە دەستى فەرمانڕەواييەكەى شاگەشكە دەبێت، بەڵام دواى چەند ڕۆژێك ئەم بايەخدانەى كاڵ دەبێتەوە و سەبرى نامێنێ و ئيدى بەڕێوەبردنى كاروبار بۆ ئێمە جێدەهێڵێ. هەوڵدە ڕازيكەيت بە ئەفسانەيى بمێنێتەوە، وەك ئەوەى ئێستاى و سەريەشەى فەرمانڕەوايى بۆ دۆقە جێهێڵێت. ئايا ئەمە لە پێناو ئەودا دەكەى؟

**ستان**: بەڕاستى تۆ لەو بڕوايەداى شاژن بە تەواوەتى فەرمانڕەوايەتى لەدەست داوە؟ تۆ بەهەڵەدا چويت گەر وابزانى شاژن فەرمانڕەوايەتى لەدەست داوە، ئەو هەر فەرمانڕەوايە و هەموو پيلانەكانيشت بە جووڵەيەك لە دەستى سەركوتدەكا.

**بارۆن**: هەر بۆ ئەمەش دەڕوا بۆ كۆشك و تۆش لەگەڵى دەڕۆى. هاوڕێم تۆ بە دڵنياييەوە بۆ پايتەخت دەڕۆى، بەڵام لەوێ لەبەردەم دادوەردا ڕادەوەستيت. حەزدەكەم ئاگاداريشتكەمەوە ئەوان كاريگەرنابن بە زمانە لوس و پاراوەكەت، وەك كاريگەرى ئەو كچەى كە زەوقى ئەدەبى هەبێ و حەز بە شعير بكات. من لێرە فەرمانى گرتنتم پێيە. تۆ بەوە تاوانبار كراوى پيلانت لە دژى ژيانى شاژن گێڕاوە. تۆ ديلى منى.



**ستان**: شاژن كاتژمێر يەك قەڵاى كرانتز جێدەهێڵێ. تۆ دەتەوێ شاژن بڕوا تا لەناوى بەريت، بەڵام من دەمەوێ بۆ مەبەستێكى تر بڕوا. گەر بە تەنها كاتژمێرێك مۆڵەتم بدەى، من نە هەوڵنادەم كارى تێبكەم بڕوا و نە ڕێگەشى لێدەگرم بڕوا. پێويستە شاژنيش بەوە نەزانێ ئێمە هەردوكمان يەكترمان بينيوە. ئايا يەك كاتژمێر وازم لێدێنى؟

**بارۆن**: زۆرباشە. من ڕازيم. قەڵاكە گەمارۆدراوە و ناتوانى ڕاكەى، بەڵام من حەزناكەم دوا ساتى ماڵئاواى ناسكت لێ قەدەغەبكەم.

**ستان**: دەتوانى دارودەستەكەت بكشێنيتەوە. شاژن كاتژمێر يەك دەچێتە نێو كەژاوەكەيەوە. كاتژمێر يەك و دە دەقيقە لەبەردەم تەويلەكەدا دەبم.

(زەنگەكە سێ جار لێدەدرێ)

**بارۆن**: (پێبيناخۆشە) كێيە؟ خانم دى برج؟

**ستان**: نا. ئەوە دۆق "ولينستاين"ە.

**بارۆن**: (دەڕوا بۆلاى دەرگا بچوكەكەى لاى چەپ) دواتر دەتبينم. هاوڕێم بيرت نەچێ خۆشەويستى مردنێكى بچوكە، بەڵام خۆشەويستى مەزن خۆكوشتنە.

(هەر كە دەچێتە دەرەوە، فيلكس دەرگاى لاى ڕاست دەكاتەوە، بەچاوى بۆ شاژن دەگەڕێ. لە پاشان ستانيسلاس دەبينێ كە پشتى لە "فيلكس"ە).

**فيلكس**: من لەو بڕوايەدابوم شاژن لێرە چاوەڕوانم دەكات.

**ستان**: خاوەن شكۆ لە دەرەوەيە. لەوانەشە لەهەر چركەيەكدابێت بگەڕێتەوە.

www.pertwk.com

(ستانیسلاس رووی وەردەگێڕێ)

**فیلکس:** (بەسەرسوڕمانەوە) ئەمە چەند سەیرە؟

**ستان:** چی؟

**فیلکس:** هۆڵەکە دوێنێ تاریك بوو. من تەماشای شاژنم کرد و تۆم نەبینی.

**ستان:** زۆر گرنگ نییە.

**فیلکس:** ترسێنەرە. مەسەلەکە لە لێکچون زیاترە. ئەمە شتێکی نەشیاوە, خاوەن شکۆ چۆن بەرگەی دەگرێ..

(خاوەن شکۆ لەسەر پلیکانەکە دەردەکەوێ. دێتە خوارەوە و جلوبەرگی سواربونی ئەسپی لەبەردایە و قامچییەکیشی بەدەستەوەیە)

**شاژن:** (بێدەمامکە) فیلکس بەرگەی چی؟ ئایا تۆ ئەوەندە شاژنت خۆشدەوێ تا ئەو ئاستەی ئیرەیی لە لێکچووەکەی بکەی؟ ئایا تا ئەو ئاستە خۆشتدەوێ کە ئیرەیی لە پاشا بکەیت؟

**فیلکس:** گەورەم.

**شاژن:** فیلکس تۆ داماوی. ڕاست نییە من ئاوا تەنگەتاوت بکەم. داوام لێکردی بێی بۆ ئێرە تا دوا وردەکارییەکانی تایبەت بە ڕۆشتنەکەم ڕێکخەین. دەبینم تۆ فەرمانەکانت هێناوە تاکو ئیمزایان بکەم, بەڵام پێویستە یەکەمجار کتێبەکانم ڕێکخەم. ئێستا ڕێگەت پێدەدەم بگەڕێیتەوە بۆ ئیشوکارەکانت, پاش کەمەکێکی تر زەنگەکەت بۆ لێدەدەم.

(فیلکس دادێتەوە و دواتر دەچێتە دەرێ)



من چیتر ناتوانم یەك چرکە بەبێ تۆ بمێنمەوە.

(لەنزیک ئاگردانەکە دادەنیشێ)

**ستان:** ئێمە کاتێ لێکدادەبڕێین, هەست دەکەم ئەو نوستوەی کە ئێمە خەونەکەین خەبەری دەبێتەوە, بەڵام کاتێ دەتبینمەوە ئەوا ئەو سەرلەنوێ دەخەوێتەوە و لە خەونەکەیدا دەژی.

**شاژن:** ئەو خەوتنێکی قورس خەوتوە.

(ستانیلاس لەبەردەم قاچەکانیدا دادەنیشێ, وەک لەبەشی دووەمدا ڕویدا)

خۆشەویستەکەم.. خۆشەویستی چییە؟

**ستان:** ئاوی ڕۆشتوی ڕوبارەکان خۆشەویستییە
ئەو ڕوبارەی لە دەریاکاندا نغرۆ دەبێ خۆشەویستییە
ئەو مەلەوانەی ڕوبار دەیخنکێنێ خۆشەویستییە

**شاژن:** لە ڕابردودا وامدەزانی خۆشبەختی شتێکە دڵتەنگ. لەو بڕوایەدا بووم خەمبارییە وادەکات ژیان شایانی ئەوە بێت بۆی بژین. تۆ شیعرێکی جوانت نوسی کاتێ واتلێکردم جوانی ببینم. خۆشبەختی مانای نەمانی خەمباریی نییە, بەڵام خۆشبەختییەکەت مەزنە وەك هەورەگرمە, گەشاوەیە وەك بروسك. ئێستا دەتوانم ئەو شاخانە ببینم کە لێیان ڕادەمام. لە توانامدا هەیە هەنوکە بژیم. من چیتر پێویستم بە هەورەگرمە نییە, چونکە تۆ خودی باوبۆرانت پێبەخشیم. دەزانی ئەم بەیانییە چی ڕویدا؟ مەدالیاکانی گەردنم لە ملمەوە پێچرابون و خەریك بوو بمخنکێنن. بۆیە دامکەندن. ئائەوەتان. ئالەوێ

دایاندەنێم, تا ئەو دەمەی خۆشەویستییەکەت بۆ من تەواو دەبێ و ئیدی دەبمە ژنێکی پیری وەك دۆقە.

**ستان:** لەگەڵ شیعرەکانم فرێیان دەدەمە دەریاچەکەوە.

**شاژن:** ستانیسلاس شیعرەکەت بوو ئێمەی پێکەوە کۆکردەوە.

**ستان:** من چیتر ئەو پیاوەنیم کە ئەم شیعرە و هەموو ئەو شیعرانەی تری نوسیوە کە لە گوندەکەدا سوتاندنی.

**شاژن:** کەواتە. هەموو ئەو شیعرانەی تریشت کە سوتاندنت دەربارەی من بوون؟

**ستان:** بەڵێ, هەموویان.

**شاژن:** سوتاندنت چونکە ترسایت بیدۆزنەوە؟

**ستان:** بەڵێ.

**شاژن:** دوای مردنم بیدۆزنەوە؟

**ستان:** بەڵێ. بۆ ئەوەی دوای مردنم بلاونەکرێنەوە.

**شاژن:** ستانیسلاس دوای مردنم و مردنت چی دەبێ با ببێ؟

**ستان:** ئەم شیعرانە دەیانکردی بە پاڵەوان و منیشیان دەکرد بە پاڵەوان.

**شاژن:** ئایا شیعرەکانت سوکایەتی پێکردن بوو؟

**ستان:** بەڵێ خۆشەویستەکەم.

**شاژن:** ئایا تۆ هەموو کاتێ بیرت لێدەکردمەوە؟

**ستان:** تۆ ڕاوتدەنام. منیش نەمدەتوانی خۆشەویستی تۆ بەدەست بێنم, بۆیە دڵدانەوەی خۆمم بە ڕق لێبونەوەی تۆ دەدایەوە. لە خەونەکانمدا دەمخنکاندی. وێنەکانتم دەکری و ونجڕونجڕم



دەکردن و دەمکردن بە هەزاران پارچەوە و ئەو پارچە بچوکانەشم دەسوتان. چاودێریم دەکرد لە نێو ئاگرەکەدا لوولیان دەخوارد. من لەبەر ئەوەی نەمدەتوانی خۆشەویستیت بەدەست بێنم. بۆیە لە کانگای دڵمەوە ڕقم لێت بوو. ڕۆژێکیان وێنەکەتم لە پەنجەرەی فرۆشگایەکەوە بینی, پەنجەرەکەم شکاند, خەڵك کەوتنە دوام, لە شوێنێکی تاریکدا خۆم حەشاردا, لەو شوێنەدا خەریك بوو لەبرسا و لەسەرما و لە ڕقا بمرم. من باوەڕم بە هەموو ئەو قسە سوکانە دەکرد کە سەبارەت بە تۆ دەمبیست. ئەو شیعرەی کە دەیزانی شیعرێکە لە مێژە نوسیبووم. هاوڕێکانم نەیان وێرا تەنانەت شیعرەکانی ترم چاپ بکەن, من بلاوکراوەی نهێنیم بۆ کۆمەڵەیەکی سیاسی نەدەنوسی, بەڵکو من بۆ تۆم دەنوسی, بەلاَم من لەبەر ئەوەی نەمتوانی خۆشەویستیت بەدەست بێنم بۆیە لەکانگای دڵمەوە ڕقم لێت بوو.

**شاژن:** خۆشەویستەکەم.

**ستان:** دەزانی حاڵت چی لێدێ کاتێ نامە دوای نامە دەنوسیی و هەرگیز تاقە وەلاَمێکیش چییە بەدەستت ناگات؟ دەزانی حاڵت چی لێدێ کاتێ مەعبودەکەت ڕیسوا دەکەی و هەموو هەست و سۆزیشت هەر بۆ ئەوە؟ ئایا جارێك قوڕت گرتووەتە وێنەکەی مریەمی پاکیزە و لە میانەی قوڕەکەوە خەندەکەیت بینیووە؟

**شاژن:** منیش نامەم بۆ نوسیت.. باوکم تەیارەی لە وەرەقە دروستدەکرد و منیش نامەکانم پێیەوە دەبەست. وەرەقەکەم ماچ دەکرد و دەمووت: "بفڕە بۆ بەهەشت و بەشوێن ئەو پیاوەدا بگەڕێ کە

خۆشمدەوێ. من نەمدەزانی کێم خۆشدەوێ, کەچی خۆشمویستیت"

**ستان**: بەڵام من رازیی نیم. من هێشتا شۆڕشگێڕم. بەڵام شۆڕشەکەم ئەمجارەیان لەبەرامبەر دوژمنەکانتە.

**شاژن**: با هەموو کاتێ پێکەوە شۆڕشگێڕبین. خۆشەویستی توندوتیژترین شۆڕشە. دەبێ ئەمە لەبیر نەکەین.

**ستان**: دەبوایە شەوی یەکەم لە ژورەکەتدا بمکوشتیتایە, دواتر خۆشم بکوشتایە. بەلای کەمەوە ئەمە بۆ خۆشەویستی سەلامەت تر دەبوو, چونکە ژیانێك وەك ئەم ژیانەی ئێمە ترسێکی تەواوە.

**شاژن**: (هەڵدەسێتەوە) دەتەوێ قەڵایی کرانتز جێهێڵم؟

**ستان**: لێتپاڕامەوە ئەمە بکەیت.

**شاژن**: ئەوە شتێکی ترە. ئایا دەتەوێ قەڵای کرانتز جێهێڵم؟

**ستان**: گەر لە کرانتز بمێنیتەوە ئەوا من ناچاردەبم بڕۆم.

**شاژن**: گەر لێرە لە پێناوی تۆدا بمێنمەوە و گەر وازم لە هەموو مافێکی پاشایەتی خۆم هێنا, ئایا هەر بە جێمدەهێڵی؟

**ستان**: تاقە تاوانێك کە ناکرێ لێی خۆش بین شکستە. ئەمانە وشەکانی خۆتن. من دوای کاتێکی زۆر دەرکم بە قوڵی پیلانەکانی کۆشك کرد و زانیم ڕق و کینە چۆن لەم زەویە ڕوتەڵەیەدا گەشە دەکەن. من گەر لێرە بمێنمەوە ئەوا درەختی ڕق و کینە لەسەر سەرمان گەشەدەکاو لق و پۆپەکانیشی چواردەورمان دەتەنن. پێویستە خۆمان لەم چارەنوسە ڕزگار بکەین. خۆشەویستەکەم با لێرە



ڕاکەین و لە تاریکیدا وەك دوو دز خۆشەویستییەکی بچوکیان لە ئەشکەوتی زەمەن دزیبێ بمێنینەوە.

**شاژن**: بە درێژایی ئەمڕۆ سەرم پڕی بوو لە ترس, ترسی ژنێك.

**ستان**: بە درێژایی ئەمڕۆ ترس ڕاویناوم, ترسی پیاوێك.

**شاژن**: لە پایتەختەکەم دەبم. ئایا کۆلێتی ڕاوکردنەکە دەزانی. بڕۆ بۆ ئەوێ و چاوەڕێی دەنگوباس بە؟ ولینستاین دەنێرم بۆ لات. دوای دوو هەفتە دەگەڕێمەوە بۆ کرانتز. کاتێکیش دەڕۆم بۆ ولمار ئەنێرم بە شوێنتا تاکو بێیت بۆ ئەوێ.

**ستان**: باشە خۆشەویستەکەم.

**شاژن**: متمانە بەکەس نەکەی. بەهیچ کەسێ. ولینستاین دەنێرم بە شوێنتا.

**ستان**: بەڵێ خۆشەویستەکەم.

**شاژن**: ئەوەی ئەمڕۆ دەیکەم دوێنێ بڕوام پێنەدەکرد. ئەمە شتێکی مەحاڵ بوو. شتێك بوو نەمدەتوانی بەسەریا زاڵ بم, بەڵام ئێستا ئەمڕۆ فیکرەکەم پێخۆشە و هیچ شتێکیش ناتوانێ لە ڕێگام بوەستێ. خۆشەویستەکەم ئەمە هەمووی دروستکەری دەستی تۆیە.

(دەستی درێژدەکات. ستانیسلاس دەستی ماچ دەکا و دەیکاتە باوەشی.شاژن بەجێیدەهێڵێ و دەڕوا بۆ لای ئاگردانەکە)

**شاژن**: هێشتا لەسەرمە فەرمانەکانم بە فیلکس ڕاگەیەنم. بڕۆ بۆ ژورەکەم. تۆنی لەوێیە. پێش ئەوەی بڕۆم دێم بۆ لات. لەسەرمە فێری ئەوە ببم بێ تۆ چۆن بژیم, بەڵام ئەوە بێ تۆ ژیان نییە.

**ستان**: نوستووەکە دڵەڕاوکەیەتی. ئێمە کە مەرگ دەدوێنین و ڕووبەڕووی مەترسی دەبینەوە, نوستووەکە دڵەڕاوکە دایدەگرێ. شاعیرەکان لەبەردەم فیکرە ئازاکاندا ترسنۆکن. شاعیرەکان ڕێنمایی دەکەن بەڵام ناوێرن لە پێش یەك کەسەوە بڕۆن. من پێویستم بە چاونەترسی تۆ هەیە.

**شاژن**: (بە خەنجەرەکەی لە هەوادا دەنوسێ) بازەکە دوو سەری هەیە.

**ستان**: بازەکە دوو سەری هەیە

**شاژن**: (بەرەو لای دەڕوا و سەری‌دەخاتە نێو دەستی) گەر سەرێکیان لێکرایەوە؟

**ستان**: هەردووکیان دەمرن. ئێستا دەڕۆم. فەرمانەکانت دەربکە و درێژەی مەدەرێ. لە ژورەکەتدا چاوەڕێتم.

**شاژن**: لەو ژورەی بۆ یەکەمجار بینیمیت. من هیچ ژورێکی ترم خۆشناوێ تەنها ئەو نەبێت.

(ستانیسلاس بە خێرایی دەڕوا. شاژن چاودێری دەکات, لە پاشان سێ جار گوریسی زەنگەکە ڕادەکێشێت, دادەنیشێت. فیلکس لەلای چەپەوە دێتە ژورەوە و دادەنیشێ)

**شاژن**: فیلکس وەرە. من هەر خۆمم.

**فیلکس**: من لە خزمەتی خاوەن شکۆدام.

**شاژن**: هەموو شتێکت ئامادەکردووە؟ ئەسپەکان؟ گالیسکەکان؟ پاسەوانەکان؟



**فیلکس**: لە کاتژمێر یەك خاوەن شکۆتان دەچنە نێو کەژاوەکەتان و سەفەردەکەن.

**شاژن**: (بە قامچییەکەی ئاماژە بۆ مێزەکە دەکات) تۆنی ئەم کتێبانەت بۆ دەهێنێ. من لەگەڵ خۆم دەیانبەم. ناشمەوێ پێش ئەوەی سەفەربکەم کەس بێتە ئەم کتێبخانەیەوە.

**فیلکس**: خاوەن شکۆتان سواری گالیسکە داخراوەکە دەبێ؟

**شاژن**: نا. ڕەئیم گۆڕیی. سواری ئەسپ دەبم.

**فیلکس**: ئایا خاوەن شکۆ دەیەوێ بەسواری ئەسپێکەوە بچێتە پایتەخت.

**شاژن**: گەر لەسەرم بێ خۆم دەرخەم, بۆچی سواری ئەسپ نەبم؟ باشترە ئەوە بە ئاشکرا جێبەجێکەم. (فیلکس وەڵام ناداتەوە) پێم بڵێ تۆ چۆنی دەبینی؟ لە هیچ مەترسە.

**فیلکس**: خاوەن شکۆ دەزانێ کە بارۆن فۆهن لەگەڵمان سەفەر دەکات.

**شاژن**: (بە توندوتیژی) فۆهن؟ من وامزانی ئەم بەیانییە قەڵاکەی جێهێشتووە..

**فیلکس**: لەوانەیە ئەو بڕیارەکەتی بیستبێ. ئەو تا ئێستا لە کرانتزە, پێش چەند ساتێك لەمەوپێش بینیم.

**شاژن**: لە کوێ؟

**فیلکس**: لە قەڵاکە. لەمەش زیاتر پێی وتم خۆی کەژاوەی چونە ژورەوەکەت بۆ ڕێکدەخات.

**شاژن**: فیلکس لێیگەڕێ با ڕێکیخات, بەڵام من هەرچییەکم بوێ دەیەکەم. ئێستا چەند پیاوت لەگەڵە؟

**فیلکس**: سەد سوارێك و سەدوپەنجا لە پاسەوانانی خاوەن شکۆشتان.

**شاژن**: تا قۆناخی کۆتایی بە کەژاوە داخراوەکە سەفەردەکەم. خواردنی ئێوارەش لە ڕێگادا دەخۆم. تۆ خۆت و پەنجا پیاو لەگەڵمدا دێن. لە قۆناخی کۆتایدا سواری پشتی ئەسپەکەم دەبم. ژمارەی ئەو پیاوانەی لەگەڵ بارۆن (فۆهن)ەرن چەندە؟

**فیلکس**: لە بیست کەمترە.

**شاژن**: فیلکس لە قۆناخی کۆتایدا فەرمانت پێدەکەم بارۆن فۆهن دەستگیربکەی. (فیلکس ناڕەحەتی پێوە دیارە) پەنجا پیاو لە پاسەوانەکانم بەرەو بارۆن فۆهن و پیاوەکانی بگرە. ئەمە فەرمانە. تۆ لەگەڵ دیلەکەتدا دێن بۆ قەلاّ. من ئیمزای فەرمانە شاهانەیەکە دەکەم. کاتێ دەگەیتە قەلاّ هەموو گیراوە سیاسیەکان بەردەدەم. ئەمە یەکەم بڕیامە لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتیەکەمدا. دواتر سەد گوللە تۆپ لە تۆپەکانەوە بۆ سەلام کردن دەتەقێنرێن. ئەوە چیتە؟ ئایا بارۆن (فۆهن)ت زۆر خۆشدەوێ؟

**فیلکس**:نەخێر گەورەم، بەلاّم حەزدەکەم.. (دوودڵە) لەوانەیە بۆ ئێمە باشتر بێ...

**شاژن**: ئەی پیاو قسە بکە. قسە بکە.

**فیلکس**: من وای بەباش دەزانم خاوەن شکۆتان بە تەنها جێنەیەڵم.

**شاژن**: زۆرباشە. (بیردەکاتەوە) لەوانەیە باشتربێت لەکاتی چونە ژورەوەمدا لە تەنیشتمەوە بیت. ئەی کوڕی مامەکەت سەرۆکی پاسەوانەکان نییە؟



**فیلکس**: بەڵێ گەورەم.

**شاژن**: متمانەی پێدەکەی؟

**فیلکس**: بەتەوای.

**شاژن**: لەکاتی ڕاوکردنەکەدا چاودێریم ئەکرد. ئەو سوارچاکێکی زرنگە. بەڵێ، دەتوانی بارۆن فۆهن و پیاوەکانی لە ژێر چاودێری کوڕە مامەکەتدا دانێیت. ئەم ڕێکەوتنە بچوکە وادەکات چونەوەکەم بۆ لای دۆقە نەمربێت. بە کوڕە مامەکەت بڵێ ئەو خۆی بەرپرسە لە پاسەوانکردنی بارۆن "فۆهن"ەر. بێگومان ئێستا ئەم ڕێنمایانەی نادەیتێ تەنها ئەو کاتە نەبێ کە دەگەینە دوا قۆناخ.

**فیلکس**: ئایا لەگەڵ خاوەن شکۆتان دەبم؟

**شاژن**: بێگومان، تۆ و پاسەوانەکانی تریش. بێدەمامك دەچمەوە پایتەخت،خۆم دەگۆڕم و تفاقی سەرۆکی پاسەوانان لەبەردەکەم. هەموو شتێ تەواوە؟

**فیلکس**: ڕێنماییەکانی خاوەن شکۆ پیت بە پیت جێبەجێیان دەکەم.

**شاژن**: فیلکس لەبیرت نەچێ پاسەوانەکان و مۆسیقاکەیان لای نیوەڕۆ بەڕێز لەبەردەمی پەنجەرەکەدا ڕاوەستن، هەروەختێ لەوێ ڕاوەستان ئەوا تەماشایان دەکەم.

**فیلکس**: بەڵێ گەورەم، (دەچەمێتەوە).

**شاژن**: خانم دی برج بە کەژاوەکەی بارۆن فۆهن دەڕوا. ئەوان هەردوکیان لەیەك دەچن، دوای قۆناخی کۆتایی کەژاوەکە بە تەنها دەبێتە

کەژاوەی  خانم دی برج خۆی و وەختێکی زۆریشی لەپێش دەبێ بۆ بیرکردنەوە.

(تۆنی دەردەکەوێ و بە پەلە لە پلیکانەکانەوە دێتە خوارێ. شاژن هەڵدەسێ و بەسەرسوڕمانەوە تەماشای دەکات. بە ئاماژە قسە دەکا و شپرزەیی پێوەدیارە. شاژن وەڵامی دەداتەوە, فیلکس دەڕوا بۆلای دەرگاکە و ڕادەوەستێ. تۆنی بە پەلە دەگەڕێتەوە بۆلای پلیکانەکە و دەچێتە دەرێ. شاژن دوودڵە, دواتر دەچێت بۆلای پلیکانەکە, لە ناوەڕاستیدا ڕادەوەستێت, خۆی وەردەسوڕێنێ, ڕەنگی بەوێنەی مەرگ هەڵبزرکاوە. دەستی لەسەر دڵیەتی و وەك ئەوەی بەدەم خەونەوە بڕوا بە هێواشی دادەبەزێ. وەك ئەوەی لە خەودا بێت بەرەو ئاگردانەکە لەتردەبات).

**فیلکس**: گەورەم.

**شاژن**: ئەوە چییە وا ئەبڵەق بوی؟

**فیلکس**: من لە جوانی ڕادەمێنم.

**شاژن**: ئەوەی دەیبینی خەم و خەفەتە. چارەنوسم لەبەردەمم ڕاوەستاوە, چاوی لە چاوم بڕیوە. ئەو هەوڵی ئەوەدەدا خەوم لێکەوێت. بڕوانە, من ئێستا نوستوم.

(فیلکس لەبەرپێی شاژندا بەچۆکدا دێت)

تەنها خوا ئەنجامی ئەم گەشتە دەزانێ. ئێمە شارەزای قەدەر نین, بەلام فیلکس هەرچۆنێك بێت ئێستا شتێکی سەیر دەکەم. شتێکی توندوتیژ. شتێك ئافرەت بێ خوێن لەچاو هاتن لە ترسا نەتوانێ بیری



لێکاتەوە, ئەو تەختی پاشایەتیەی کە دەمەوێ بیگەمێ خەڵاتە, ئەوەی ئێستاش دەیکەم قوربانیدانە.

**فیلکس**: (هەڵدەسێ) گەورەم.

**شاژن**: نا فیلکس. خەبەرم مەکەرەوە. چونکە بۆ ئەوەی ئەوە بکەم کە ئێستا دەمەوێ بیکەم, باشترە نوستبم و  واش هەڵسوکەوت بکەم وەك ئەوەی خەون ببینم. تەنها بە تۆ دەڵێم, گەرچی تۆ هەرگیز لەوەتێناگەی کەمن دەمەوێ. داوات لێدەکەم ئەمەی خوارەوەت هەرگیز لەبیرنەچێ:

هەرچییەك لەمن ڕویداوە من خۆم ویستومە ڕوبدات. ئەوەش وەك تراژیدیا دەردەکەوێ دەکرێ ڕەحمەتێك بێت لەلای خواوە.

(ستانیسلاس لەسەرەوەی پلیکانەکە دەردەکەوێ) دەتوانی بڕۆی. بەجێمان بێڵە.

(فیلکس دەڕوا. ستانیسلاس دێتەخوارێ و بە هێواشی بەلای شاژندا تێدەپەڕێ, وەك ئەوەی لەخەودابێت. کاتێ دەگاتە ناوەڕاستی ژورەکە شاژن دەکەوێتە دوای. ئەم دیمەنەی کە دێ شاژن وەك ئەوەی لە حاڵەتی گرژبون و هەڵچوندابێت دەردەکەوێ).

**شاژن**: (شاژن بە توندی و بەڕەقی) چیت کردووە؟ (وەڵامی ناداتەوە) وەڵامم دەرەوە. دەمودەست وەڵامم دەرەوە. کوا مەدالیاکەم؟

**ستان**: (بەهێمنی) مەدالیاکە لە ژورەکەتە.

**شاژن**: کراوەتەوە.

**ستان**:کراوەتەوە.

**شاژن**: ستانیسلاس.

**ستان:** دروست وەك ئەوەی تۆ وتت. مرۆڤ كە قسەدەكا دەمرێ. تەنها یەك چركەم لە ژیامدا ماوە. تەنها یەك چركە دەژیم. لێگەڕێ كاتێ لێتدەڕوانم بمرم. بارۆن فۆهن ناتوانێ ئەمەم لێ قەدەغەبكات. دواتر ئەو بەڵێنەی كە پێم دابوو ئەیهێنمەدی. لێگەڕێ تەرمەكەم هەڵگرن بۆلای پۆلیس.

**شاژن:** پۆلیسی چی؟

**ستان:** لەكاتێكدا تۆ لەدەرەوە سواری ئەسپەكەت بوبوویت, قەڵاكەیان ئابلۆقەداوە. بارۆن فۆهن گرتمی و تەنها یەك كاتژمێر مۆڵەتی پێداوم. ئەوان ئێستا لەترسی ئەوەی نەبادا ڕاكەم, چاودێری هەموو ژورەكان دەكەن. كەچی ئەوتا خۆشەویستەكەم وەك دەبینی بڕیارم داوە.

**شاژن:** ئەی گێلە. شتێك لە گۆڕێ نییە واتلێبكا بترسی. شاژن دەیپاراستی.

**ستان:** من لەوان نەدەترسام. من لە خۆمان, لە هەردووكمان دەترسام. لەناكاو ئەو شتەم زانی كە حەزم نەدەكرد بیزانم. زانیم خۆشەویستییەكەمان بەردەوام نابێت. بەرگەی ئەوەشم نەدەگرت ببینم خۆشەویستیەكەمان لەناودەچێ, هەندێ شت هەیە دەمێنێ و هەندێكی دیكەش نامێنێ. لەگەڵ خۆشەویستیش وەك خۆشەویستییە بەگوڕ و گوژمەكەی ئێمە چارەسەری مامناوەندی نییە. تاقە چارەسەرێك لەئارادابوو ئەویش مردنی من بوو, لەكاتێكدا خۆشەویستیەكەمان هێشتا بەردەوام بوو.



**شاژن:** ترسنۆك. تۆ ترسنۆكی. تۆ ترسنۆكی. كەچی تۆ بوویت لە نێو زوڵمەتا دەرتهێنام.

**ستان:** مردن ناتوانێ لێكمان جیاكاتەوە.

**شاژن:** من نامەوێ تارماییەكەت هاوڕامبێت.

**ستان:** (بەرەوڕوی دەڕوا) خۆشەویستەكەم.(دەیەوێ بیگرێ, شاژن لێی دووردەكەوێتەوە).

**شاژن:** دەستم لێنەدەی.

**ستان:** ئەمە تۆی؟

**شاژن:** دەستم لێنەدەی. (تۆقیوە) تۆ دەمری. من قێزم لێتدەبێتەوە.

**ستان:** ئا ئەمە ئەو ژنەیە كەمن خۆشمدەویست؟

**شاژن:** تۆ لەبەردەم شاژنەكەتای.. ئەمەت لەبیرنەچێ؟

**ستان:** دەبوایە ژەهرەكە وەك بروسكە لە لاشەما بتەقیایەتەوە. ئایا دەبێ ئەمە بێت مردن.. مرۆڤ زیندوبێ و لە نێو دۆزەخیشدا بێت. (بە هەڵچونەوە لەناو ژورەكەدا دێت و دەچێ) ئایا دەبێ ئەمە بێت دۆزەخ. تۆ بڵێی خۆشەویستی ئەو دۆزەخە بێ, ئەوانەی كە دەمرن بۆی دەچن؟

**شاژن:** پێویست نییە ئەوەی دەمرێ بڕوا بۆ دۆزەخ. تۆ هێشتا زیندووی.

**ستان:** تۆ لە كرانتزی و.. ئەمە كورسیەكەتە.. ئەمە مێزەكەتە.. ئەمانەش كتێبەكانتن كە دەتبردن لەگەڵ خۆتا.. (دەست لە كتێبەكان دەدا)

**شاژن:** تۆ هاتیت بۆ كرانتز تا بمكوژی, بەڵام نەتكوشتم. منیش لێتخۆش بوم.

www.pertwk.com

**ستان**: جا من چیم کردبوو؟

**شاژن**: له ژیانی خۆمت بێبەش کردم.

**ستان**: ئەی چیم نەکرد؟

**شاژن**: لە مردنی خۆمت بێبەش کردم. واتلێدەکەم ئازار بچێژیت, وەك چۆن ئازارت دام.

**ستان**: ژەهر ئازارە گەر بە تالاوی زمانت بەراوردبکرێ.

**شاژن**: ئەوانەی خۆشەویستی دەکەن جگە لە هەقیقەت هیچی تر نازانن.

**ستان**: هەقیقەت چییە؟

**شاژن**: ئێش و ئازارە..وەك چۆن ئازارتدام, ئازارتدەدەم, فۆهن تۆی نەگرتووە, بگرە ئەوە منم تۆم گرتووە. لەوبڕوایەدا بووی لە توانامدا هەبوبێ بەرگەی دەستێوەردانی تۆ لەکاروباری دەوڵەتدا بگرم.. ئایا خەیاڵت واڕۆشتبوو کە من بەرگەی ئەو خۆبەزلزانینە هیچ و پوچەی تۆ دەگرم و ببینم سێبەرەکەت بەدرێژایی ژیانم بەدەوامەوەبێت. ئای چ لەخۆباییەکی گێلی. بێئاگایی و لە خۆبایبوون بەجۆرێك کوێریان کردی تا ئەو ئاستەی تێبینی ئەوە نەکەیت کە من هەڵتدەخڵەتێنم. شێتە. گەر پۆلیس تۆیان گرتبێ ئەوا بەپێی فەرمانێکی پاشایەتی بووە.

**ستان**: درۆزن.

**شاژن**: گەورەم, تۆ خۆت لەبیرکردووە!

**ستان**: تۆ درۆ دەکەی.

**شاژن**: ئایا پیاوانی بارۆن بانگ کەم؟



**ستان**: لێرە. ئەی لێرە نەبوو (ئەکێشێ بە کورسیەکەدا) لێرە. لێرە دانت نەنا بە خۆشەویستییەکەتا؟ تۆ بڵێی ئەوە خەون بوبێت؟ یان گوناهێك بووە و ئەمەش سزاکەیەتی؟

**شاژن**: بێگومان درۆم لەگەڵتا کرد. ژن دەتوانێ چی لە پیاو بکات جگە لەوەی درۆی لەگەڵدا بکا, یان خەفەتی بداتێ؟ شیعرەکانی خۆتت لەبیرە. پێدەچێ ئەوەی ئەوسا لەکاتی دانانی شیعرەکانتا دەتزانی ئێستا لەبیرت چووبێتەوە.

**ستان**: خودایە. خەبەرمکەرەوە, یان لێگەڕێ بنوم تا ئەم خەونە تێکبشکێنم.

**شاژن**: مادام مردنەکەت نزیك بووەتەوە, دەکرێ تەکلیفکردن لە نێوانماندا نەمێنێ. دەتوانم ڕاستیت پێ بڵێم بێ ئەوەی لەوە بترسێم بلاویبکەیتەوە. بڕیارم دا هەڵتخڵەتێنم. تێدەگەی؟ بڕیارم دا سەرسامت بکەم و چەکەکەت داماڵم و هۆگری خۆمت بکەم تا سەرکەوم بەسەرتا. هەموو ئەمانەشم بۆ هاتەدی.

**ستان**: دەڵەسەگ. تۆ دەڵەسەگی.

**شاژن**: منیش وەك هەموو ژنانی تر, وەك هەموو شاژنەکانی تر, سۆز و بەزەییم نییە. نۆکەر هەڵدەبژێرن تا بەکاریبهێنن و دۆستیش دەگرن و دواتر دەیکوژن.

(ستانیسلاس وەک بەشی یەکەم بەملاولادا دێ. دەست دەخاتە سەر قورگی. خەریکە دەکەوێت. شاژن لەو دەمەدا ناتوانێ هەست و سۆزی خۆی بشارێتەوە, بۆیە بەرەولای دەڕوا)

**شاژن**: ستانیسلاس؟

www.pertwk.com

**ستان**: (بەئاگادێتەوە) درۆزن.. درۆزن. کاتێ خەریك بوو دەکەوتم. دەستت بە هات و هاوار کرد. تۆ منت خۆشدەوێ و هەوڵدەدەی فریومبدەی تاکو بزانی من خۆشمدەوێی.

**شاژن**: چ گرنگییەکی بۆ من هەیە گەر تۆ خۆشتبوێم؟ تۆ خەریکە دەمریت, ئیدی بۆچی دەست لەملکردنم توشی دڵەڕاوکەی کردویت. من چیتر بایەخت پێنادەم, مەرگ بۆ خۆیت دەباتەوە.

**ستان**: خودایە. نەڵێی ئەو مەدالیایەی کە ژەهری تێدابوو, بەدەستی ئەنقەست, لە ژورەکەتا داتنابوو؟ وەڵامم بدەرەوە. ئایا ئەمە بەدەستی ئەنقەست بوو. ئایا هەموو ئەم وردەکاریانەت چنیبوو؟

**شاژن**: وەك دەبینی هەموو شتێ تەنانەت هەڵچونی شاعیرێکی لەخۆبایش, بەشێك بووە لە پلانەکەم, بەڵام تۆ نایبینی, چونکە تۆ لە خۆشی ئەوەی شیعرەکەتم لەبەرە خۆت لێونبووە. لە خۆباییبون کوێری کردیت و ئیدی نەتدی من بە ئەنقەست بەکارمهێنای وەك چۆن شاعیر وشەکان بەکاردەهێنێ. تۆ شیعرێکت لەبارەی منەوە نوسی, هەروەها منیش شیعرێکم لەبارەی تۆوە نوسی. ئەمە عەدالەتە. ئەی شێت واینابینیت لێکچونت بە پاشا سوکایەتی پێکردنێك بوو کە لێخۆش بونی بۆ نییە. واتدەزانی من لە توانامدا دەبێ لەوەخۆش ببم؟ لەوبڕوایەدا بوی ژنێك پیاوێکی خۆشدەوێ تەنها لەبەر ئەوەی لەو تارماییە دەچێت کە شەیدای ببوو؟ ساویلکەییت وای لێکردی ڕوتوقوت بیتەوە, ڕوتوقوتیەکەشت ئابڕووبەرەیە. لە هەموو ئەو وردەکارییانەدا تەنها یەك خاڵ هەیە کە تۆ توانیت دەرکی پێ



بکەی.. ئەویش ئەوەیە واتدەزانی من تێکوپێکت دەشکێنم بۆیە ژەهرەکەت خواردەوە تابمری, کەچی من دەمویست تا ژیانت ماوە بەندت کەم. باشت کرد پەلەت کرد لە مردنەکەت و ئەرکی ماندوبونی بەندکردنەکەت لەکۆڵ کردینەوە, هەموو بەندکراوێك بەندییەوانێکی دەوێ.

(ستانیسلاس دەکەوێتە سەر ئەژنۆی.. دەگری)

**ستان**: خودایە. خەبەرمکەوە یا لێمگەڕێ بنوم تاکو ئەم خەونە تێکبشکێنم. خودایە چۆن دەبێ ئەم هەموو ئازارە بچێژم؟

**شاژن**: هەستە. ئایا تۆ هێندە ترسنۆکی تا ئاوا لەسەر چۆك بەرەو مردن بڕۆی؟ هەستە. مادام تۆ هێشتا زیندویی ئەوا گوێگرە بۆ قسەکانم. دوای مردنت کاتێکی زۆرت دەبێ بۆ یادکردنەوە. هەستە. یەزدان ترسنۆکەکانی خۆشناوێ.

(هەڵیدەسێنێتەوە.. بەبێ هەستکردن لەبەردەمیدا ڕادەوەستێ,وەك بەشی یەکەم)

**شاژن**: پیلانەکەم واڕێکخستووە, دوای ئەوەی فۆهن بەندت دەکات بمبینی من لەگەڵ پاسەوانەکانمدا دەڕۆم. من بێزتلێدەکەمەوە. ئایا هیچت نییە بیلێی؟ ئایا ڕیسواکردنت کارت تێناکات؟ ئەوان خۆیان ئامادەکردووە. خێراکە بمرە و لێگەڕێ لێوەکانت ببینم کە مردن ماچ دەکەن. خێراکە. ناتوانی؟ بەداخەوە.. ئێستا دەبێ بڕۆم.(پشتی تێدەکاو بەرەوڕوی پلیکانەکە دەڕوا. قاچی لەسەر یەکەم پلیکانە دادەنێ و دەوەستێ) کاتێکی خۆشم لەگەڵ

www.pertwk.com

مردنەکەتا بردەسەر, بەڵام دانپیانانەکەت زۆر بێزاری کردم. زۆر جارسکەربوو.

(ستانیسلاس تەماشای پشتی دەکات. دەست بۆ خەنجەری ڕاوکردنەکە درێژدەکات. لە کێڵانەکەی دەریدەهێنێ, لە دەرەوە دەنگی کەڕەنای دەبیسرێ, ستانیسلاس بە خێرایی ڕووە و شاژن دەڕوا)

**ستان**: من.. بە تەنها نامرم.

(خەنجەرەکە هەڵدەدا و بەر شاژن دەکەوێت. شاژن بەملاولادا دێ، بەڵام هاوسەنگی خۆی دەپارێزێ و سێ پلە سەردەکەوێ و خەنجەرەکەش چەقیوەتە پشتی، شاژن خۆی دەسووڕێنێ و بە ناسکییەکی زۆرەوە قسە دەکات)

**شاژن**: خۆشەویستەکەم بمبوورە. شێتییەکەتم وروژاند، من دەبوا پاڵم پێوە نایتایە تاکو بمردیتایە, ئایا من دەمتوانی بە بێ تۆ بژیم؟ سوپاس بۆ تۆ کە وات لێکردم بژیم. سوپاس بۆ تۆ کە وات لێکردم بمرم

(شاژن چەند پلیکانەیەکی دیکە دەچێتە سەرەوە و جارێکی دی ئاوڕی لێدەداتەوە).

**شاژن**: عیزرائیل.. من تۆم دەپەرست.

(ستانیسلاس وەک حەپەساوێک ڕاوەستاوە. شاژن بەسەر پلیکانەکاندا سەردەکەوێت تا دەگاتە دوا پلیکانە، بۆئەوەی هاوسەنگی خۆی ڕاگرێ دەست دەگرێ بە پەردەکەوە و لەبەردەم پاسەوانانی ڕیز بەستووی باخچەکەدا دەردەکەوێ. سەلامی کۆماری لێدەدرێ، لە پاشان شاژن



پەردەکە ڕادەکێشێ و بە مردوویی بەردەبێتەوە. ستانیسلاس دەگەڕێتەوە بۆ دواوە و دەکەوێت بەسەر پلیکانەکەدا).

**پەردە دادەدرێتەوە**

www.pertwk.com

**تێبینی:**

*لەم شانۆنامەیەدا دوو کەسێتی هەیە کە دەرناکەون ئەوانیش"دۆق کە مردووە و دۆقە" ئەم دوو کەسە باوك و دایکی پاشا کوژراوەکەن, بەپێی فەرهەنگی "ئەلمونجد" ئەم دوو نازناوە بەرزترین نازناون دوای نازناوی"شازادە-الامیر-" لە کاتی خۆیدا لە فەرەنساو هەندێ ولاتی دیکە بەکارهاتووە, لە ئێستادا تەنها لە بەریتانیادا بەکاردەهێنرێت و بەمانای سەرۆك"القائد"دێت, زۆر هەوڵمدا بزانم لە زمانی کوردیدا بەرامبەر ئەو دوو ناوە چی هەیە بەڵام دەستم نەکەوت, هەبوو دەیوت "میر و میرژن" یاخود "ئاغا و ئاغاژن" بەڵام هیچیان گونجاو نەبوون, بۆیە هەروەك خۆی هێشتمنەوە

** سیلویت: ناوی شاژنەکەیە و لە دەقەکەدا هەر ئەم جارە ناوی هاتووە.

**سەرچاوە:** گۆڤاری شانۆ ژمارە 22 ئۆکتۆبەری 1965

www.pertwk.com

# یاریزانێکی تر

نوسینی: ئۆین. ج. ئارنۆ

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: محەمەد ئەمین جەمیل ئەلشامی

لە عەرەبییەوە: هەورامان وریا قانیع

**کەسێتییەکان:**

**دکتۆر بیکەر**: بەڕێوەبەری قوتابخانەیە, تەمەنی لە کۆتایی چلەکاندایە

**کۆرلین**: باوکی یەکێ لە قوتابییەکانە, تەمەنی لە کۆتایی چلەکاندایە.

**پیتەر کرۆس**: خوێندکارە لە خوێندنگای "گرای ماتیۆز"

**شوێنی ڕودانی ڕوداوەکان:**

(ژورێک لە بەشی ناوخۆیی خوێندنگای – گرای ماتیۆز– لە نیوئەنگلاند, بەیانی یەکێك لە ڕۆژە دوا دواییەکانی مانگی حوزەیران)

www.pertwk.com

پەردە لەڕوی یەکێك لە ژورە گەورەکانی بەشی ناوخۆیی خوێندنگای ئامادەیی "گرای ماتیۆزی کوڕان" لە نیوئەنگلاند هەڵدەدرێتەوە، ئەم ژورە گەرچی جاران لەوەختی چالاکیەکاندا خۆشی و شادی پێوە دیاربووە، بەڵام ئێستا تەواو کپ و بێدەنگە و ڕێکخستنی کەلوپەلەکانی ناو ژورەکە ساردوسڕییەکی ئاشکرای پێوە دیارە. لەلای چەپی تەختەی شانۆوە دەرگایەکی گەورە کە لە داری بەڕوو دروستکراوە دەبینرێ، ئەم دەرگایە دەڕوانێت بەسەر "بەهویەکدا" کە ناکەوێتە بەرچاو، لەگۆشەی چەپی دواوەی ژورەکە دۆڵابێکی گەورەی چەکمەجەدار دانراوە، نزیك نوسینگەکە قەرەوێڵەیەکی بچوك دیارە، لەلای ڕاستی قەرەوێڵەکەوە کورسییەك هەیە، ڕاستەوخۆ لەپشتی کورسی و قەرەوێڵەکەوە پەنجەرەیەکی گەورە دیارە، لێیەوە گورزەیەك لە تیشکی خۆر دێتەژورەوە. هەروەها لە پشتەوە و لەلای ڕاستی تەختەی شانۆوە دۆڵابێکی کتێب هەیە کە کۆمەڵی کاسی زێڕ و زیوی لەسەر دانراوە، لە تەنیشتییەوە هەندێ عەلاگەی جل کە لە تەختە دروستکراون بە دیوارەکەدا داکوتراون، ئەم عەلاگانە کۆمەڵێ مەدالیایان پێداهەڵواسراوە. لە نزیك دۆڵابی کتێبەکانەوە کورسی و مێزێك دانراوە، هەروەها دوو قەرەوێڵەی دیکە لە ژورەکەدا هەیە، کە هەر یەکەیان هێندەی قەرەوێڵەکەی یەکەم دەبن، یەکێکیان لەلای ڕاست دانراوە و ئەوی تریشیان لەلای پشتەوەیە، دوو جانتا لەسەر زەوییەکەن،کە کەوتونەتە نێوان دۆڵابە چەکمەجەدارەکە و قەرەوێڵەی یەکەم.

کاتێ پەردەکە هەڵدەدرێتەوە کەس لەسەر شانۆ نییە، بەڵام، یەکسەر دەرگای ژورەکە دەکرێتەوە و دوو پیاو دێنە ژورەوە: دکتۆر بیکەر لە



دواشیەوە کۆرلین. ئەمەی دواییان تەمەنی لە کۆتایی چلەکاندایە، جلەکانی لە جلوبەرگێکی گران بەها دەچێت، بەڵام ڕەنگێکی دێز و تاریکیان هەیە. دەمودەست مرۆ هەست بەوە دەکات کەوا ئەم پیاوە هەرگیز خۆشی بە خۆیەوە نەدیوە و ڕەنگ زەرد و ماندو دیارە، بەتایبەتی لەم کاتەدا. تەمەنی دکتۆر بیکەر نزیکە لە تەمەنی کۆرلینەوە، دکتۆر بیکەر هەمان ئەو قاتە تەقلیدییەی لەبەرە کە بەڕێوەبەری ناوەندییەك لەبەری دەکات، هەر لە قاتێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی و سەدریەکەیەوە تادەگاتە ئەودارجگەرەیەی کە بەئاستەم لەنێو دەمیدا ڕاگیراوە، دکتۆر بیکەر پێدەچێ قسە زان بێت و متمانەشی زۆر بەخۆی هەیە، ئەم دوو سیفەتەش بەوریایەوە و بەدرێژایی ڕۆژگار لەلای دروست بووە.

**دکتۆر بیکەر**: (بە ڕوخۆشییەوە بزە دەیگرێ) ئەمە ژورەکەیەتی. بەڕێز کۆرلین لەو بڕوایەدام تۆ پێشتر ئەم ژورەت بینیوە.

(کۆرلین چاوێک بە ژورەکەدا دەگێڕێت و لە هەوڵی ئەوەدایە لە ژورەکە بگات، لە کاتێکدا کە ئەوە دەکات، خەم و پەژارە دایگرتوە، گەرچی هەوڵ دەدات خەم و پەژارەکەی بشارێتەوە)

**کۆرلین**: بەڵێ، بێگومان. بەهاری ڕابردوو سەردانی ئەم شوێنەم کرد.

(کۆرلین لەو قەرەوێڵەیە دەچێتە پێش کە لە پەنجەرەکەوە نزیکە. بەبێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێت دەست دەخشێنێ بەسەر پەردەکەیدا و دەیگرێ)

**دکتۆر بیکەر**: شتەکانی چۆن بەجێهێشتووە، هەوڵماندا بێدەسکاریکردن هەر وەك خۆیان بیانهێڵینەوە، من ناچارم پێت بڵێم ئێمە ڕێگەمان دا بەخۆمان کەمەکێك چەکمەجەکانی ڕێکخەین، نەك لەبەر ئەوەی

www.pertwk.com

له حاڵەتێكی نارێك و پێكدابوو, بەڵام... تۆ خۆت لە مەسەلەكە دەگەی.

**كۆرلین:** (منگە منگێك دەكات) ... بێگومان.

**دكتۆر بیكەر:** بگرە بە پێچەوانەوە, جیفری گەنجێك بوو بایەخی زۆر بە ڕێكوپێكی دەدا.

**كۆرلین:** بەڵێ, ئەو وابوو, ڕاستدەكەیت.

**دكتۆر بیكەر:** (ئاماژە بۆ مەدالیا و یادگاریەكانی دەكات كە لەسەر دۆڵابی كتێبەكانە) بێگومان ئەمە هەموو مەدالیا و كاسەكانیەتی. ئەمانەیان ئەوانەن ئەمساڵ لەیاری تێنس و لە پێشبڕكێی ڕاكردندا بەدەستی هێناون, وابزانم هەموو ئەمانەشت بینیوە.

**كۆرلین:** (دەڕوا بۆلای دۆڵابی كتێبەكان) پێم وایە هەندێكیانم بینیوە.(دەست بۆ كاسێكیان دەبات) ئەمەیان تازەیە, وانییە؟ لەوەدەچێ ئەمەشیان خەڵاتێكی دیكە بێ كە لە یاری تێنسدا وەریگرتوە.

**دكتۆر بیكەر:** بەڵێ وایە, (بەدەنگێكی نزم) بەڕاستی كوڕە گەنجەكەت وەرزشەوانێكی بەتوانابوو.

**كۆرلین:** دەزانم.

(كاسەكە هەڵدەگرێ بۆنەوەی پێشكەشییەكەی بخوێنێتەوە).

**دكتۆر بیكەر:** لیژنەكە بەتایبەتی لە پێناوی جیفریدا ئەم پێشكەشیەیان لەسەر كاسەكە هەڵكۆڵی, لێمانپرسی حەزدەكا چی لەسەر كاسەكە بۆ بنوسین, (بە پێكەنینەوە) ئەمە, لەوباوەڕەدام,



كەمەكێك سەرپێچیكردنە لە یاساكان, بەڵام ویستمان دڵنیابین لەوەی كە ئەمە بەختەوەری دەكات.

**كۆرلین:** ئەم ڕەفتارەتان ڕەفتارێكی حەكیمانە بووە.

**دكتۆر بیكەر:** (هێشتا هەر ڕوی خۆشە و بزە گرتویەتی) دەترسم ئەم ئاوڕلێدانەوەیەمان شەرمەزاری كردبێت, ئەو بەردەوام گەنجێكی خاكییانە بوو, لەڕاستیدا سەرەتا پێی وتین تەنانەت نایەوێت ناوی بخەینە سەر كاسەكە.

**كۆرلین:** هەرچۆنێك بێت ئەوەی دەیبینم ئەوەیە ئێوە جێبەجێتان كردووە.

**دكتۆر بیكەر:** بێگومان وامانكرد, ئەمە ڕەفتاری ئێمەیە بۆ ئەوەی وایلێبكەین هەست بكات خۆشمان دەوێ, چەند پێمانخۆش بوو ئەو لەلای ئێمە خوێندكارە, هەروەها پێویستە لەسەرم دان بەوەدا بنێم ئەو وەرزشەوانێكی ئاست بەرز بوو, ئەمەش وایكرد خوێندنگاكەمان خوێندنگایەكی جیابێت, زۆر بەدەگمەن خوێندكاری وەك جیفری ڕوو لە خوێندنگاكەمان دەكات.

**كۆرلین:** (بەساردییەوە بزە دەیگرێ) هەندێ خوێندكاری دیكەم بینی یارییان دەكرد, لەڕاستیدا ئەوانیش هەموویان لێوەشاوە دیاربون.

**دكتۆر بیكەر:** لەوانیە. بەڵام هیچ كامیان شانیان لە شانی كوڕەكەی تۆ نەدەدا. دەمەوێ باوەڕ بكەیت و هیوادارم گومان نەكەیت و وانەزانی من بۆیە وادەڵێم بەهۆی ئەوەوەیە كە ڕویداوە. ڕەنگە من و تۆ لە داهاتودا هەلمان بۆ نەڕەخسێ تاكو پێكەوە قسەبكەین, بەلای كەمەوە هەلێكی وەك ئەمەی ئێستا, (بە بزەوە)

هیوادارم ئەمە ماستاوکردن نەبێت لەلایەن بەڕێوەبەری خوێندنگایەکەوە بۆ ئەوەی بەڕێز کۆرلین لەخۆی ڕازیبکات.

**کۆرلین**: (تێکچوە, لەوە تێناگات ئەو بەڕاستی دەیەوێ بگاتە چی) ئەوەی بەلای منەوە شوێنی ڕێزە ئەو ئارەزوەی تۆیە بۆ قسەکردن دەربارەی جیفری. لەڕاستیدا من پێخۆشحاڵم بەهەرشتێ کە دەتەوێ پێمی بڵێی, گەرچی زۆر گرنگیش نەبێت. ئەوە, تاڕادەیەك, یەکێکە لەو پاڵنەرانەی وایلێکردم بگەڕێمەوە بۆ ئێرە, تاکو ژورەکەی ببینم, بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ مامۆستاکانی بکەم, بۆ ئەوەی دەست لەو شتانە بدەم کە دەستی لێدابون. خێزانەکەم هەوڵیدا لە هاتنەکەم پەشیمانم کاتەوە, پێیان وتم ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی مردنەکەی بگۆڕدرێت بۆ وەسوەسە, بەڵام من بەختەوەرم کەوا بە گوێم نەکردن, لەو بڕوایەشدام بەکۆتایی هاتنی ئەم سەردانەم, دەگەمە ئەوەی کۆتاییەکی دیاریکراو بۆ هەموو شتێ دابنیم. دکتۆر بیکەر لێم تێدەگەی؟

**دکتۆر بیکەر:** بەدڵنیاییەوە. لەبەر ئەم هۆیەش بوو پێم وتی جیفری شوێنی سەرسوڕمانی هەموان بوو.

**کۆرلین**: تۆ تەواو ئازادی لەوەی کە دەتەوێ هەر شتێکی دیکەم لەبارەی ئەوەوە پێبڵێی, ئەوەی پێیهەستاوە, ئەو شتانەی بیریلێدەکردنەوە, چونکە لەوانەیە ئەمە دوا نیگا بێت کە دەرفەتم هەبێت لێیەوە تەماشایەکی بکەمەوە.

**دکتۆر بیکەر**: ئەو گەنجێکی زیرەك بوو..

**کۆرلین**: بەڵێ, ئەمە دەزانم.



**دکتۆر بیکەر**: بۆ خۆی خەرمانەیەکی گەنجانەی جوانی لە دەوری خۆی دروستکردبوو کە نیشانی دەدا لە خێزانێکی بەخشندەیە.

**کۆرلین**: ئەی دەربارەی خولیاکانی؟ یان پێدەچێ هەموو کاتی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبێت ببێ بە ئەستێرەیەکی وەرزشەوان.

**دکتۆر بیکەر**: وابزانم سەبارەت بە خولیاکانی بۆی نوسیبویت.

**کۆرلین**: ئاه! بێگومان نامەم لەوەوە پێدەگەشت و, دەشمخوێندنەوە, بەڵام بەداخەوە دانی پێدادەنێم من هەرگیز بایەخی تەواوم بەناوەرۆکی نامەکانی نەدەدا. بە بڕوای من, هۆکەشی, بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە نامەکان لە کاتی نەگونجاوی سەفەر کردنەکانمدا دەگەشتنە دەستم. بە دیاریکراوی بیرم دێ یەکێك لە نامەکان کاتێ گەشتە دەستم من خەریکی کارێکی ڕاوێژکاری و کارگێڕی بچوك بوم لە لەندەن, تەنیا دوای تێپەربونی نزیکەی مانگێك ئینجاهەلێکم بۆ ڕێکەوت نامەکەی بخوێنمەوە, ئەو دەمیش خەریکی جێبەجێکردنی کارێکی دیکە بوم لە تیرۆل. سەفەرکردن بەم شێوەیە واتلێدەکات چاو لە پەیوەندییە تایبەتیەکانی خۆت بپۆشی, ئەمەش بە بۆچونی من کارێکی نەشیاوە.

**دکتۆر بیکەر**: بەڕێز کۆرلین, من لەوە دڵنیام کە جیفری هەرگیز هەستی بە پچڕانی پەیوەندی شەخسی نەکردووە لەگەڵتا, لەو بڕوایەشدا نیم من بەم قسانەم سنورم بەزاندبێ.

**کۆرلین:** ئایا لەبارەی منەوە هیچ قسەی لەگەڵدا کردویت؟

**دکتۆر بیکەر**: چەندین جار, بەڵام ئەو کاتانەی کە بەجۆرێك لە جۆرەکان دڵنیا دەبوو لێم, من و کوڕەکەت تەواو تەبابوین لەگەڵ یەك.

www.pertwk.com

**کۆرلین**: ئایا هیچ جاریَ باسی ئەوەی نەکردووە کە من پشت گوێی دەخەم, یان ئەو لەوانەیە وای هەستکردبێت من ڕقم لێیەتی؟

**دکتۆر بیکەر**: بۆ تەنیا جارێکیش بێ, باسی لە شتی وا نەکردووە, ئەو بەوستایشانەی تۆ دڵخۆش بوو کە لە ئەنجامی بردنەوەکانیدا دەتکردن. پێم وایە شێوازی ئەو ڕکابەرایەتی کردنەی, لە هەموو یاریەکان و پاڵاوتنەکاندا گرتبویە بەر, شێوازێکی لە ڕادەبەدەر بوو, بۆیە واشی دەکرد چونکە دڵنیابوو لەوەی ئەمە تۆ دڵخۆش دەکات.

**کۆرلین**: (بە واقوڕمانەوە) هەر لەبەر ئەمە لە پاڵاوتنی مەلەوانیدا بەشداری کرد؟

**دکتۆر بیکەر**: (خۆی لەبیرکردووە) لەوانەیە. ئەو دەیزانی تۆ پاڵەوانی مەلەکردن بوی, مەلەکردنیش تاقە وەرزشێك بوو لاواز بوو تێیدا, لەبەر ئەوە هەوڵیدا و هەوڵیدا و..

(بەشڵەژانەوە ڕاوەستاو لەوە تێگەشت کە دەیڵێ)

**کۆرلین**: ...هەوڵیدا و هەوڵیدا تا خۆی خنکاند.

**دکتۆر بیکەر**: (پاش کەمێك و هێدی هێدی هاتوەتەوەسەرخۆی) بەڕێز کۆرلین مەبەستم ئەمە نەبوو, داوای لێبوردن دەکەم, من هەرگیز مەبەستم ئەمە نەبوو.

**کۆرلین**: (پچڕ پچڕ قسەدەکات) ئایا.. ئەو کاتەی خنکا..تۆ لەوێ بویت؟



**دکتۆر بیکەر**: من لە نوسینگەکەی خۆمدا بووم. بەڵام دوای ڕودانی مەسەلەکە بە چەند دەقیقەیەك ئینجا پێمزانی, وەك دەبینی نوسینگەکەم دەکەوێتە تەنیشت هۆڵی یارییە وەرزشییەکان.

**کۆرلین**: پێیان ڕاگەیاندم مەسەلەکە زۆر بەخێرایی بەڕێوەچووە.

**دکتۆر بیکەر**: (بە هێواشی و, بەبێ ئەوەی ئەو ڕێچکەیەی گفتۆگۆکەیان گرتویەتییە بەر توشی هەڵچونی بکات) بەڵێ, لەو بڕوایەدام ئەمە ڕاستە.

**کۆرلین**: وتیان ئەوکات لەو نزیکانەدا مەلەوانی تری لێنەبووە. ئەو بەتەنیا لەوێ بووە, لەناوەڕاستی گۆماوەکەدا توشی تەشەنج بووە, دەمارەکانی گەدەی هاتونەتەوەیەك, لەپاشان لە قوڵایی ئاوەکەدا نقوم بووە.

**دکتۆر بیکەر**: مەلەوانە ڕزگارکەرەکە هەر کەبینیبوی دەمودەست خۆی هەڵداوەتە ناو گۆماوەکە, بەڵام.. جیفری ئەو کات.. خنکا بوو.. سوێندت بۆ دەخۆم ئێمە ئەوەی لە توانامانـدا بوو کردمان تا ژیانی بۆ بگەڕێنینەوە.

**کۆرلین**: دکتۆر بیکەر دەزانم. ئەوانی تر ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەلیان بۆ ناردم, نامەوێ وا تێبگەی من لۆمەی خوێندنگاکە دەکەم, ڕوداوێکی لەو جۆرە ناکرێ لە ئەنجامی گوێنەدانەوە ڕویدابێت. بەڵام ئەم ڕوداوە بەیەکێك لەو ڕوداوە سەیر و سەمەرانە دەچێت کە مرۆڤ لە کتێبدا دەیخوێنێتەوە و, گومان دەکات لەوەی ڕوداوی لەم جۆرە لە واقیعدا ڕوبدات.

www.pertwk.com

**دکتۆر بیکەر**: من نەدەبوایە سەبارەت بە سوربونی ئەو لەسەر بەشداریکردنی لە پالاوتنی مەلەوانیدا قسەم بکردایە. ئەوە گێلییەتی و بێ ئابڕوویی من بوو. مەبەستم ئەوەش نەبووە ئەو بەو مەلەکردنەی تەنیا دەیویست دڵی تۆ خۆش بکات. ئەوەی کە بەسەر کوڕەکەتدا هاتووە نابێت خەتاکەی بخەیتە سەر خوێندنگاکە, هەروەها خەتاکەی ناکەوێتە سەر تۆش.

**کۆرلین**: (بەزۆر بزەیەك دەیگرێ) بەهاری ڕابردوو کاتێ کاسی پاڵەوانیەتی تێنسی بەدەسهێنا, نامەیەکی درێژم بۆ نوسی و تێیدا خۆشحاڵی خۆمم لەبارەی ئەو سەرکەوتنەیەوە بۆ نوسی. لەوانیە زیادە ڕەویم کردبێت لە گوزارشتکردن لە خۆشی و کامەرانیم, بۆیە ئەو ویستویەتی زیاتر دڵخۆشم بکات.. باشە, لەوانەیە پێویست بەوە نەکات گفتوگۆ لەسەر ئەمە بکەین. (ڕادەوەستێت) ڕەنگە ئەمە پرسیارێکی بێ مانا بێت, ئایا جیفری هاوڕێی کچی زۆر بوو؟

**دکتۆر بیکەر**: (کەمەکێك پێدەکەنێ) بەمەزەندەی من هەر ئەوەندەی هەبووە کە کوڕێکی تەمەن پازدە ساڵ هەیەتی, نەکەمتر و نە زیاتر. زۆربەی خوێندکارەکان کچانی خوێندنگای "ریردون" یان خۆشدەوێ, ئەو خوێندنگایە کەمتر لە میل و نیوێك لە خوێندنگاکەی ئێمەوە دوورە, ئێمە بەلای کەمەوە مانگی جارێك لەگەڵ خوێندنگای "ریردون" ئاهەنگی سەماکردن دەگێڕین.



**کۆرلین**: لەو بڕوایەدام ئەو پێی خۆش بووە کچی زیاتر بناسێ, ژنان زۆر دەورەیان لێنەداوە. ئەی دەربارەی هاوڕێ کوڕەکانی؟ ئایا زۆربون ئەوانەی لە نزیکیەوە بون؟

**دکتۆر بیکەر**: بەداخەوە هەڵی ئەوەت بۆ نەڕەخساوە ئەمڕۆ چاوت بە هەندێ لە هاوڕێکانی بکەوێ, چونکە زۆربەی زۆری خوێندکارەکان لە نێو ئەوانیشدا هاوڕێیانی ژورەکەی, بەهۆی پشوی هاوینیەوە لێرە نین. گەر وانەبوایە دەتوانی بەدرێژی قسەیان لەگەڵ بکەی. تەنیا ژمارەیەکی کەمیان ماونەتەوە, ئەوانەیان کە خێزانەکانیان ڕێیان پێدەدەن بمێننەوە, یان ئەوانەیان کە خێزانەکانیان مۆڵەتیان وەرگرتوە و مۆڵەتەکەیان لە شوێنە دوورەکاندا بەسەر دەبن, بۆیە خوێندکارەنیان لێرە بەجێدەهێڵن.

**کۆرلین**: منیش لانی کەم ڕێگەمدا بە جیفری تا یەکی ئاب بمێنێتەوە. هاوینی ڕابردوو کە لێرە مایەوە بۆی نوسیم بەهۆی ئەو ئاسانکارییەی کە پێم بەخشی چ وەختێکی خۆشی بەسەر بردووە.

**دکتۆر بیکەر**: لە ڕوویەکەوە هەموو ئاسانکارییەکانی بۆ کرابوو, یان دەتوانم بڵێم ئەو ئاسانکاریانە بەخشینێکی میهرەبانانەی باوکی بووە بۆی.

**کۆرلین**: ئەوەی دڵی منی خۆش دەکرد ئەوە بوو چەند لە توانامدابێت یارمەتی خوێندنگاکە بدەم, دکتۆر بیکەر, لەبیرتە ئەم خوێندنگایە تەنیا خۆشەویسترین شوێن نەبووە لە ژیانی

www.pertwk.com

جیفریدا, بەڵکو, لە ساتێك لە ساتەکان و, لە ساڵانی ڕابردوودا, یەکێك بووە لەو شوێنانەی کە لە دنیادا من خۆشم ویستووە.

(کۆرلین لەسەر قەراغی ئەو قەرەوێڵەیەی نزیکە لە پەنجەرەکەوە دادەنیشێ, دەست دەخاتە سەر دەموچاوی, وادیارە هەوڵدەدا بۆ ئەوەی نەگری)

**دکتۆر بیکەر**: هەست دەکەم ئەم قسەکردنە مەسەلەکەت زیاتر لا گران دەکات.

**کۆرلین**: نا..نا, بێگومان نا. (ڕاوەستان, لەو کاتەدا دکتۆر بیکەر بە دیقەتەوە لە کۆرلین ڕادەمێنێ, پاشان, لەناکاو, کۆرلین سەری بۆ دوور دەسوڕێنێ و هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشێ) ئاھ! پێدەچێ بە هەڵەدا چوبم کە هاتومەتەوە بۆ ئێرە. من دڵنیابووم لەوەی لەم ڕووبەڕووبونەوەیەدا دەتوانم جڵەوی خۆم لەدەست نەدەم. لەو شەمەندەفەرەی کە هێنامی بۆ ئێرە, چەندین جار لە دڵی خۆمدا بەخۆمم دەوت لەلایەکەوە ئەو بەخت یاوەری بووە, جیفری تاقە شتێکی حەقیقی و جوان بوو لە ژیانمدا. جگە لەو هیچ شتێکی دیکەم نەبوو دڵم پێی خۆش بێ, بەڵام ئێستا.. دوای ئەوەی بۆ جاری دووەم ژورەکەیم بینیەوە و.. قسەم لەگەڵ تۆدا کرد....(لەناکاو, دووبارە دێتەوە سەرخۆی, ڕوی وەردەگێڕێ بۆ ئەوەی ڕووبەڕوی دکتۆر بیکەر بێتەوە, لەپاشان هەڵدەسێ) ببورە. دەزانم ئەم چاوپێکەوتنە تۆش ئازار دەدا.

**دکتۆر بیکەر**: (ڕادەوەستێ) دەتەوێ لە کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانیدا یارمەتیت بدەم؟



**کۆرلین**: نا, سوپاس, ئەم شتە حەزدەکەم خۆم بەتەنیا پێیهەڵسم. دەمەوێ لەوە دڵنیابم کە هەموو کەلوپەلەکانی ساغ و سەلیمن. هەمویان دەگەڕێنمەوە بۆ ژورە کۆنەکەی خۆی لە ماڵەوە, ئێستا سەعات چەندە؟

**دکتۆر بیکەر**: (تەماشای سەعاتەکەی دەکات) نزیکەی سەعات یازدە و نیوە. پێکەوە نانی نیوەڕۆ دەخۆین, باشە؟

**کۆرلین**: نا, زۆر نامێنمەوە. تەنیا دەمەوێ شتەکانی بپێچمەوە, بۆ ئەوەی بیانبەمەوە بۆ ماڵەوە, دەمەوێ لە سەعات دوو و نیو بگەڕێمەوە بۆ بۆستن.

**دکتۆر بیکەر**: کەواتە, حەزدەکەی بە تەنها بمێنیتەوە.

**کۆرلین**: گەر ڕێبدەی, خۆ ئەمە پێچەوانەی یاساکان نییە, وانییە؟

**دکتۆر بیکەر**: بێگومان نەخێر, تکایە پێش ئەوەی بڕۆی سەرم لێبدەرەوە, ئەوانی دیکەش دەیانەوێ ماڵئاوایت لێبکەن.

**کۆرلین**: دکتۆر بیکەر سوپاس بۆ هەموو شتەکان.

**دکتۆر بیکەر**: گەر هەر چییەکت پێویست بوو ئەوا من لە نوسینگەکەمم.

**کۆرلین**: سوپاس بۆ تۆ. گەرچی لەو بڕوایەدام پێویستم پێت نابێت.

(دکتۆر بیکەر بزە دەیگرێ و سەری بۆ ڕادەوەشێنێ, پاشان وەردەسوڕێ و بەخێرایی دەچێتە دەرێ, کۆرلین بە هێواشی خۆی دەسوڕێنێ, بۆ جاری دووەم چاوێك بە هەموو ژورەکەدا دەگێڕێ, بەرەو ڕوی دۆڵابی کتێبەکان دەڕوات, جارێکی تریش مەدالیاو کاسەکان دەپشکنێ, پاشان, بەرەوڕوی دۆڵابەکەی دیکە دەڕوات,

چەکمەجەکەی سەرەوەی دەکاتەوە, پێش ئەوەی کەلوپەلەکانی ناوی دەربێنێ, بۆ چەند ساتێك لێیان ڕادەمێنێ, ئینجا دەستدەکات بە دەرهێنانی هەندێ جل و بەرگ و ئەو شتانەی دیکەش کە لەناو چەکمەجەکەدان و لەسەر نزیکترین قەرەوێلە دایان دەنێت, پاش ماوەیەك, یەکێك لە جانتاکان هەڵدەگرێ و ئەویش لەسەر قەرەوێڵەکە دادەنێت و قوفڵەکانی تەنیشتی دەکاتەوە و دەستدەکات بە دانانی کەلوپەلەکان لەناویدا, لە پڕێکدا بێئەوەی خۆی بیەوێ دەستەکانی لە ئیش دەکەوێ, لەسەر قەراخی قەرەوێڵەکە دادەنیشێ و نێگاکانی لە پەنجەرەکەوە دەنێرێت و لە هیچ ڕانامێنێ, بۆ چەند ساتێك ڕادەمێنێ, لە دوایدا لێدانێکی سوك دەبیسێت کە لە دەرگاکە دەدرێت) فەرموو, (دەرگاکە بەشێنەیی دەکرێتەوە, پاشان پیتەر دێتە ژورەوە. وا دیارە کوڕێکی دەغەزارە و جۆرێك لە توڕەیی پێوە دیارە, تەمەنی پانزە ساڵێك دەبێ. لەو ساتەدا شەرمن دەردەکەوێ. کۆرلین بێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی هەبێ لەسەر دەرکەوتنی پیتەر, سەری بەرزدەکاتەوە و تەماشایەکی دەکات, بۆ ماوەیە کۆرلین و پیتەر بێ ئەوەی پێیانخۆش بێت تەماشای یەکتر دەکەن, تا ئەو کاتەی کۆرلین بزەیەك دەیگرێ) بەخێربێی.

**پیتەر**: گەورەم ئەحواڵت چۆنە, ببوو.. ببورە.. هیوادارم بێزارم نەکردبیت. دەتوانم دوای کەمێکی دیکە بێمەوە.

**کۆرلین**: گوێی مەدەرێ, تۆ بێزارم ناکەی.

**پیتەر**: من.. من "پیتەر کروس"م. تۆ بەڕێز "کۆرلین"یت, وانییە؟



**کۆرلین**: بەڵێ وایە, چۆنت ناسیم؟

**پیتەر**: گەورەم پێشتر لە گرای ماتیۆز تۆم بینیوە. تەنها پێش چەند ساتێك دەبێ بەهاتنی تۆم زانیوە. گوێم لە قسەی نێوان دکتۆر ئەدواردز و دکتۆر بیکەر بوو کە سەبارەت بە هاتنی تۆ دەدوان.

**کۆرلین**: (کەمەکێك بێزاری خەریکە لە ڕویدا دەردەکەوێت, ئەویش بەهۆی ئەو شپرزەییە ئاشکرایەوە کە بە ڕوخساری لاوەکەوە دیارە) پیتەر بۆ دانانیشی؟

**پیتەر**: نا..نا گەورەم سوپاس. ناتوانم زۆر بمێنمەوە. ئەمڕۆ دەگەڕێمەوە بۆماڵەوە. دوای نەختێکی تر پورم دێت بۆئەوەی بمباتەوە.

**کۆرلین**: (خەیاڵ بردویەتیەوە) باشە.

**پیتەر**: ئەمە جگە لەوەی هێشتا کەلوپەلەکانم کۆنەکردۆتەوە. پورەکەشم ڕقی لە چاوەڕوانی کردنە. ساڵی ڕابردوو, لەم وەختەدا, ناچارم کرد یەك سەعاتی تەواو چاوەڕوان بێت, بەڵام ئەو لەو کاتەدا سەردانی نوسینگەکانی دەکرد و هاوڕێیەتی لەگەڵ ئامادەبواندا دروست دەکرد. ئەو پورەم تا بڵێی خۆش مەشرەبە.

**کۆرلین**: باشە, لەوانەیە دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوێت تا بیناسم.

**پیتەر**: گەورەم کەی ئێرە بەجێدەهێڵی؟

**کۆرلین**: لەوبڕوایەدام هەر ئێستا.. کاتێ لە ڕێکخستنی پێویستیەکان تەواو دەبم.

**پیتەر**: ئایا.. گەورەم ئایا هەموو کەلوپەلەکان لەگەڵ خۆتدا دەبەی؟

**کۆرلین**: (بەسەرسوڕمانەوە) ها, بەڵێ, بێگومان.

**پيتەر:** گەورەم هەر هەمووی و.. هەر ئێستاش.

**كۆرلين:** (كەمەكێك بێزاربووە) بێگومان هەر ئێستا. ئەم دوا نيوەڕۆيە لەگەڵ خۆم دەيانبەمەوە بۆ بۆستن.

**پيتەر:** (وەستان, لە كۆرلين ڕادەمێنێ) گەورەم..من.. گەورەم نازانم چۆن ئەو شتە بڵێم؟

**كۆرلين:** ئەو شتە چييە؟

**پيتەر:** گەورەم من داوای لێبوردن دەكەم. مەبەستم.. سەبارەت بە جيفری, هەستدەكەم من لەم جۆرە مەسەلانەدا كۆڵەوارم. بەڵام ئێستا هەست بە دەبەنگی دەكەم, تكا دەكەم ئەم دڵدانەوەيەم قبوڵ بكەی.

(كۆرلين تەماشای دەكا, لەسەرەتادا بە واقوڕمانەوە لێيدەڕوانێ, دواتر, دوای ساتێك, لە شەرمەزاريی پيتەر تێدەگات)

**كۆرلين:** (بزە گرتويەتی) پيتەر تۆ هەرگيز لە دەبەنگ ناچيت. بە دڵنياييەوە دڵدانەوەكەت بۆمن قبوڵ دەكەم.

**پيتەر:** گەورەم ئەم مەسەلەيە ڕەنگە بۆ تۆ و بۆ هاوسەرەكەيشت زۆر دژوار بوبێ.

**كۆرلين:** (بەبێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێت) پيتەر شتێك نييە ناوی هاوسەری من بێ.

**پيتەر:** (سەرلەنوێ شەرمەزار دەبێتەوە) ئاه! گەورەم دەبەنگيەكەی منت بينی. خەڵك هەموو كاتێ پێم دەڵێن من بەردەوام ئەو قسە و ئيشانە ئەنجام دەدەم كە هەڵەن.



**كۆرلين:** پيتەر ئەوەی وتت هيچ عەيبێكی تيا نييە. ئاساييە كە هاوسەرم هەبێ.

**پيتەر:** هەموو كاتێ قسەكردن دەربارەی مردوەكان جۆرێك لە قورسی لەخۆ دەگرن, لەو بڕوايەدام من دەبێ ئەمە لە هەموو شتێكی ديكە باشتر دەرك پێبكەم, بەو پێودانگەی كە دايك و باوكم لە ژياندا نەماون.

**كۆرلين:** ئاه! من زۆر بەداخەوەم بۆ ئەوە.

**پيتەر:** ئەی هاوسەرەكەت كەی كۆچی دوايی كرد؟

**كۆرلين:** (بە پێناخۆش بونەوە) لەو بڕوايەدام هاوسەرەكەم كۆرلين خان هەر لە ژياندا بێت. بەڵام من و ئەو.. پێكەوە ناژين. دەتوانی وابڵێی. ئەو ئەم ڕۆژانە نازناوێكی ديكەی لەخۆی ناوە.

**پيتەر:** بەڵێ, ئەوە تێدەگەم.

**كۆرلين:** ئەی تۆ؟ ئايا لەگەڵ پورەكەت دەژيت؟

**پيتەر:** هێندەی بيرم بێ ماوەيەكی درێژە. لەو بڕوايەدام مەسەلەكە زۆر ناخۆش نەبێ كاتێ كە نەتوانی ئەو كەسانەت بيركەوێتەوە كە لە خێزانەكەتدا كۆچيان كردووە.

**كۆرلين:** ئا, وايە, لەو حاڵەتەدا زۆر ناخۆش نييە.

**پيتەر:** ئەمە جگە لەوەی پورە هێلينيا بۆمن لە دايك و باوكم زياتر بووە. ئەو منی نارد بۆ ئەم خوێندنگايە و بايەخ بەو شتانەش دەدات كە هی منن.

**كۆرلين:** ڕاستە, ئەمە شتێكی باشە, وانييە؟

www.pertwk.com

**پیتەر**:.. گەورەم هیچ پاساوێك نابینم بۆ ئەوەی كاتت بەفیڕۆ بدەم.. لەبەر ئەوەی وتت هەر ئێستا ئێرە بەجێدەهێڵی, ئایا دەكرێ شتێك ببەم كە تایبەتە بەخۆم و ئیدی منیش بڕۆم؟

**كۆرلین**: بەڵێ, پیتەر ئەو شتە چییە؟

**پیتەر**: (ماوەیەكی زۆر ڕادەوەستێ, لەوكاتەدا كۆرلین بە گومانەوە تەماشای دەكات) گەورەم مەبەستم ڕێكتەكەمە, ڕێكتی تێنس.

**كۆرلین**: ڕێكتی تێنس, ها؟ جا لەم ژورەدا جێتهێشتوە؟

**پیتەر**: (لەناكاو هەست بەترس دەكات) بەڵێ گەورەم, لەم ژورەدا جێمهێشتوە. گەر ڕوخسەتم بدەی بیبەم و بڕۆم, پەیمانیشت دەدەمێ چیتر بێزارت نەكەم.

**كۆرلین**: (زۆر سەری سوڕماوە) بێگومان.

(پیتەر بە خێرایی بەرەوڕوی هەمان چەكمەجە دەڕوات كە پێشتر كۆرلین كردبویەوە و بەشێنەیی دەیپشكنێ. كۆرلین چاودێری پیتەر دەكات و هێشتا هەر جۆرێك لە سەرسوڕمان و شڵەژاوی پێوە دیارە. لەپاشان بێچاوەڕوانی كردن و– بە ئەنقەست– پیتەر چەكمەجەی دووەم دەكاتەوە و بە توڕەییەوە شتەكانی ناوی دەگەڕێ. كۆرلین توشی شۆك دەبێ, چونكە ئەو شتانە تایبەتن بە جیفری, لەوكاتەدا كە پیتەر جلەكانی ناو چەكمەجەكە تێكدەدا, كۆرلین بەرەوڕوی دێت, بەبێ ئەوەی بیبەوێت دەبینێ دەستی پیتەر بەتوندی دەگرێ) ڕاوەستە, ئەوە چی دەكەی؟

**پیتەر**: (ڕادەپەڕێ و دووردەكەوێتەوە) ئاه! داوای لێبوردن دەكەم. وابزانم كەلوپەلەكانیم تێكدا, وانییە؟



**كۆرلین**: (هێور بووەتەوە) گوێی مەدەرێ, هەرچۆنێك بێت من دەیانپێچمەوە. بەڵام دەمەوێ هۆی ئەوە بزانم تۆ بۆچی بەتایبەتی لەم چەكمەجانەدا دەگەڕێی.

**پیتەر**: چونكە ڕێكتەكەم دەبێ لە یەكێك لەم چەكمەجانەدا بێت.

**كۆرلین**: تێناگەم.

**پیتەر**: بەهاری ڕابردوو جیفری ڕێكتەكەی لێخواستم (بە پێكەنینێكی توڕەوە) لەو بڕوایەدام لە بیری چووە بیگەڕێنێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە, بیرم كردەوە كە دەتوانم لەگەڵ خۆمی ببەمەوە.

**كۆرلین**: (بێزار بووە) جیفری ڕێكتەكەی تۆی خواستوە؟ پێدەچێ تۆ هەڵە بیت؟

**پیتەر**: نا, گەورەم من هەڵە نیم. ئەو بەهاری ڕابردوو لێی وەرگرتم, دروست پێش دەسپێكردنی پاڵاوتنی كۆتایی.

**كۆرلین**: ناكرێ قسەكانت ڕاست بن. بەهاری ڕابردوو پارەیەكی زۆرم ناردەوە بۆ جیفری, واش بڕیاربوو بەشێك لەو پارەیە بۆ كڕینی كەلوپەلی تێنس كە پێویستی پێیان بووە خەرج بكات. داوام لێكرد باشترین ڕێكتی تێنس بكڕێ و گوێ بە خەرجییەكانیش نەدات, ئیدی چ پێویستیەكی بەو ڕێكەتەی تۆ هەبووە؟

(كۆرلین بۆ ماوەیەك لە پیتەر ڕادەمێنێ, پاشان بە خێرایی تەماشای چەكمەجەی سێیەم دەكات و دەیكاتەوە. لەسەرەوەی چەكمەجەكەدا ڕێكتی تێنسەكە دەردەكەوێت).

www.pertwk.com

**پیتەر**: ئاها! گەورەم ئەوە خۆیەتی, ئەوە ڕێکتەکەمە.

(دەیەوێ بگاتە ڕێکتەکە, بەڵام کۆرلین لەسەرخۆ پاڵێ پێوەدەنێ و دووری دەخاتەوە)

**کۆرلین**: (ڕێکتەکە لە چەکمەجەکە دەردەهێنێ) پیتەر ئەمە ئەو ڕێکتەیە کە تۆ دەڵێی هی منە؟

**پیتەر**: (بە هەڵچونەوە)بەڵێ, بەڵێ ئەوە خۆیەتی, گەورەم ئێستا لێگەڕێ با بیبەم. پێم ڕاگەیاندی.. دەبێ کەلوپەلەکانم کۆبکەمەوە.. هەر ئێستا پورم دێت.

**کۆرلین**: ناتوانم بتدەمێ تا بۆم نەسەلمێنی کە ئەوە هی تۆیە, تێدەگەی؟ بەلامەوە گرنگە هەموو کەلوپەلەکانی جیفری بەساغ و سەلامەتی ببەمەوە. ئەمە هۆی سەرەکی هاتنەکەمە بۆ ئێرە, کە لێنەگەڕام کەسی تر جگە لەخۆم پێیهەستێ.

**پیتەر**: هەموو شتەکانی تری.. بەساغ و سەلیمی دەدۆزیتەوە. بەڵام ئەمە ڕێکتی منە.

**کۆرلین**: ناتوانم لەوە تێبگەم گەنجێك گەرچی هەموو شتێکی هەیە کەچی سورە لەسەر ئەوەی کەلوپەلی وەرزشی یەکێکی تر بخوازێت.

**پیتەر**: (دوای ساتێك, بەهێمنی) گەورەم ئەو ڕێکتە تاقە شتێکە کە لە کەسێکی تری خواستوە.

**کۆرلین**: (پەنجەی ئەکێشێ بە ڕێکتەکەدا) ئایا بۆم هەیە بپرسم ئەو شتە جیاوازە چییە کە لەم ڕێکتەدا هەیە, تا وایلێبکات هەوڵدا لە پالأوتنەکاندا بەکاری بهێنێت.



**پیتەر**: (دوای ڕاوەستانێکی زۆر. ڕێك چاوی دەبڕێتە چاوی کۆرلین, زۆر لەسەرخۆ دەڵێ) بەلام ئائەمە مەسەلەکەیە, لە پالأوتنەکەدا بەکاری نەهێنا.

**کۆرلین**: (بە توڕەبونەوە پێدەکەنێ) ئەی کەواتە کەی بەکاری هێنا؟

**پیتەر**: گەورەم هەرگیز بەکاری نەهێنا.

**کۆرلین**: (بێئەوەی حەز بکات دەنگی بەرز دەکاتەوە) ئەی کەواتە بۆچی لێتی خواست؟

**پیتەر**: (لەناکاو, چیتر ناتوانێ کۆنترۆڵی خۆی بکات) گەورەم نەیخواست, بەڵکو بردی.

**کۆرلین**: بردی؟ ئەی ئەمە مانای خواستن نییە؟

**پیتەر**: گەر ڕوخسەتم بدەی بیبەم و بڕۆم.

**کۆرلین**: (بە توڕەییەوە) مەبەستت چییە لەوەی کە دەڵێی ڕێکتەکەی بردووە؟

**پیتەر**: گەورەم ئەو.. لێمی دزی. (کۆرلین واقی وڕماوە و باوەڕناکات. تەواو لە جوڵە دەکەوێت, هەروەها پیتەریش ڕق ڕاوەستاوە. وەستانێکی زۆر) گەورەم ببورە. تکایە بمبەخشە, لەبیرم چوبوو ئەو کوڕی تۆیە.

**کۆرلین**: (دەنگی تەتەڵە دەکات و خەریکە لەخۆ دەچێت) بڕۆ دەرەوە.. دەمەوێ لە ژوری کوڕەکەم بچیتە دەرەوە, گوێت لێمە؟

www.pertwk.com

**پیتەر:** (خەریکە دەگری) بەڵێ گەورەم، بەڵێ گەورەم. بەڵێنت دەدەمێ دەڕۆم. بەڵام دەبێ ڕێکتەکەم لەگەڵ خۆمدا ببەم. گەورەم پێویستە لەسەرم بیبەم. تۆ تێناگەی. ئۆو. تۆ تێناگەی.

**کۆرلین:** ئەوەی تێیدەگەم ئەوەیە تۆ هاتیت بۆ ئێرە تا بەدەستی ئەنقەست لەپێش چاوی باوکی ناوی کوڕە مردووەکەی بزڕێنی. چۆن وێرات ئاوا تۆمەتباری بکەی؟

**پیتەر:** گەورەم مەبەستم ئەوە نەبوو وابڵێم، بێ مەبەست لە دەمم دەرچوو. نەم توانی خۆم بگرم. تۆ باوەڕت نەدەکرد کە پێم وتی ڕێکتەکەی لێم خواستوە، بۆیە پێویستی کرد ڕاستییەکەت پێ بڵێم.

**کۆرلین:** کەواتە، تۆ سوری لەسەر ئەوەی نەنگی بخەیتە پاڵ کوڕەکەم کە دز بووە.

**پیتەر:** گەورەم من شتی وام نەوتوە. من وتم ئەم ڕێکتەی دزیوە.

**کۆرلین:** بەنەفرەت بیت، چیتر بەگەورە بانگم مەکە.

**پیتەر:** ببورە.

**کۆرلین:** تاقە شتێك کە دەبێ داوای لێبوردنی لێبکەی ئەو قسانەتە کە دەربارەی کوڕەکەم کردت. گوایە دزە؟ ناتوانم بیهێنمە پێش چاوم کەوا جیفری شتی لەم جۆرەی کردوە.. تەنانەت گەر هەژار و دەستکورتیش بووبێت.

**پیتەر:** من حەقم بەسەر ئەوەوە نییە کرینی ڕێکتێك چەندی تێدەچێ. ئەو دەبوا ڕێکتەکەی من ببات.

**کۆرلین:** باشە بۆچی بەدیاریکراوی ڕێکتەکەی تۆ؟



**پیتەر:** چونکە من لە یەکێك لە یارییەکاندا ڕکابەری بووم، گەورەم ئەو وایدەبینی هەلێکی باشتری لەبەردەمدایە گەر بێت و دڵنیابێت لەوەی من دەستم ناگاتە ئەم ڕێکتە.

**کۆرلین:** ئۆو، هەست دەکەم بڕواهێنان بەمە زۆر زەحمەت ترە لە تۆمەتبار کردنە قێزەونەکەی دیکە.

**پیتەر:** گەورەم ئەمە حەقیقەتەکەیە، هەموان باسیان لەوە دەکرد کە من تاقە ڕکابەری ڕاستەقینە بووم بۆ ئەو.. مەبەستم لە پاڵاوتنەکەدا، جیفریش دەیزانی من لە یاریەکاندا چەند پشت بەم ڕێکتە دەبەستم. ئەمە ڕێکتی باوکمە، وەك چاوەزار وایە بۆمن، بەختم بۆ دەهێنێ. لە ڕاستیشدا ناتوانم بێ ئەو یاری بکەم.. گەورەم هەرکاتێك یاریم پێ دەکرد ئەوا بردنەوەم مسۆگەر بوو، بەڵام کاتێ جیفری بردی، پێویست بوو بڕۆم دانەیەکی دیکە بکڕم، وەك ڕوشیدا، لەیەکەم یاریدا دۆڕاندم.

**کۆرلین:** بە دڵنیاییەوە تۆ بۆیە دۆڕاندوتە چونکە وەك جیفری لێزان نەبویت. پێش کەمێك دکتۆر بیکەر لێرە بوو، ئەو پێی وتم کە جیفری چەندە وەرزشەوانێکی لێهاتوو بووە.

**پیتەر:** گەورەم بە دڵنیاییەوە ئەو وابوو. لە ڕاستیدا ئەو باشترین یاریچی خوێندنگاکە بوو.

**کۆرلین:** کەواتە؟

**پیتەر:** بەڵام تا ئێستاش دڵنیام لەوەی هەلی ئەوەم لەدەستابوو لە پاڵاوتنەکەدا سەرکەوم بەسەریدا. کەمێك لە هاوڕێکانیشم هەمان

هەستیان هەبوو.. مەسەلەکە هەروا مایەوە تا ئەو کاتەی ڕێکتەکەمی برد.

(کۆرلین بۆ چرکەیەک لە پیتەر ڕادەمێنێ, پاشان بە نەرمونیانی دەستی ڕادەکێشێ و هەوڵدەدا لە ژوورەکە بیکاتە دەرەوە)

**کۆرلین**: (بەهێواشی دەیەوێ کۆنترۆڵی خۆی بکات) باشە, تەواو. من و تۆ دەڕۆین تا قسە بۆ دکتۆر بیکەر و هەندێ لە مامۆستاکان بکەین, هەر ئێستا دەمەوێ بزانم تۆ ڕاستدەکەیت.

**پیتەر:** (بەشێوەیەك لە هێستریاوە نزیکە ڕادەپەڕێ و دوور دەکەوێتەوە) ئۆو, نەخێر. گەورەم تکات لێدەکەم نەکەی, ئەوەی من پێم وتویت تۆ بەوانی بڵێیت. هەرگیز لێم خۆش نابن, ڕێگەشم نادەن ساڵێکی دیکە لەم خوێندنگایەدا بمێنمەوە. ئەمەش دڵی پورەکەم نیگەران دەکا. بە دڵنیاییەوە دڵی پورەکەم نارەحەت دەکا. پاشان ئەوان هیچ ناڵێن تەنها ئەوە نەبێت کە من درۆدەکەم, ئەوان ئێستا پێویستە لە سەریان جیفری بپارێزن.

**کۆرلین**: پیتەر ڕاوڕێوی مەیەنەرەوە. من دڵنیام گەر لەگەڵ دکتۆر بیکەر دانیشین و ئەم چیرۆکەمان بە تەواوەتی و بە شێنەیی لەگەڵدا تاوتوێ کرد, ڕاستی ئەو قسانەی بۆت کردوم دەردەکەوێ.

**پیتەر**: (دەست دەکات بەگریان) پێویستە لەسەرت لێگەڕێی ڕێکتەکە ببەم و بڕۆم. من هەر ئەوەندەم لامەبەستە. ئەمە تاقە شتێکە لەم جیهانەدا من مەبەستم بێت.



**کۆرلین**: ئایا مامۆستاکان بەم ڕوداوەیان نەزانیوە؟ مادام ئەم ڕێکتە هێندە بەلاتەوە گرنگە من دڵنیام لەوەی ئەم مەسەلەیەت لەگەڵ مامۆستاکاندا باسکردووە.

**پیتەر**: نەمتوانی ئەمە بکەم.

**کۆرلین**:بۆچی نەتوانی؟

**پیتەر**: ئەوە چیرۆکێکی ئاڵۆزە.

**کۆرلین**: پیتەر پێویستە پێم بڵێی, ئەگینا ئاگادارت دەکەمەوە, دەتبەم بۆلای دکتۆر بیکەر و ئەوانی دیکە.

**پیتەر**: (بەردەوامە لەگریان) تکایە, گەر پێم وتی ڕقت لێم نەبێتەوە.

**کۆرلین**: پیتەر من گوێم گرتوە

**پیتەر**: (خۆی پێ نەگیرا) بەڵام کوڕتە.

**کۆرلین**: من گوێم گرتوە.

**پیتەر**: (لەکاتی قسەکردندا دەنگی پەیتا پەیتا بەرز دەبێتەوە) هەڕەشەم لێکرد کەوا مەسەلەکە لە دوو مامۆستا دەگەیەنم. بەڵام جیفری وتی گەر ئەوە بکەی ئەوا تۆڵەت لێدەکەمەوە.

**کۆرلین**: تۆڵەت لێدەکاتەوە؟

**پیتەر**: بەهەمان ئەو ڕێگایەی تۆڵەی لەوانی دیکە پێکردبووەوە. بەخراپترین شێوە مامەڵەی لەگەڵمدا کرد. هەڕەشەی دەرکردنی لێکردم. ئەو وتی پەنا دەباتە بەر تۆ و تۆش هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بۆ قسەکردن لەگەڵ دکتۆر بیکەردا دەگریتەبەر. وتیشی پارەیەکی زۆرت بەخشیوەتە خوێندنگاکە و هەموشیان گوێت لێدەگرن.

www.pertwk.com

گەورەم لەبەر ئەوە ترسام. ترسام لە مەکتەب دەرمکەن, من دەمزانی ئەمەش چەند ئازار بە پورم دەگەیەنێت. ئەو خانمێکی پیری ڕوخۆشە, بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە خەڵکانی دیکەش وەك خۆی دڵخۆش بکات, بەلام لە ڕاستیدا ئەو هەموو کاتێ تەنهایە و هیوای زۆر بە منە, چونکە من تاکە کەسێکم کە بایەخی پێدەدەم

**کۆرلین:** پورت بەلای منەوە هیچ گرنگ نییە. دەمەوێ ئەوەی تایبەتە بە جیفری بیزانم.

**پیتەر:** گەورەم کۆرلین.. هەروەها مامۆستاکانیشی ترساند, یەکێکیان مامۆستا "هۆلۆی" بەهۆی جیفرییەوە وازی لە کارەکەی هێنا, جیفری هەموو ئەو شتانەی دەکرد کە ئازاری مامۆستای پێدەدا, هەروەها وایکرد خوێندکارەکانی دیکەش ڕقیان لێی بێت, جیفری ڕوبەڕوو قەشمەری پێدەکرد, مامۆستا هۆلۆی هەندێ هەڵسوکەوتی سەیری هەبوو, ئەو تەنها قاتێکی هەبوو, هەموو ڕۆژێ لەبەری دەکرد و پێی دەهات بۆ مەکتەب, کە دەهاتە پۆلەوە سەرتاپای قاتەکەی سوتوە جگەرەبوو, بەلام من مامۆستا "هۆلۆی"م خۆشدەویست, ئەو مامۆستایەکی باش بوو, ئێمە وەك دوو هاوڕێ بوین.

**کۆرلین:** ئەی چی بەسەرهات؟

**پیتەر:** ئێی, کاتێ مامۆستا هۆلۆی هات بۆلای دکتۆر بیکەر و پێی وت کەوا جیفری چۆن داخ دەکا بەدڵیا و هەموو شتەکانی دیکەشی



بۆ گێڕایەوە, دکتۆر بیکەر لەبەرامبەر ئەمەدا هیچ کارێکی نەنواند و فزەی نەکرد. من بەمەم زانی چونکە مامۆستا هۆلۆی پێش ئەوەی بڕوا ئاگاداری کردم. پێشی وتم: مەکتەبەکە بەهۆی ئەوەوە سەرلەبنی تێکدەچێ, واتە بەهۆی هەڵسوکەوتی جیفرییەوە.

**کۆرلین:** ناتوانم وێنای ئەوە بکەم مەکتەبێك هەر هەمووی لە ژێر هەواو هەوەسی کوڕێکی پانزە ساڵیدا بەڕێوە بچێ, ئەمە چییە لەبەر ئەوەی باوکی هەندێ پارە دەبەخشێتە مەکتەبەکە. ناتوانم بڕوا بەوەبکەم ئێوە هەموتان لێیدەترسان.

(کۆرلین لەسەر قەراخی قەرەوێڵەی نزیک پەنجەرەکە دادەنیشێ و سەری شۆڕ کردووە)

**پیتەر:** گەورەم مەسەلەکە پەیوەندی بە تۆوە نەبوو, ئێمە تۆمان بینی و وادیار نەبوی کەسێك بێت ئەوانی دیکە لێت بترسن. بەلام جیفری, ئەو هەموومانی تۆقاندبوو, ئەو شێوازەی کە سەیری تۆی پێدەکرد هەندێ جار زۆر ترسێنەر بوو, سەری لەسەری تۆ دەدا. بڕوام پێبکە زۆر تۆقێنەر بوو.

**کۆرلین:** (هێشتا هەر سەری شۆڕ کردوەتەوە, واقی وڕماوە, تابێ شڵەژانەکەی زیاد دەبێ) کوڕەکە.. تۆ درۆ دەکەی..

**پیتەر:** بێگومان خەڵکانێك لە دەوری بوون و پشتگیریان لێدەکرد, هۆکەشی ئەوەبوو ئەو هەندێ جار پارەی دەدانێ بۆ ئەوەی پشتی بگرن. هەرچۆنێك بێت, گەر پارەی بدایە یان نەدایە و, بیویستایە لایەنی ئەو بگرن, ئەوا کەس نەیدەوێرا بڵی نا.

**كۆرلين**: (دەنگی بەرزدەكاتەوە) ...درۆ دەكەی..

**پيتەر**: (ئێستا بە تەواوەتی ڕۆچووەتە ناو ئەوەی كە دەيڵێ) زۆر جار قسەی زۆر ترسناكی پێدەوتين, هەندێ جار ڕووبەڕوو پێيدەوتين, وەك ئەوەی لەگەڵ مامۆستا "هۆلۆی"دا كردی. جيفری لەش و لاری لە زۆربەمان بەهێز تربوو, ئەمەش وايكرد زياتر لێی بترسين. ڕۆژێك لە ڕۆژەكان يەكێ لە هاوڕێيانی ژورەكەی قسەی سوكی پێوت, قسە پێوتنێكی ناشيرين, جيفريش هيچی بۆ نەمايەوە ئەوەنەبێ لێدانێكی وای لێدا كە دواجار گەياندیانە نەخۆشخانە, لەسەر ئەوە سوێندت بۆ دەخۆم.

**كۆرلين**: (ئێستا بە تەواوەتی كۆنترۆڵی خۆی لەدەستداوە, پاشان, لە ناكاو, بە توڕەبونەوە هەڵدەسێ و چەند زللەيەك دەكێشێ بە سەروگوێلاكی پيتەردا).. درۆزن.. درۆزن.. درۆزن..(دواتر كۆرلين خۆی پێناگيرێ و دەكەوێت بەسەر قەراخی قەرەوێڵەكەدا, دەم و چاوی لە نێو دەستيدا شاردۆتەوە. پيتەر لە نزيكيەوە ڕاوەستاوە, بەبێ جووڵە ڕاوەستاوە. لەناكاو پيتەر دەستی درێژ دەكا بۆئەوەی كۆرلين بێنێتەوە سەر خۆی, بەڵام لە ترساندا دەيگەڕێنێتەوە. پاش ماوەيەك, كۆرلين سەری بەرز دەكاتەوە و ڕێكتەكەی دەداتێ, دەنگی گيراوە) هانێ, بيبە, ئەم شتە پيسە ببە, هەرچۆنێ بێ چيتر ناتوانم لای خۆم هەڵيگرم, (پيتەر بۆ ساتێك دوودڵە, پاشان دەست درێژدەكات بۆ ئەوەی ڕێكتەكەی بگرێ, بەڵام لەناكاو دەستی دەگەڕێنێتەوە وەك ئەوەی ڕێكتەكە پارچەيەكی گڕگرتو بێت) گوێت لێ نەبوو وتم چی؟ نامەوێ لە



نزيكمەوە بێت, هی تۆيە. (پيتەر بە جوڵەيەكی خێرا ڕێكتەكە دەبات و دەمودەست ژورەكە جێدەهێڵێ, كۆرلين بەبێ جووڵە دادەنيشێ و بێپەروا هەوڵدەدا بێتەوە سەر خۆی, پاشان بەلەپی دەستی فرمێسكەكانی دەسڕێ و بەواقوڕمانەوە هەڵدەسێ و دەگەڕێتەوە بۆلای دۆڵابەكە, بۆ چەند ساتێ لە كەلوپەلەكانی جيفری ڕادەمێنێ. دەكەوێ بەسەر دۆڵابەكەدا و خۆی پێوە دەگرێتەوە تا نەكەوێ. دوای ڕاوەستانێكی زۆر, سەرلەنوێ دەرگاكە دەكرێتەوە, پيتەر ئەو دەستەی كە ڕێكتەكەی پێ هەڵگرتووە درێژ دەكات بۆ كۆرلين)

**پيتەر**: (بەدەنگێكی سارد و تەواو بەتاڵ لە هەموو سوزێك)ببورە. گەورەم هەموو ئەم شتانەم هەڵبەستبوو, تەنها ويستم ڕێكتەكەی جيفری بەدەست بێنم.

(كۆرلين بەردەوامە لەسەر تەماشاكردنی پيتەر و واقی وڕماوە, پيتەر بە بێدەنگی مردويەك بەردەوامە لەسەر درێژ كردنی ئەو دەستەی كە ڕێكتەكەی تێدايە بۆ كۆرلين. پەردەكە لەسەرخۆ دادەدرێتەوە).

**سەرچاوە:**

ماڵپەڕی www.masraheon.com

ئەم دەقە لە كتێبی Highlights of American Literature ی چاپی ساڵی 1988 كراوە بە عەرەبيی.

www.pertwk.com

# چاوپێچ

**نوسینی: میجێل دی ئۆنامۆنۆ**

**وەرگێڕانی بۆ عەرەبی**

**د. مەحمود ئەلسەید عەلی**

**لە عەرەبییەوە:**

**هەورامان وریا قانیع**

## دیمەنی یەکەم

(شەقامی شارێکی کۆن لە شارەکانی هەرێم)

**بـــدرو**: تائێستاش لەسەر قسەی خۆمم، نا، نا وەهەم نییە، پێویستە لەسەرمان هەموو کاتێ هەقیقەتەکان فێری خەڵکی بکەین، هیچ شتێك نییە تەنها هەقیقەت نەبێت، هەقیقەتی پاك و بێگەرد، ئیدی چیدەبێت با ببێت.

**خوان**: ئەی گەر هەقیقەت بیانکوژێ و، وەهم بیانژییەنێت؟

**بدرو**: جا چییە، درود بۆ ئەو مردنەی کە لە پێناوی هەقیقەتدا دەمرێت، بڕوام پێبکە.

**خوان**: ئاخر خەڵك حەزدەکەن بژین!

**بدرو**: بۆئەوەی هەقیقەت بزانن و، خزمەتی بکەن، هەقیقەت ژیانە.

**خوان**: ڕاستر ژیان هەقیقەتە.

**بدرو**: هاوڕێم ئاگاداربە، تۆ یاری بە وشەکان دەکەی.

**خوان**: تۆش بەهەست و سۆز.

**بدرو**: دەتوانی پێم بڵێی، بۆچی عەقڵمان پێبەخشراوە؟

**خوان**: لەوانەیە بۆ ئەوەی زۆرانبازی لەگەڵدا بکەین و، ئیدی شایستەی ژیان بین.

**بدرو**: قێرەقیڕ، بەڵکو بۆئەوەیە زۆرانبازی ژیانی پێبکەین، ئیدی هەقیقەت بەدەستدەهێنین.



**خوان**: بێدەنگ، وەك کتێبی پیرۆز دەڵێت: ئەوەی خودا ببینێت، دەمرێ، لەوانەیە ئەمە لەگەڵ هەقییقەتیشدا ڕوبدات.

**بدرو**: ئای چەند مردنێکی جوانە! مردن بە بینینی هەقیقەت! ئایا مرۆڤ جگە لەمە هیچ ئاواتێکی دیکەی هەیە؟

**خوان**: ئیمان، ئەوە ئیمانە ژیانمان پێدەبەخشێ، بە ئیمان دەژین، ئیمان مانایەك بە ژیانمان دەدات، خودامان پێدەبەخشێت.

**بدرو**: بە عەقڵ دەژین، عەقڵ نهێنی ژیانمان بۆ دەردەخات، عەقڵ پاڵمان پێوەدەنێت بۆئیشکردن.

**خوان**: (تەماشای ماریا دەکات) ئەم ئافرەتە چی لێقەوماوە؟

(ماریا بە پەشۆکاوی دێتە ژورەوە و قاچەکانی لەدوای خۆی ڕادەکێشێ، لە هەوادا دەستەکوتێیەتی)

**ماریا**: گۆچان، تکایە گۆچانێك، لەماڵەوە گۆچانەکەمم لەبیرچووە.

**خوان**: گۆچان، ئائەوەتا.

(گۆچانێکی دەداتێ و ماریاش گۆچانەکە دەگرێ)

**ماریا**: من لەکوێم؟ (بەملاولادا دەڕوانێ) ڕێگاکە لە کوێیە؟ ون بووم. ئەمە چییە؟ کوا ڕێگاکە، بیگرە، بیگرە.

(لەسەرخۆ گۆچانەکە دەگەڕێنێتەوە، دەسەسرێک دەردەهێنێ و چاوی دەبەستێ)

**بدرو**: ئۆمەتی خودا، خوات لێڕازیبێت، ئەوە خەریکی چیت؟

**ماریا**: دەیبەستم بۆئەوەی ڕێگاکە باش ببینم.

**بدرو**: چاوەکانت دەبەستی بۆئەوەی ڕێگاکە باش ببینیت، تێناگەم؟

**ماریا**: تۆ تێناگەی... بەڵام من تێدەگەم.

**بدرو**: (بە چرپەوە بۆ خوان) پێدەچێ شێت بێت.

**ماریا**: شێتم؟ نا، نا! ئای لەو بەڵایە، خوایە گیان، ئای لەو بەڵایە، بابەی بەسەزمانم، بابەی بەسەزمانەم! ببورە... ماڵئاوا.

**بدرو**: پێم نەوتی شێتە!

**خوان**: (ڕایدەوەستێنێ) خانمەکەم چیت لێبەسەرهاتوە؟

**ماریا**: (چاوی بەستووە) گۆچانەکەم بدەنێ و لێمگەڕێن بابڕۆم.

**خوان**: لێدەگەڕێین بڕۆیت، بەڵام... تۆ چیتە پێمان بڵێ.

**ماریا**: (گۆچانەکە وەردەگرێ) ئێستا کاتی پێوتن نییە، چونکە باوکم لەسەرەمەرگدایە، باوکم خەریکە دەمرێ و دەمەوێ پێش ئەوەی بمرێ بیبینم، باوکە بەسەزمانەکەم، باوکە داماوەکەم.

(گۆچانەکەی بە دیواری ماڵەکاندا دەخشێنێ‌و دەست بە ڕۆشتن دەکات)

**بدرو**: (بەهەڵەداوان دوای دەکەوێت) دەبێ ڕایبوەستێنین، هەر ئێستا خۆی دەکوژێ، ئابەم شێوەیە بۆ کوێ دەڕوا؟

**خوان**: (بدرو ڕادەوەستێنێ) ڕاوەستە... تەماشاکە... ئەو بە سەلامەتی و بە دڵنیاییەوە هەنگاوەکانی هەڵدەێنێ، ئای چ شێتییەکی سەیر و سەمەرەیە!

**بدرو**: بەڕاستی شێتە.

**خوان**: گەر شێتیش بێت، لەو باوەڕەدای بە ڕاوەستاندنی دەتوانی چارەسەری بکەیت؟ لێیگەڕێ!



**بدرو**: (ڕوی قسەکردنی دەکاتە خانمە –ئۆخینیا– کەلەوێوە تێدەپەڕێت) شێتە، وانیە؟

**ئۆخینیا**: شێتە!؟ نا... بەڵکو نابینایە.

**بدرو**: نابینا!؟

**ئۆخینیا**: بەڵێ، نابینایە، ئەو بەگۆچانەکەیەوە چواردەورەی شار دەگەڕێ‌و هەرگیز ڕێگاکەشی لێوننابێت، شارەزای کوچە و کۆڵانەکانیەتی، نزیکەی ساڵێکە شوی کردووە، ئێستا وەك كاری هەموو ڕۆژەی سەر لە باوکی دەدات، کەلە یەکێك لە گەڕەکە دوورەکاندا دەژی، بەڵام ئایا ئێوە خەڵکی ئەم شارە نین.

**خوان**: ئا، ئا خانمەکەم، ئێمە غەوارەین.

**ئۆخینیا**: دیارە.

**خوان**: پێم بڵێ... گەر نابینایە... بۆچی چاوی دەبەستێ؟

**ئۆخینیا**: (شانی هەڵدەتەکێنێ) پاڵپشتی قسەکەت دەکەم، نازانم. ئەمە یەکەم جارە بیبینم ئاوا دەکات، لەوانەیە ڕوناکی ئازاری چاوی بدات.

**خوان**: نا، گەر ئەو نابینابێت، ئیدی ڕوناکی چۆن ئازاری دەدات؟

**بدرو**: لەوانەیە ڕوناکی ئازاری ئەوانەش بدات کە نابینان.

**خوان**: ڕوناکی زیاتر ئازاری ئەوانە دەدات کە دەبینن.

(کارەکەرەکە دێتە دەرێ و ڕوی قسەکردنی دەکاتە ئۆخینیا)

**کارەکەر**: خانمەکەم بینیت؟

www.pertwk.com

**ئۆخینیا**: بەڵێ, لێرەوە ڕۆشت, لەوانەیە ئێستا گەشتبێتە شەقامی "کروثیرو"

**کارەکەر**: ئای چ گرفتێکە! خودایە... چ گرفتێکە!

**بدرو**: (ڕوی قسەکردنەکەی دەکاتە کارەکەرەکە) توخوا کچەکەم پێم بڵێ, خانمەکەت کوێرە؟

**کارەکەر**: نەخێر گەورەم... پێشتر.

**بدرو**: مەخسەدت چییە لە "پێشتر"؟

**کارەکەر**: مەخسەدم ئەوەیە ئەو ئێستا دەبینێ.

**ئۆخینیا**: دەبینێ!؟ چۆن؟ مەخسەدت چییە لەوەی کە ئێستا دەبینێ... چۆن؟

**کارەکەر**: بەڵێ, دەبینێ.

**خوان**: بڵێ چۆن دەبینێ؟

**کارەکەر**: خانمەکەم کوێر بوو, هەر بەکوێری لە دایك بووە, نزیکەی ساڵێك دەبێ شوی بە گەورەکەم کردووە, مانگێك لەمەوپێش دکتۆرەکە هاتەوە بۆلای و وتی دەکرێ بینینی بۆ بگەڕێتەوە, نەشتەرگەرییەکی بۆ ئەنجامدا و ئیدی بینینی بۆ گەڕایەوە... ئێستاش دەبینێ.

**ئۆخینیا**: بەمەم نەزانیوە.

**کارەکەر**:ئەو جارێ فێری ئەوە دەبێت چۆن ببینێ, جارێ فێری ناسینی شتەکان دەبێت, بە چاوبەستنەوە هەست بە شتەکان دەکات, لەپاشان چاوی دەکاتەوە, جارێکی دیکەش بە چاوبەستنەوە



هەستیان پێدەکات, لە پاشان تەماشایان دەکات. دکتۆرەکە فەرمانی پێکردووە لە ئێستادا نەچێتە سەر شەقام تا بە جوانی شارەزای ماڵەکان دەبێت و, بە تەنهاش نەڕواتە دەرەوە. پێش کەمێك یەکێك هات و پێی وت کەوا باوکی نەخۆشە و لە حاڵەتێکی مەترسیداردایە, خەریکە دەمرێت, پێی وتم بچم لەگەڵی, بەڵام نەڕۆشتم و هەوڵمدا نەهێڵم بچێتە دەرەوە, , کەچی ئەو هەر مکوڕبوو لەسەر ئەوەی بیبینێت و, ئیدی ڕایکرد. ئای چ کارەساتێکە!

**خوان**: (ڕوی قسەکردنەکەی دەکاتە بدرو) ئێستا نهێنی چاوبەستنەکەی تێدەگەم. ئەو خۆی لە جیهانێك ڕاهێناوە کە بینینی تێدانییە و, بۆگەشتن بە باوکیشی هیچ ڕێگایەك نازانێت تەنیا ڕێگای زوڵمەت نەبێت. ڕاستی کرد کەوتی ئەو چاوی دەبەستێ بۆ ئەوەی ڕێگاکە بەباشی ببینێ... ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ بابەتەکەی خۆمان: وەهم و هەقیقەتی پاك و بێگەرد, بۆ بابەتی عەقڵ و ئیمان.

(دەڕۆن)

**بدرو**: (بەدەم ڕۆشتنەوە) هاوڕێکەم هەرچۆنێك بێت, هەرچۆنێك بێت...

(دەنگیان کز دەبێت)

**ئۆخینیا**: ئای لەم بابەتە سەیروسەمەرەیەی کە ئەم دوو بەڕێزە باسی لێوەدەکەن! بەڵام پێم بڵێ... پاش ئەوە چی بوو؟

**کارەکەر**: نازانم, گەورەکەم کە لە دیدەنی باپیری هاتەدەرەوە, لەو باوەڕەدام ئەمجارەیان چاك نابێتەوە, فەرمانی پێکردم کەوا

www.pertwk.com

نەخۆشییەکەی باوکی ماریا بە ماریا نەڵێم, کەچی نازانم چۆن پێیزانی.

**ئۆخینیا**: تۆ دەڵێی ئێستا ئەو دەبینێ؟

**کارەکەر**: بەڵێ دەبینێ.

**ئۆخینیا**: کێ چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد!؟ من هەر لەمنداڵییەوە ناسیومە کەوا نابینایە... بەسەزمانە, سوبحانەڵلا, ئای لە ئێمەی ئادەمیزاد... کەس نازانێ کەچی ڕوودەدات. بەڵام توخوا پێم بڵێ, کە چاوی چاك بووەوە داوای چی کرد؟

**کارەکەر**: هەر کە بەنجەکە بەریدا, داوای ئاوێنەیەکی کرد.

**ئۆخینیا**: ئاساییە.

**کارەکەر**: بەگیلو وێڵی لە ئاوێنەکە ڕادەما, کاتێ گوێی لە دەنگی کۆرپەکەی بوو, ئاوڕی لێدایەوەو تەماشای دەکرد و دەستی لێدەدا.

**ئۆخینیا**: زانی کەوا کۆرپەیەکی بووە.

**کارەکەر**: کۆرپەیێکی ئێسکسووك, یەکسەر دوای پاکبونەوەی لە بارودۆخی منداڵبون, بینینی بۆ گەڕایەوە, ئاه چەند سەرسام بوو کاتێ بۆیەکەم جار بینی منداڵەکەی دەگری, ماوەیەکی درێژ تەماشای کرد... درێژ... لە پاشان گریا و... پرسی... ئائەمە کوڕەکەمە؟ ئائەمە... ئەوە؟ کەوتە شیرپێدان و دەستپیاهێنانی چاوی دەنوقاند و دەستی پێدادەهێنا, لە پاشان چاوی دەکردەوە و لێیڕادەما و ماچی دەکرد... چاوی دەبڕیە چاوی



بۆئەوەی بزانێ ئاخۆ دەیبینێ... پرسیاری لێدەکرد, دەمبینی؟ حەیاتەکەم دەمبینی؟

**ئۆخینیا**: ئاه چەند بەسەزمانە! شایەنی ئەوەیە چاوی چاك بێتەوە, بەڵێ شایەنیەتی, زۆرێك لە ژنانی نەزان و تێنەگەشتو هەن, گەربێت و هیچ نەبینن, ئەوا مرۆڤایەتی هیچی لەکیس ناچێت. بەڵام خانمەکەی تۆ باشە, جوانە, سوبحانەڵڵا.

**کارەکەر**: کەس لەو باشتر نییە.

**ئۆخینیا**: خوا بیپارێزێ... تا ئێستا نەی بینیوە؟

**کارەکەر**: مەخسەدت باوکییەتی[*]؟ نەیبینیوە... بەڵام منداڵەکەیان برد بۆئەوەی باپیری بیبینێت, کاتێ هێنایانەوە دەستی کرد بە ماچکردن و لێپرسینی... بینیت, من نەمبینیوە... هەرگیز باوکم نەبینیوە!!

**ئۆخینیا**: ئای لەو شتە سەیرانەی لە جیهاندا ڕوودەدەن... بەڵام کچم ئێمە هیچ دەسەلاتێکمان نییە... تەنیا ئەوەنەبێت وازیلێبێنین.

**کارەکەر**: ڕاستەکەی, بەڵام من ئێستا چی بکەم؟

**ئۆخینیا**: هیچ چارە و دەسەلاتێکمان نییە.

**کارەکەر**: ڕاستەکەی.

**ئۆخینیا**: کچەکەم ئای چ جیهانێکە... چ جیهانێکە.

www.pertwk.com

## دیمەنی دووەم

**(لەنێو ماڵی خێزانێکدا کە سەر بە چینی ناوەڕاستە)**

**باوك**: دوا دوایمە, هەستەکەم ژیان لێم دووردەکەوێتەوە... بەشی خۆم ژیاوم, لەمڕۆوە چتر باری سەرشانتان قورس ناکەم.

**مارتا**: کێ دەڵێ تۆ باری سەرشانمان قورس دەکەی؟ واز لەمە بێنە, هەندێك پێیان وایە کە...

**باوك**: ئێستا تەندروستیم کەمەکێك باشترە... گەرچی ناوناوە بێ ئەوەی ئاگاداربم نۆبەکەم بۆدێتەوە, تا لە یەکێکیاندا...

**ماریا**: بابە دوای هەر ناخۆشییەك خۆشی دێت.

**باوك**: وادەڵێن... بەڵام کچەکەم ئەم قسەیە تەنیا لەنێو زاردا دەمێنێتەوە, مرۆڤ چەند بژی ئەوەندە قسە دادەهێنێت. گرنگ ئەوەیە من بە دڵنیاییەوە سەردەنێمەوە, چونکە دەتانبینم لەدەوروبەرم جێگیربون و مارییاکەم کە کوێرییەکەی دڕکێك بوو دەچەقییە دڵم, ئەوەتا پێش ئەوەی بمرم بینینی بۆ گەڕاوەتەوە, ئێستا ئیدی بە ئاسودەیی سەردەنێمەوە.

**مارتا**: (قاپێ شۆربای دەداتێ) هابابە, ئەم شۆربایە بۆتۆ, تۆ ئەمڕۆ بێهێز دیاری.

**باوك**: کچەکەم بێهێزییەکەم شۆربایەك چاکی ناکاتەوە, لاوازیم دەوای نییە, لەگەڵ ئەوەشدا بێنە, نارەحەتت ناکەم, (شۆرباکەی لێوەردەگرێ)... سودی نییە.



**مارتا**: سودی نییە؟ ئەوەی بەخەیاڵتا دێت و دەچێت تەنیا وەهمە... باوکە تەنیا وەهمە, هیچت نییە تەنیا هەندێ بێتاقەتی نەبێت, دکتۆرەکە وتی باشبونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە.

**باوك**: بەڵێ, قسەکەت بە جێیە... دکتۆرەکە وتی. تۆ و دکتۆرەکە هەوڵی هیچ نادەن تەنیا خڵەتاندنم نەبێت. من دەزانم ئێوە بە نییەتێکی پاکەوە ئەمە دەکەن, بەزەیتان پێمادێتەوە, کچەکەم, خڵەتاندن و فێڵکردن لەبەردەم هەشتا ساڵەی تەمەنمدا هەرەسدەهێنن.

**مارتا**: هەشتا ساڵ...! خەڵکانێك هەیە دەگەنە سەد.

**باوك**: هەشە لە بیست ساڵیدا دەمرێت.

**مارتا**: باوکە کێ لە ئێمە باسی مردنی کردووە؟

**باوك**: کچەکەم من, من باس لەمردنم دەکەم.

**مارتا**: با پشت بە عەقڵ ببەستین.

**باوك**: بەڵێ, تێدەگەم مەبەستت چییە... ئەی کوا مێردەکەت؟

**مارتا**: ئەو ئەمڕۆ لە کێڵگەکەدا ئیشدەکات, لەبەرەبەیانەوە چوەتە دەرێ.

**باوك**: ئایا ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە؟

**مارتا**: ئەمڕۆ؟ بڕواناکەم, کاروبارێکی زۆری هەیە, چەند ڕۆژێ بەئیشکردنەوە سەرقاڵ دەبێت.

**باوك**: ئەی گەر نەمبینی؟

**مارتا**: هیچمان لەدەست نایە بیکەین... ئەو لە پێناوی پەیداکردنی بژێوی ژیانماندا ئیشدەکات.

**باوك**: ئەی ناتوانی بڵێی: منداڵەکانمان دەژیەنێت.

www.pertwk.com

**مارتا**: باوکە گلەیم لێدەکەی؟

**باوك**: گلەیی؟ نا...نا.

**مارتا**: بەڵێ, قسەکانت هەموو کاتێ ئەوەم پێدەڵێن کەوا ئێمە بێبەش بوین لە منداڵ, دەبوایە ئەمە دڵخۆشت بکات.

**باوك**: دڵخۆش؟ بۆچی؟... مارتا بۆچی؟

**مارتا**: چونکە من بەوە خۆم بۆ چاودێریکردن و ئاگابون لە تۆتەرخان دەکەم.

**باوك**: من باوکی تۆم, ئێستا کوڕی تۆم... من دووبارە منداڵی خۆم دەژیمەوە... ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر منداڵ دەبمەوە, بەم نزیکانە دەگەڕێمەوە بۆناو مناڵدان.

**مارتا**: (ماچی دەکات) باوکە لەسەرخۆبە... واز لەوە بێنە کە بیری لێدەکەیتەوە.

**باوك**: ئەم بیرکردنەوەیە وایلێکردم لەنێو خەڵکیدا نامۆ بم... بەڵام کچەکەم تۆ ژیر و تێگەشتوی, باوەڕم پێبکە, سەرزەنشت کردنت بۆ من.. دڵتەنگم ناکات.

**مارتا**: من.. سەرزەنشت؟ باوکە, من سەرزەنشتت ناکەم..

**باوك**: بەڵێ کچەکەم, بەڵێ.. گەرچی ڕێزم لێدەگری, بەڵام تۆ وا مامەڵەم لەگەڵ دەکەی وەك ئەوەی من منداڵێك بم و حەزو ئارەزوە هەنوکەییەکانی بیهێنێ و بیبات, ئەمە سروشتیە. منیش هەمان ڕێگام لەگەڵ باوکمدا گرتەبەر, خودا دەست بە باڵتەوە بگرێ و, منداڵتان پێببەخشێ, گەر لەوەدا خێرو خۆشی ئێوەی تیابێت.



هەست بە دڵتەنگی و خەفەت دەکەم کە دەمرم و نەوەیەکم لێ نەبینیت.

**مارتا**: ها کچەزاکەت, کوڕی ماریای خوشکم.

**باوك**: کوڕەکەم... ئای چ منداڵێکی ڕوخسار گەشاوەیە, گوڵێکی ناسکە, چاوەکانی لە چاوی دایکی دەچێت, چاوەکانم, ئایا ئەو دەبینێ... بەڕاستی دەبینێ؟... وانییە؟

**مارتا**: بەڵێ دەبینێ... پێدەچێت ببینێ...

**باوك**: پێدەچێ...؟

**مارتا**: ئاخر هێشتا بچوکە.

**باوك**: ئەو ئێستا دەبینێ, دەبینێ, ماریاکەم دەبینێ, سوپاس بۆ خوا... سوپاس بۆ تۆ, ماریاکەم دەبینێ, من هیوا بڕاو بوم, هیچ هیوایەکم نەبوو... مرۆڤ نابێ هەرگیز نائومێد بێت... هەرگیز.

**مارتا**: حاڵەتی (ماریا) ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باشتر دەبێ, زانست پەرجوەکان دروستدەکات.

**باوك**: دروستکەری پەرجوی هەمیشەیی خودایە.

**مارتا**: ویستی بێت بۆ ئەوەی بتبینێت, بەڵام...

**باوك**: دەمەوێ بێت... با یەکسەر بێت... هەرئێستا, حەزدەکەم بیبینم و بمبینێ, وەك ئەوەی دەیبینم بمبینێ, پێش ئەوەی بمرم, دەمەوێ کچە نابیناکەم, بۆ یەکەمجار و لەوانەیە بۆ دواجاریش بێت بمبینێ.

www.pertwk.com

**مارتا**: باوکە, لەوانەیە ئێستا نەتوانیت ئەوە بکەیت, کاتێ تەندروستیت باشتر دەبێت ئەودەمە دەیبینیت.

**باوك**: تەندروستی کێ؟ من؟ کاتێ تەندروستی من باش دەبێ؟

**مارتا**: بەڵێ, کاتێکیش ئەو دەتوانێ لەماڵەوە بێتە دەرێ.

**باوك**: بۆ ئەو ناتوانێ لەماڵەوە بێتەدەرێ؟

**مارتا**: نەخێر, ئێستا ناتوانێت, دکتۆر هاتنەدەرەوەی لێقەدەغەکردووە.

**باوك**: دکتۆر.. دکتۆر... هەموو کاتێ هەر دکتۆر... دەمەوێ بێت, مادام من بۆ چرکەیەکیش بێت کچەزاکەمم بینی, حەزیشدەکەم پێش ئەوەی بمرم ماریا بەو دوو چاوە جوانەی بمبینێ.

(خۆسیە دێتە ژوورێ)

**باوك**: بەخێربێیت خۆسیە... ئەی ژنەکەت؟

**خۆسیە**: ماریا, ناتوانێ بێت, لەماوەی چەند ڕۆژێکی تردا دەیهێنم بۆلات.

**باوك**: لەماوەی چەند ڕۆژێکدا دەمرم.

**مارتا**: (ڕوی قسەکردنەکەی دەکاتە خۆسیە) وازی لێبێنە, ئەو خولیای مردن سەرتاپای داگیرکردووە.

**باوك**: خولیا...!؟

**خۆسیە**: (لێدانی دڵی دەگرێ) ئەمڕۆ لێدانی دڵت باشترە.

**مارتا**: (بە دەنگێکی کز قسە بۆ خۆسیە دەکات) پێویستە دڵنەوایی بکەین.

**خۆسیە**: بەڵێ, با بێ ئەوەی پێی بزانێ بمرێ.

**مارتا**: ئەمەش مردن نییە.



**باوك**: خۆسیە... منداڵەکە تەندروستی چۆنە؟

**خۆسیە**: باشە..

**باوك**: کچەزاکەم!... ماریا دڵخۆشە بە بینینی منداڵەکەی.

**خۆسیە**: دەتوانی بیهێنیتە بەرچاوی خۆت کە ئەو دڵخۆشە بە بینینی منداڵەکەی.

**باوك**: با جارێکی تریش بۆم بێننەوە, هەر ئێستا, دەمەوێ بیبینم, ئەو گەنجییەتیم بۆ دەگەڕێنێتەوە... گەر بیگرمە باوەشم لەوانەیە ماوەیەکی درێژتر بەرگە بگرم.

**خۆسیە**: ناتوانین ماوەیەکی درێژ لە دایکی دووریخەینەوە.

**باوك**: کەواتە با دایکی بۆم بێنێت.

**خۆسیە**: دایکی؟

**باوك**: بەڵێ, دایکی, با منداڵەکە بێنێت, دەمەوێ ببینم کە چاوی چاکبوەتەوەو, پێکەوە بمبینن.

**خۆسیە**: بەڵام ماریا...

(جارێکی تر باوکەکە نۆبەکەی بۆ دێتەوە)

**خۆسیە**: (ڕوی قسەکردنەکەی دەکاتە مارتا) ئێستا حاڵێ چۆنە؟

**مارتا**: تابلێی خراپە, دڵیەتی.

**خۆسیە**: دەڵێ؟ بەوەی پێی ژیاوە, دەمرێ چونکە ژیاوە.

**مارتا**: وەك دەبینی ناوناوە نۆبەکەی لێدێتەوە, بەزوویش دێتەوە سەرخۆی, هێمن دەبێتەوە, قسە دەکات و, مەسەلەکان باش

هەڵدەسەنگێنێ... دکتۆرەکە دەڵێ لە کاتێکدا دەمرێ کە پێشبینی ناکرێ، بۆیە دەبێ لە هەموو هەڵچونێکی بەهێز دووریخەینەوە، هەربۆیە نابێ ژنەکەت بێت، چونکە هاتنی مانای مردنیەتی.

**خۆسیە**: بێگومان نابێت بێت.

**باوك**: بەڵام، من دەمەوێ بێت.

(ماریا بەچاوبەستراوییەوە دێـە ژورێ)

**خۆسیە**: ماریا! ئەوە چیتە؟

**مارتا**: خوشکەکەم دەڵێی شێت بوویت؟

(هەولدەدا ڕایوەستێنێ)

**ماریا**: مارتا وازم لێبێنە.

**مارتا**: بۆچی هاتی؟

**ماریا**: بۆچی؟ مارتا تۆ لێمدەپرسی بۆچی؟ هاتم بۆ ئەوەی پێش ئەوەی باوکم بمرێت ببینم.

**مارتا**: ئاخر دەمرێت؟

**ماریا**: بەڵێ، دەزانم گەرا گەرای مەرگێتی، هەوڵمەدە بمخڵەتێنیت.

**مارتا**: من... بتخڵەتێنم؟

**ماریا**: بەڵێ تۆ، من لە هەقیقەت سڵ ناکەمەوە.

**مارتا**: مەبەست تۆ نیت، بەڵکو ئەوە، لەوانەیە ئەم هاتنەت ببێتە هۆی مردنی.

**ماریا**: گەر لەسەریەتی بمرێ، با لەگەڵ مندا بمرێ.



**مارتا**: بەڵام... ئەمە چییە؟ (ئاماژە بۆ ئەو پریاسکەیە دەکات کە چاوی پێبەستوە) دایکەنە.

**ماریا**: نا، نا، دایناکەنم، لێمگەڕێن، من دەزانم چی دەکەم.

**مارتا**: (بە چرپەوە) هیچ نەگۆڕاوە!

**باوك**: (هەست بە بونی ماریا دەکات) کێی لێیە؟ لەگەڵ کێ قسە دەکەن؟ ئەوە ماریایە؟ بەڵێ ئەوە ماریایە... ماریا...! ماریا! سوپاس بۆ خوا کەهاتیت.

(ماریا گۆچانەکەی فڕێدەدات و دەچێتە پێشێ، بێنەوەی پریاسکەکە لە چاوی بکاتەوە لەبەر پێی باوکیدا دەنوشتێتەوە، دەست بە باوکیدا دەهێنێ)

**ماریا**: باوکە... باوکە، ئائەوە منم... لەگەڵتام.

**باوك**: سوپاس بۆ خوا... کچەکەم! دواجار هەست بە ئاسودەیی دەکەم کەوا پێش مردنم بینیمیت... من خەریکە دەمرم.

**ماریا**: باوکە هێشتا ماوتە... ئەوەتا من لەگەڵتام.

**باوك**: نا خەریکە دەمرم.

**ماریا**: نەخێر... باوکە، بۆت نییە بمریت.

**باوك**: ئەوەی لە دایك بێت دەمرێ.

**ماریا**: نا... تۆ...نا.

**باوك**: بۆچی؟ مەگەر من لەدایك نەبوم؟ کچەکەم، تۆ لەدایکبونی منت نەبینیوە، لەدایك بوم و دەشمرم.

**ماریا**: باوکە نامەوێ بمریت.

**مارتا**: گەمژەییتان با بەسبێت. (ڕوی قسەکردنی دەکاتە خۆسیە) پێویستە سەبارەت بە مردن قسە نەکەین, بەتایبەتی لەبەردەم ئەوانەی خەریکن دەمرن.

**خۆسیە**: بەڵێ, بەبێدەنگی خۆمانی لێدەپارێزین.

**باوك**: (ڕوی قسەکردنی دەکاتە ماریا) کچەکەم نزیکبەرەوە, باش ناتبینم, دەمەوێ پێش ئەوەی بمرم بمبینی, دەمەوێ پێش مردنم, سەرخۆشی لێکردن و دڵدانەوەم بەوەبێ کە ئەو چاوە جوانانەت بمبینێ, بەڵام... ئەوە چییە؟ چیت لەسەر چاوت داناوە؟

**ماریا**: بەستومن بۆ ئەوەی ڕێگاکە ببینم.

**باوك**: بۆئەوەی ڕێگاکە ببینیت؟

**ماریا**: بەڵێ, چونکە شارەزای ڕێگاکە نەبووم.

**باوك**: (بە هێمنی) بەڕاستی, بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ ئێستا لەلای منی, لەخۆتی کەرەوە, لایبە! دەمەوێ چاوەکانت ببینم, بمبینی, بمناسی.

**ماریا**: بتناسم؟ من زۆرباش دەتناسم, زۆرباش, باوکە (دەستی پیادەهێنێ) ئەمە باوکمە, خۆیەتی, کەسێکی تر نییە, ئەو بوو کە ئەم چاوە کوێرانەمی ماچ باران کرد, ماچەکان, بە کەرەمی خوا بەرهەمی هەبوو, ئەوە باوکم بوو فێری کردم ئەوەی نابینرێ ببینم, باوکم کەرۆحی پڕکردم لە نوری خودا, (چاوی ماچدەکات) تۆ لەخۆم باشتر لەباتی من دەتبینی, چاوەکانت چاوی منیش بوون, (دەستی ماچدەکات) ئەم دەستە پیرۆزانەت, لە کوچە و کۆڵانە تاریکەکانی ژیاندا ڕێنماییان کردم, (دەمی ماچدەکات) لەم



دەمەوە وشەکان چونە دڵمەوە, ئەو وشانەی فێری ئەو شتانەیان کردم کە لە ژیاندا لێم شاردرابووەوە, باوکە دەتناسم, دەتناسم, دەتبینم, باش دەتبینم, بە دڵم دەتبینم... (دەستدەکاتە ملی) خۆیەتی, خۆیەتی, جگە لە باوکم کەسی تر نییە, خۆیەتی, خۆیەتی, خۆیەتی...

**خۆسیە**: ماریا!

**ماریا**: (دێتەوە سەرخۆی) چییە؟

**مارتا**: تۆ بەم هەڵچونەت زیانی پێدەگەیەنی.

**ماریا**: لێمانگەڕێن, بۆ لێناگەڕێن ئەوەندەی لە ژیان ماومانە لەزەتی لێوەرگرین؟ بۆ لێناگەڕێن بژین؟

**خۆسیە**: ئائەمەیە...

**ماریا**: بەڵێ, ئائەمەیە ژیان, (ئاوڕ بۆ باوکی دەداتەوە) ئەمە ژیانی باوکمە... ژیان...

**باوك**: بەڵێ, ئەمەیە ژیان, کچەکەم ڕاست دەکەیت.

**مارتا**: (دەرمانی دەداتێ) هانێ باوکە, کاتی دەرمان خواردنەکەتە.

**باوك**: دەرمان؟... بۆچی؟

**مارتا**: بۆ ئەوەی چاکت کاتەوە.

**باوك**: ئەمە (ئاماژە بۆ ماریا دەکات) دەرمانەکەمە, ماریا, کچەکەم, ڕۆحەکەم.

**مارتا**: ئەی کچەکەی دیکەت؟

**باوك**: مارتا تۆ بەچاوساغی لەدایك بوویت, نەکەی ئێرەیی پێببەیت.

www.pertwk.com

**مارتا**: (بەچرپەوە) بەڵێ, زانی چۆن سود لە کەساسییەکەی وەربگرێ.

**باوك**: ئەی گەلحۆ چرپە چرپی چیتە؟

**ماریا**: باوکە لۆمەی مەکە, مارتا باشە, گەر ئەو نەبوایە ئێمە چیمان بەسەردەهات؟ دەمانتوانی تەنیا بەقسەی خۆش و شیرین بژین؟ خوشکەکەم... (مارتا نزیکدەبێتەوە, دەستدەکەنە ملی یەکتر و یەکتری ماچدەکەن) مارتا, تۆ بەچاوساغی لەدایکبویت و خۆشیت لە ڕۆشنایی وەرگرتوە, لێمگەڕێ, من هیچ دڵدانەوە و خۆشیەکم نەبووە تەنیا سۆرز و بەزەیی باوکم نەبێت.

**مارتا**: ئەوەی دەیڵێیت ڕاستە.

**ماریا**: مارتا ئەی وانییە؟ پێویستە لەوە تێبگەیت کە تۆ دەبینیت.

**(بەسەریدا دەچەمێتەوە)**

**مارتا**: ڕاستەکەی, بەڵام...

**مارتا**: خوشکەکەم واز لە "بەڵام" بێنە, تۆ لە ئارەزومەندانی "بەڵام"یت, باوکم حاڵی چۆنە؟

**مارتا**: خەریکە دەمرێت.

**ماریا**: بەڵام...

**مارتا**: ئەم "بەڵام"ە سودی نییە, سات بەسات ژیان لێی دوردەکەوێتەوە.

**ماریا**: بەڵام دڵخۆشبونی بە چاکبونەوەی من و بە بینینی کچەزاکەی...! لەوبڕوایەدام...

**مارتا**: تۆ هەموو کاتێ باوەڕێکی بەهێزت بەخۆت هەبووە, شانازیت پێوەکردووە, ئەو دەمرێت, مردنیشی باشترە, چونکە ئەوە ژیان



نییە ئەوی تێدایە... ئەو گرفتارە و ئێمەش لەگەڵیا گرفتار بووین. مردن شتێکە کەس ناتوانێت خۆی لێدەرباز بکات, گرنگ ئەوەیە گرفتار نەبیت.

**ماریا**: تۆ هەموو دەمێ ژیرو تێگەشتوی.

**مارتا**: واز لەمە بێنە, با ڕازیی بین بەوەی کە هەر دەبێ ببێت, (دەست دەکەنە ملی یەکتر) بەناوی خوا سوێندت دەدەم ئەم پەڕۆیە لە چاوت بکەرەوە.

**(هەوڵدەدا پەڕۆکە ماریا لادات)**

**ماریا**: نا...نا... لێمگەڕێ... خوشکەکەم با ڕازیبین بەمە.

**مارتا**: (ڕوی قسەکردنەکەی دەکاتە خۆسیە) هەموو کاتێ ئابەم شێوەیە مشتومڕەکەی نێوانمان کۆتایی دێت.

**خۆسیە**: تا سەرلەنوێ دەست پێبکەنەوە.

**مارتا**: ئەمە شێوازمانە لە خۆشەویسیماندا بۆیەکتری.

**باوك**: (بانگی ماریا دەکات) ماریا...! وەرەو ئەو چاوپێچەت لابەرە, دایماڵە... لەبەرچی داتناوە؟ ئایا ڕوناکی ئازارت دەدات؟

**ماریا**: پێم وتیت من چاوم بۆیە بەستوە تا ئەو ڕێگایە ببینم کە دەمگەیەنێ بە تۆ.

**باوك**: دایکەنە, دەمەوێ من ببینی نەك ڕێگاکە.

**ماریا**: من دەتبینم, ئەمە باوکمە و کەسێکی تر نییە, (باوکی هەوڵدەدا چاوپێچەکەی سەرچاوی لابەرێت, ماریاش ناهێڵێت) نا...نا...

www.pertwk.com

**باوك**: لێمگەڕێ لانی کەم چاوەکانت ببینم, ئەو جوتە چاوە جوانەی کە لە زوڵمەتدا مەلەیان دەکرد, ئەو جوتە چاوە جوانەی بەردەوام خۆم تیادەبینی بەبێ ئەوەی ئەوان من ببینن, چەند بەختەوەر بووم کە لێیان ڕادەمام و لێیانەوە تەماشای خۆم دەکرد و بەئازار و حەسرەتەوە دەمپرسی, ئەم هەموو جوانی و قەشەنگیە بۆ؟ مادام توانای بینینیان نییە!

**ماریا**: باوکە بۆئەوەی خۆت تیایاندا ببینیت, بۆئەوەی ببنە ئاوێنە بۆت, ئاوێنەی زیندوو.

**باوك**: کچەکەم, کچەکەم...کاتێ لە چاوە کوێرەکانتم دەڕوانی, فرمێسکێکی زۆرم هەڵدەڕشت, فرمێسکی تەسلیمبوون بە قەدەرەکان.

**ماریما**: باوکە دوای ئەوە فرمێسکەکانت منیان هێنایە گریان.

**باوك**: کچەکەم بەم فرمێسکانە سوێندت دەدەم... سوێندت دەدەم پێیان. ئێستا بە چاوەکانت تەماشام کە... دەمەوێ بمبینی.

**ماریا**: (دادێتەوە بەسەر قاچی باوکیدا) باوکە, بەڵام گەر بتبینم, گەر بتبینم...

**کارەکەر**: (بانگی دەکات) گەورەم...

**خۆسیە**: (وەڵامی دەداتەوە) چییە؟

**کارەکەر**: (دێتە ژورێ و منداڵەکەی هەڵگرتوە) وامزانی ئێوە چیتر ناگەڕێنەوە, کاتێ منداڵەکەش گریا هێنام... نوستوە.

**خۆسیە**: هەرباشە نوستوە... لێیگەڕێ.



**ماریا**: ئاه... منداڵەکە! بیهێنە.

**باوك**: منداڵەکە؟ بەڵێ, بیهێنە.

**مارتا**: بەڵام, توخوا...

(کارەکەرەکە بەمنداڵەکەوە دێتە پێشێ, ماریا وەریدەگرێ, ماچی دەکات و لەبەر دەمی باوکیدا دایدەنێ)

**ماریا**: باوکە ئا ئەوەتا.

(دەیخاتە باوەشییەوە)

**باوك**: کوڕەکەم... تەماشاکە چۆن لە خەونەکانیدا خەندە دایگرتوە, بەوەدەڵێن قسە لەگەڵ فریشتەدا دەکات... ئایادەبینێ, ماریا, دەبینێ؟

**ماریا**: باوکە بەڵێ دەبینێ.

**باوك**: خودایە, وەك چاوی تۆ وایە؟ هەمان چاوی تۆیە, پیشانمدە, بابیانکاتەوە.

**ماریا**: باوکە لێیگەڕێ با بخەوێ, پێویستە منداڵ لەخەو خەبەرنەکەینەوە, ئێستا لەنێو خۆشی بەهەشتایە... واباشترە بە نوستویی بمێنێتەوە.

**باوك**: بەڵام... تۆ چاوەکانت بکەرەوە, ئەمە داکەنە... تەماشام کە, دەمەوێ بمبینی... دەمەوێ ببینم کەتۆ دەمبینی... دایکەنە, لەوانەیە بمبینی, من هەستدەکەم تۆ نامبینی, دەمەوێ ببینم کەتۆ دەمبینی.

www.pertwk.com

**مارتـا**: بەسە... ئەمە دوا هیوایەتی... پێویستە چاوەکانت بۆ باوکت بکەیتەوە, (چاوپێچەکە لادەبات) خوشکەکەم ئائەوە باوکمانە...

**ماریا**: باوکە...

(بە حەپەساوییەوە تەماشای دەکات, چاوی هەڵدەگلۆفی, دایدەخات, باوکەکەشی هەمان شت دەکات).

**خۆسیە**: (بۆ مارتا) هەستدەکەم هەڵچونەکە زۆر لەوە بەهێزترە بتوانێ بەرگەی بگرێت, دەترسم دڵێ بەرگە نەگرێت.

**مارتا**: هاتنی ژنەکەت شێتییە.

**خۆسیە**: تۆ کەمەکێك دڵڕەق بویت لەگەڵیدا.

**مارتا**: دبوایە وابومایە لەگەڵیدا.

**بـاوك**: (دەستی مارتا دەگرێ, لەپاشان دەستی بەردەبێتەوە سەر کورسییەکەی و دەمرێ, مارتا تەوێڵی ماچدەکات و فرمێسکەکانی چاوی خۆی دەسڕێ.. دوای کەمێك ماریا دەستەکەی تری دەگرێ و هەستدەکات کەوا دەستی ساردە)

**ماریـا**: ئاه... دەستی ساردە... ساردە... مرد... باوکە... باوکە... گوێی لێم نییە... نامبینێ... باوکە... کوڕەکەم... ئەوەتام... مەگری... باوکە... چاوپێچ... چاوپێچەکەم کوا!... نا... نامەوێ هەرگیز بەچاوەکانم بیبینم.

**پەردە دادەدرێتەوە.**